دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە:٥٤١

www. kurdistanukurd.com

یەکشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٩ ـ ٢٢ ی ئاگوستی ٢٠١٠ ١٥٠ تمەن • ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان


### «خالید عەزیزی» لە وتارێکدا بە بۆنەی ٣١مین ساڵڕۆژی دەست پێکردنی شەڕی کوردستان:

# شەڕی کوردستان، شەڕی دێموکراسی بوو کە نەیارانی دێموکراسی بە سەر کوردیاندا سەپاند



کوردستان ـ بەشی سیاسی: خالید عەزیزی،سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «ئەو وانەیەی کە دەبێ لە شەڕی کوردستانەوە فێری ببین» بە بۆنەی ٣١مین ساڵڕۆژی دەست پێکردنی شەڕی کوردستانەوە وێڕای خستنە رووی کۆمەڵێک پرسیار لەو پێوەندییەدا رایگەیاندوە کە شەڕی کوردستان، شەڕی دیموکراسی بوو کە نەیارانی دیموکراسی بە سەر خەڵکی کورددا سەپاندیان.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات لەم وتارەدا کە رووی قسەی لە خەڵکی غەیرە کوردی ئێرانە وێڕای ئاماژە بەوە کە ئاسەوارە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و دەروونییەکانی شەڕی کوردستان هێشتا ماون لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم بابەتە کاریگەری لە سەر پێوەندی نێوان کورد و ئێرانییەکان داناوە.

عەزیزی لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا بۆ پێش گرتن لە دووپاتبوونەوەی رووداوی لەو چەشنە ئەو پێشنیارە دەخاتە روو کە کە رێز لە ئیرادەی گشتیی کۆمەڵانی خەڵک و لایەنە پێکهێنەرەکانی ئێران بگیردرێ و بەو جۆرە پێناسە بکرێن کە بۆ خۆیان دەیانەوێ و ماف و داخوازییەکانیان بەو شێوەی کە دەیانەوێ بە فەرمی بناسرێن.

دەقی ئەم وتارە لە لاپەڕەی ٦دا بخوێنەوە.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی شەست وپێنجەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبەوە

**هاونیشتمانانی بەرێز!**
**تێکۆشەران! ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

ئەمرۆ ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٩(١٦ی ئاگۆستی٢٠١٠) شەست وپێنجەمین ساڵرۆژی یەکێک لە رووداوە پرشنگدارەکانی مێژووی نەتەوەی کوردە. رووداوێک کە بوو بە سەرەتایەک بۆ گورانێکی بنەڕەتی لە بزووتنەوەیی کورد داو لەو رێگەیەشەوە بووە هۆی سەرهەلدانی خەبات وتێکۆشانی حیزبی و رێبەری کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە لایەن حیزبی سیاسییەوە. ٦٥ ساڵ لەمەوبەر لە رۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی دا بە هەوڵ وهیمەتی کۆمەڵێک لە سیاسەتوانان و رووناکبیرانی کورد کە قازی محەممەد لە پێشەوەیان بوو، بە خویندنەوە وتێگەیشتنێکی سەردەمیانە لە بارودۆخی سیاسیی جیهانی ئەو دەم و بۆ شوێندانان لەسەر رەوتی رووداوەکان و کەلک وەرگرتن لەو دەرفەتە تایبەتییەی کە بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکانی ناوچە و بە تایبەت بۆ نەتەوەی کورد هاتبووە پێش ، حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو گەورەترین کێشەی جیهاندا، لە هەلومەرجێکدا پێی نایە مەیدانی خەبات کە بەرەی فاشیزم بەرەو تێکشکانی یەکجاری دەرۆیشت و پەیامی ئازادی ودێموکراسی لە ئاکامی سەرکەوتنی هێزە هاوپەیمانەکانەوە هەموو سنوورەکانی بەزاند بوو. هاوسنووریی کوردستان لەگەل گەورەترین ولاتی سۆسیالیستی و سەرکەوتنی ئەم وڵاتە لە تەواوی بەرەکانی شەر دا و پەیامی دۆستایەتی و پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ گەلانی زولملێکراو ئەو دەرفەتە مێژووییەی خولقاند بوو کە، پێشرەوانی کورد دەبوو بە قازانجی بزووتنەوەی کوردو بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد هەولی قۆستنەوەی بدەن.

لەو هەلومەرجە دا، راگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسیی مودێرن و بە بەرنامەییەکی روونەوە کە داخوازە بنەرەتییەکانی گەلی کوردی تێدا گونجا بوو، ولامدانەوەیەکی پێویست بوو بە چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان کە دەبوو بۆ رێبەری کردن و پەراندنەوەیان لە گۆماوی لێڵی ئاکامەکانی شەڕی جیهانیداو گەیاندنیان بە ئامانج و ئارەزووەکانیان، حیزبێک و رێبەرییەکی بەرچاوڕوون و شارەزا لە گەمە سیاسییەکان، پێشرەویان بێ.

لاپەڕە ٣

## ئەمریکا لە هەوڵ دایە هەشت وڵاتی دیکە پشتیوانی لە گەمارۆکانی سەر ئێران بکەن

کوردستان: بە پێی راپۆرتێکی ئاژانسی هەواڵی فەرەنسە، ئەمریکا رایگەیاندوە کە ماوەی سێ هەفتەیە ئەو وڵاتە لە هەوڵ دایە کە هەشت وڵاتی دیکە قایل بکا تا پشتیوانی لە بەرنامەی گەمارۆکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا بۆ سەر ئێران بکەن.

بە پێی ئەم راپۆرتە وڵاتانی برێزیل، بەحرەین، ژاپۆن، کۆریای باشوور، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، تورکیە، لوبنان و ئیکوادۆر لەو وڵاتانەن کە ئەمریکا هەوڵ دەدا قایلیان بکا تا ئەوانیش بە گەمارۆکانی سەر ئێران پابەند بن.

ئێستوارت لۆی رێکخەری ئەمریکا بۆ بەرنامەی گەمارۆکانی سەر ئێران لەم پێوەندییەدا رایگەیاند کە ئەو وڵاتانەیان وریا کردۆتەوە کە دەبێ بە جۆرێک هەڵسووکەوت بکەن کە ئێران نەتوانێ بۆ خۆ پاراستن لە کاریگەری گەمارۆکان کەڵک لە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە وەربگرێ.




هەروەها ئەمریکا بانکەکانی ئەو وڵاتانەی ئاگادار کردۆتەوە کە ئەگەر بێتو پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی رانەگرن، ئەوا لە دست پێڕاگەیشتن بە سیستمی ماڵی ئەمریکا بێ بەش دەکرێن.

جێی وەبیرهێنانەوەیە بە پێی بەرنامەی تەحریمەکانی ئەمریکا، ئەو کۆمپانیایانەی کە لەگەڵ ئێران دا دەکەونە مامەڵەوە ئەوا مافی کارکردنیان لە بازاڕی ئەمریکادا نییە.

### ئەحمەدی نژاد:

## ئەگەر هێرش بکرێتە سەر ئێران، هەموو جیهان دەخەینە مەترسییەوە

کوردستان: «مەحموود ئەحمەدی نژاد» رۆژی هەینی رابردوو لە وتووێژێک دا لەگەڵ رۆژنامەی «الشرق» چاپی قەتەر رایگەیاند کە ئەگەر بێتو ئەمریکا یان ئیسراییل هێرش بکەنە سەر ئێران، ئەوا ئەوان دەستەوەستاو نابن و هەموو جیهان دەخەنە مەترسییەوە.

سەرکۆماری ئێران لەو وتووێژەدا ئەگەری هێرشی نیزامی دەرەکی بۆ سەر ئێران بە لاواز دەزانێ و دەڵێ «ئەمریکا و ئیسراییل خۆیان باش دەزانن کە لە ئەگەری هێرش بۆ سەر ئێران، تاران زۆر بە توندی وڵامی هێرشەکانیان دەداتەوە». ئەحمەدی نژاد هەروەها لە درێژەدا جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە لە وەها حاڵەتێکدا کۆماری ئیسلامی دەستەوەستان نابێ و هەموو جیهان دەخاتە مەترسییەوە.

ئەم لێدوانە هەڕەشە ئامێزەی ئەحمەدی نژاد بە دوای قسەکانی چەند رۆژ پێشووی خامنەیی دادێ کە هەر لەم پێوەندییەدا رایگەیاندبوو کە بەرکانی شەڕی ئێران لەگەڵ نەیارانی لە



چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران دا بەرتەسک نابێتەوەو بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی نەیار لە هەموو شوێنێک دەکەینە ئامانجی هێرشەکانمان.

شایانی باسە ماوەیەکە بابەتی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لە میدیاکاندا گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێ و لە دوایین لێدوانی بەرپرسانی ئەمریکایی لەم پێوەندییەدا «مایکڵ مۆڵن»، سەرۆکی ستادی هاوبەشی ئەرتەشی ئەمریکا ئاشکرای کرد پلانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران دارشتوە.

## مانگرتنی شۆفیر تاکسییەکانی خەتی سنە _ مەریوان

کوردستان: شۆفیر تاکسییەکانی خەتی سنە _ مەریوان بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆیان دژی کردەوەکانی حکوومەت دەستیان داوەتە مانگرتن.

بە پێی ئەو زانیارییانەی لەم بارەوە بڵاو کراونەتەوە، هۆکاری ئەم مانگرتنە بۆ بەشداری هێندێک لەو شۆفێر تاکسییانەی کە لە لایەن ئیتلاعاتەوە بۆ کار کردن لەو رێگایە دانراون.

بەپێی هەواڵی «سنە نیوز» مانگرتنی ئەم شۆفێر تاکسییانە ناڕەزایەتی دەربڕینە دژی پیلانەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان کە شۆفێرێکی لە دەست و پێوەندییەکانی خۆی لە نێو شۆفێرە کاسبکارەکانی نێوان جادەی مەریوان ـ سنە داناوە، بۆیە ئێستا هیچ مسافرێک بەرەو شارەکان نابەن.

بە پێی ئەم هەواڵە ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان تا ئێستا سێ کەس لە مانگرتووانی




دەستبەسەر کردوەو شۆفێرە مانگرتووەکانیش، وێڕای درێژەدان بە مانگرتنەکەیان خوازاری ئازاد کردنی ئەو سێ کەسەن.

جێی ئاماژە پێدانە کە ئەم شۆفێرە مانگرتووانە خوازیاری ئەوەن کە هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکان دەستێوەردانی کاروباریان نەکەن و دەست و پێوەندییەکانیان لەوێ نەخەنە کار و ئیزن بدەن کاسبی خۆیان بکەن.

## حامێد ئومێدی سزای سێ ساڵ زیندان و بێ بەشکردن لە خوێندنی بۆ بڕایەوە

کوردستان: «حامێد ئومێدی» خوێندکاری تێکنۆلۆژی فێرکاری زانکۆی عەلامە، سزای سێ ساڵ زیندان و بێ بەشکردنی لە خوێندن بۆ هەمیشە بە سەردا سەپا.

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری «هێرانا» ئەم خوێندکارە کوردە ساڵی رابردوو لە ئاکامی ناڕەزایەتی دەربڕین دژی لە سێدارەدانی «ئێحسان فەتاحیان» دەستگیر کراوەو تۆمەتی بەشداری لە مانگرتنی نایاسایی و چالاکی دژی ئاسایشی نەتەوەیی دراوەتە پاڵ.

پارێزەری ناوبراو وێڕای بە ناڕەوا زانینی ئەم بڕیارە، رایگەیاندوە کە دادوەر بە پێی ماددەی ٦١٠ یاسای سزای ئیسلامی و بە پشت بە ستن بە ڤیدۆیەک کە تێدا حامێد لە ریزی پێشەوە مانگرتووانە و وێنەی ئێحسانی بە دەستەوەیە، سەرەڕای سەپاندنی سزای



سێ ساڵ زیندان بۆ هەمیشە ناوبراویان لە درێژەدان بە خوێندن بێ بەش کردوە.

حامێد ئومێدی خەڵکی تیکابە و رۆژی ٢١ی رێبەندانی ساڵی رابردوو دەستگیر کراوەو ئێستاش لە بەندی ٢٠٩ی بەندیخانەی «ئێوین»ی تاران دایە.

## حیزبی دێموکراتی کوردستان یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی کردەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رێوڕەسمیکی بە شکۆدا یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی خۆی کردەوە.

لەو رێوڕەسمەدا کە دوانیوەڕۆی رۆژی سێشەممە، ٢٦ ی گەلاوێژ بە ئامادەبوونی زیاتر لە ٧٠٠ کادر و پیشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان, ٦٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ریزی لێ گیرا و لەو رێوڕەسمەدا بەڵین لە گەڵ دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکڕات بۆ بەردەوامی تا سەرکەوتن نوێ کرایەوە.

سەرەتای ئەو رێورەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب دەستی پێ کرد و پاشان کورتە فیلمێک لە سەر ٦٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانی حیزب پیشانی ئامادە بووان درا.

دواتر بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەوە وتارێکی پێشکێش کرد. کە دەقی وتارەکەی لەم ژمارەیەی کوردستاندایە.

خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی خوێندکارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمە بوو.

بەشی دووهەمی ئەو رێوڕەسمە کە لە چەند بڕگەیەکی هونەری پێک هاتبوو بریتی بوون لە:

– پێشکێشکردنی سروودی گەلاوێژ لە لایەن کۆرسی



کۆڕی هونەریی حیزبەوە

– پیشکێشکردنی سێ سروودی شۆڕشگێری لە لایەن هونەرمەند لالۆ رەنجدەر بە هاوکاریی کۆڕی کۆڕی هونەریی حیزب

– خوێندنەوەی پەخشانە شێعرێک لە لایەن مامۆستا بێبەش

– دوو گۆرانیی لە لایەن عیرفان بەهمەنی و جەلیل ئەحمەدیەو رێوڕەسمەکە بە هەڵپەرکێی گرووپێک لە پێشمەرگەکان و لە نێو پێشوازیی گەرمی بەشداران دا کۆتایی پێ هات.

## فەڕانسە: یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرایەوە



کۆمیتەی فەرانسەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەرز راگرتنی یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژێرناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ٦٥ ساڵ خەبات، کۆنفرانسێکی بەڕێوە برد.

کۆنفرانسەکە دوانیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە ٢٤ ی گەلاوێژ بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب و میوانانی کورد و ئێرانی دەستی بە کارەکانی کرد.

کۆنفرانسەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب دەستی پێ کرد. دواتر پەیامی کۆمیتەی فەرانسە لە لایەن بەرپرسی کۆمیتە، جەمال پوورکەریمەوە خوێندرایەوە. نێوەرۆکی پەیامەکە ئاماژەیەک بوو بە بواره جۆراوجۆرەکانی خەباتی ٦٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

دواتر یوسف ئەردەڵان، کەسایەتیی سیاسی وتەیەکی سەبارەت بە پێکهاتە و ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژ. کاف وەک دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرد.

پاشان تاهیر نەخشین ئەندامی کۆنی حیزب وێڕای پیرۆزبایی ٢٥ی گەلاوێژ، یادێکی لە فەرماندەی بەوەجی حیزب شەهید عەلی کاشف پوور کردەوە که لە رۆژی ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٦٩دا لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە تورکیە تیرۆر کرا.

دوایین کەس کە لەم کۆنفرانسەدا بابەتی پێشکەش کرد، مەسعوود رەواندوست بوو. ناوبراو وتارێکی لەسەر خەباتی فەرهەنگی و کارە بەرچاو و بە نرخەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بوارە و لە ماوەی ٦٥ ساڵ تەمەنی ئەو حیزبەدا پێشکەش کرد. دوایین بەشی کۆنفرانسەکە پرسیار و بیروڕای بەشداربوان بوو کە لە لایەن جەماڵ پوورکەریم و مەسعوود رەواندوست وڵام درانەوە.

دوای ٢ کاتژمێر کۆنفرانس کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

## یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب لە کەلار کرایەوە

لە درێژەی رێورەسمەکانی یادکردنەوەی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حدک دا، لە شاری کەلاری باشووری کوردستان رێورەسمێکی تایبەتی بەو بۆنەیەوە بەڕێوە چوو.

ئەم رێورەسمە کە تێیدا جەلیل گادانی تێکۆشەری دێرین، کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی و چەند کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و هەروەها سەدان کەس لە ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان و ژمارەیەک میوان تێیدا بەشدار بوون لە لایەن کومیتەی گەرمیان و ناوەندی یەک و بەشی رێکخستنی ئاشکرای کومیسیۆنی سیاسی - نیزامی حدکەوە پێک هاتبوو.

رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی و پاراستنی بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدان دەستی پێکرد، دواتر پەیامی کومیتەکانی گەرمیانی رێکخستنی ئاشکرای حدک خوێندرایەوە.

پاشان کاک ئیقبال سەفەری ئەندامی کومیتەی ناوەندی بە نوێنەرایەتی لە لایەن دەفتەری سیاسیی حدکەوە بەم بۆنەیەوە قسەی بۆ بەشداران کرد.

سەفەری لە سەرەتای وتەکانی دا وێرای رێزگرتن لە یادی دامەزران و ٦٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە، ئاماژەی بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی بەر لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژ.ک و حدک کرد و پێی وابوو، دامەزرانی هەرکام لەم رێکخراوە سیاسییانە بۆ پێویستیی راوەستان لە بەرانبەر ئەو سیستەمە سیاسییانە دەگەڕایەوە کە بەگشتی لە هەموو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابوو، لە حاڵی سەقامگیربوون دا بوون.

ئەو ئەندامەی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە درێژەی وتەکانی دا باسی لەو گۆڕانکارییانە کرد کە بە قازانجی بزووتنەوەی نەتەوەیی شکاوەتەوە و لەم نێوەدا فاکتۆری وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی بە فاکتۆرێکی گرنگ دانا.

ئیقبال سەفەری لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا باسی لە بەرەوپێش چوون و سەنگی سیاسیی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا کرد و لەم پێوەندییەدا بەتایبەت باسی لە کاریگەریی دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان کرد. سەفەری لەمبارەیەوە گوتی ئەمڕۆکە کورد بۆتە فاکتۆرێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی ئەوتۆ کە ناکرێ حیسابی بۆ نەکرێ.

لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان دا سەفەری ئاماژەی بە بەردەوامی و گەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دەوری ئەم بزووتنەوەیە لە بزووتنەوەی



ئازادیخوازانەی سەرانسەری دا کرد و گوتی: ئەگەر لە پێشوودا تەنیا کورد دژی سیستمی کۆماری ئیسلامی راوەستابوو، ئەمڕۆ لە ئاستی سەرانسەری دا هاوپەیمانی بۆ پەیدابوە و بزووتنەوەی سەرانسەری دەتوانێ یارمەتیدەری بزووتنەوەی کوردستان بێ.

ئەندامی کومیتەی ناوەندی حدک لە درێژەی ئەم بەشە لە وتەکانی دا ئاماژەی بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری و سیاسەتی حدک لەم پێوەندییەدا کرد و گوتی: سیاسەتی حدک لەمبارەیەوە کە دەیەوێ بچێتە نێو ململانەکان و لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگرێ، سیاسەتێکی سەرکەوتوو بووە. ئەم سیاسەتە یارمەتیی بە گەورەبوونەوەی کەلێنی نێو دەسەڵاتداران و قوڵبوونەوەی قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی کردوە.

سەفەری لەبارەی هاوکاریی حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکان پێداگریی لەسەر سیاسەتی حدک واتە ئامادەیی بۆ هاوکاری و کاری هاوبەش لەگەڵ هەموو لایەنەکان کردوە. لەمبارەیەوە ئاماژەی بەوە کرد هەر هێزێک بۆ درووست کردنی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی بیانوو بێنێتەوە لە راستی دا خۆی تەریک دەخاتەوە.

دوای کۆتایی هاتنی وتەکانی ئیقبال سەفەری بەرنامەکانی رێورەسمەکە بەم شێوەیەی خوارەوە درێژەی کێشا:

- سروودی گەلاوێژ کۆرسی کۆڕی هونەری حدک - پەیامی پیرۆزبایی کومیتەی گەرمیانی حیزب - پەیامی پیرۆزبایی کومیتەی یەکیەتیی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە گەرمیان - پیرۆزبایی کومیتەی کەلاری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان - هەڵپەرکێی گرووپی ئاویەر - پارچە شێعرێک لە لایەن محەمەد محەممەدییەوە - سروودی مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات لە لایەن کۆڕی هونەریی حیزب

رێورەسمەکە بە هەڵپەرکێی گشتیی بەشداران کۆتایی هات.

## بەڕێوەچونی سمینارێک لە یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولیر

سمینارێک لە یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولیر، پێتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئێوارەی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ١٨ی گەلاویژ سمینارێکی تایبەت بە ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە ئاکادمیکەکانی باشووری کوردستان، نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی کوردستان، ئەندامانی رێبەری، کادرو پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان بەرێوەچوو.

لەم سمینارەدا کە لە ساڵۆنی سەنتەری ئاڵا دا بەڕێوەچوو، هەر یەک لە دوکتور عومەر نورەدینی ، دوکتور جەعفەر عەلی رەسول، ئەندامانی پارلمانی کوردستان و کاک سمایل بازیار، مامۆستا زانکۆو تێکۆشەری لەمێژینەی حیزبی دێموکرات باسیان پێشکەش کرد.

لە سەرەتای سمینارەکەدا دوکتور عومەر نورەدینی باسێکی لە ژێرناوی «خوێندنەوەیەک بۆ لەدایکبوونی حیزبی کوردیم، پێش دامەزران و دروست بوونی دەوڵەتی کوردی» پێشکەش کرد. ناوبراو لە سەرەتای باسەکەی دا باسی لە سێ دەرفەتی مێژوویی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا کرد کە کورد ویستوویەتی بە قازانجی پێکهێنانی کیانێکی سەربەخو کەڵکی لێ وەرگرێ بەڵام نەیتوانیوە.

سەردەمی پێکهێنانی کۆمەڵی گەلان، کۆتایی شەری جیهانیی دووهەم و هەرەسهێنانی سوڤییەت ئەو سێ دەرفەتە بوون کە دوکتور نورەدینی بە وردی باسی لێوە کردن.

لە بەشێکی دیکەی ئەم سمینارەدا دوکتور جەعفەر عەلی رەسوڵ، ئەندامی پارلمانی کوردستان لە پێوەندی «لە کۆمەڵەی ژێکافەوە تا کۆماری کوردستان – خوێندنەوەیەک بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی» قسەی بۆ بەشداربووان کرد.

لە سەرەتای باسەکەی دا کورتە ئاوڕیکی لە هەوڵی رەزاخانی پەهلەوی بۆ درووستکردنی نەتەوەی «ئێران» دایەوەو بە پشت بەستن بە ئەزموونی وڵاتانی فرەنەتەوە وتی کە ئەزموون نیشانی داوە کە لە وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرە ئایین و فرە ئێتنیک دا ناکرێ کار لە سەر دروستکردنی نەتەوەیەکی واحید بکرێ.









دوکتور جەعفەر عەلی رەسوڵ لە درێژەی باسەکەی دا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مودێڕنی کوردی لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەسنیشان کرد.

سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆ و تێکۆشەری دیرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێکی دیکە لە بەشدارانی باسەکانی ئەم سمینارەبوو کە باسێکی زانستیانەی لە ژێرناوی «کاریگەریی بیرو ئەندێشەکانی چەپ لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان»دا پێشکەش کرد.

سمایل بازیار لە سەرەتای باسەکەیدا کورتە باسیکی لە سەر چۆنیەتیی سەرهەڵدانی چەپ لە وڵاتانی رۆژاوا، ئێران و پاشان کوردستان پێشکەش کرد.

ناوبراو لە درێژەی باسەکەیاندا بە وردی پڕژایە سەر کاریگەریی بیرو ئەندیشەکانی چەپ لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاریگەری ئەم بیرەی لە سەر حیزب قۆناغ بە قۆناغ بۆ بەشداران شی کردەوە.

سمایل بازیار وێڕای ئاماژەدان بە چەندین بەڵگەی مێژوویی لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و سەردەمی کۆماری کوردستان جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە بیری چەپ هەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبەوە کاریگەری خۆی داناوە.

هەر لە پێوەندی لە گەڵ ئەم باسەدا بازیار وێڕای ئاماژەدان بە گەشەسەندنی بیری چەپ لە ئێران و مەیدانداریی حیزبی تودە، پێیان وابوو کە ئەم حیزبە شوێنەواری راستەوخۆی لە رووی فکری و تەشکیلاتیەوە لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان داناوە.

سمایل بازیار لە برگەیەکی دیکە قسەکانی دا وێرای باسکردن لە هێنانی تێزی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بۆ ناو بەرنامەی حیزب لە لایەن شەهید دوکتور قاسملووەوە، ئەم قۆناغەی وەک قۆناغیکی تایبەت لە پێوەندی لە گەڵ حیزبی دێموکرات و چەپ دایە قەڵەم.

لە بەشی کۆتایی باسەکەیدا سمایل بازیار وێڕای ئاماژەدان بە ئاڵوگۆڕەکانی دوای هەرەسهێنانی سۆڤییەت، باسی لەو گۆرانە فکرییانە کرد کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ چەپی رادیکال دا هاتوونەتە ئاراوەو بە نموونە قامکی لە سەر ئەو خویندنەوە تازەیە دانا کە لە کۆنگرەی ١٤ی حیزب دا بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک کرا.

دوایین بەشی ئەم سمینارە کە بە بۆنەی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر بەرێوەچوو بریتی بوو راوبۆچونی چەند کەسێک لە بەشداربووان کە لە لایەن هەر یەک دوکتور عومەر نورەدینی ، دوکتور جەعفەر عەلی رەسول و سمایل بازیارەوە وڵامیان درایەوە.

درێژەی

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی شەست وپێنجەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبەوە

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە پشت ئەستور بە کارامەیی رێبەرانی و پشتیوانیی بێدریغی خەلکی کوردستان هەتا ئێستاش بۆ درێژەدان بە خەبات و هەولدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، رێنوێن و پێشرەوی خەڵکی کوردستان بووە. ئەم حیزبە سەرەڕای ئەوەی هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە گەلێک کۆسپ و بەرهەڵست بەرۆکی پێ گرتوە، بەڵام لە ئاکامی لێزانیی رێبەریی و پشتیوانی خەلک لەو رێبەرییە هەر لە یەکەم ساڵی دامەزرانی را، بە پێکهێنانی یەکەمین کۆماری کوردستان وراگەیاندنی بە ئاشکرای حکوومەتێکی کوردی لە بەشێک لە ناوچەکانی کوردستاندا، دیارییەکی مێژوویی پێشکەش بە نەتەوەی کورد کرد کە هەتا ئێستاش هەموو نەتەوەی کورد وەک رووداو و دەسکەوتێکی مێژوویی رێزی دەگرن و یادی دەکەنەوە.

هەر ئەو کات تێکۆشانی بەردەوامی کادرو ئەندامانی حیزب بوو بە هۆی پەرەسەندنی ئیعتبار و نفووزی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا و لەباری سیاسییەوە ئەم حیزبە بوو بە پارسەنگێکی دیار لە کێشە سیاسییەکانی ناوچەدا. ئەگەر لەو هەلومەرجەدا ئامانجە درێژخایەنەکانی حیزب بوون بە فیدای کێشە وموعامەلەیەک کە لە توانا و دەسەڵاتی ئەو دا نەبوو، بەڵام تەنیا لە ماوەی ١٦ مانگ دا و تا هاتنەوەی ئەرتەشی شا بۆ کوردستان، بەرادەیەک چالاک و ئەرک وەخۆگرانە بە دەم کێشەکانی خەلکی کوردستانەوە بوو کە هەتا ئێستاش بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمە بوون بە بەشیک لە حافیزەی میژوویی خەلکی کوردستان. لەو سەردەمی نا ئومیدی و بێ ئاسوییەدا هەر ئەو خۆشەویستی و پشتیوانییە بەرینە بوو کە پاش ئەو تێکشکانە گەورەیەی بە هۆی هێرشی ئەرتەشی شاوە تووشی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بوو و شەهید کرانی چەندین کاربەدەستی گەورەو ناوداری کۆمارو حیزب، هاندەری کادرەکانی حیزب بوون هەتا ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان رێک بخەنەوە و گەورەترین نەقشیان لە رێکخستنی نارەزایەتییەکانی دژی رێژیمی پاشایەتی دا هەبێ و بۆ سێ دەیە سازماندەهی خەباتی نهێنی بکەنەوە و بە شێوەی جوراوجور بۆ رووخانی نیزامی پاشایەتی خەبات بکەن. لەو کاتەوە هەتا ئێستا کە ماوەی سێ دەیەی دیکە تێپەڕ بووە، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات بە دژی میراتگری رێژیمی شایەتی واتە رێژیمی دیکتاتور و دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی غافڵ نەبووە و وەفادار بە ئامانجە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان لە هیچ فیداکارییەک درێغی نەکردووەو لەپێناوی گەیشتن بە رزگاریی نەتەوەیی و دنیایەکی دادپەروەرانەدا کە کێشە ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی تێدا چارەسەر کرابێ، لە ریزی پێشەوەی خەباتی خەڵکی کوردستاندا بووە.

گومانی تێدا نیە کە لەم رابردووە دوورودرێژە و پڕ لە تیکوشان و ماندوو بوونەدا، لەگەڵ هەموو فیداکاری، دەسکەوت و شانازییەکاندا، حیزبی دیموکراتی کوردستان بێ کەم وکووڕی نەبووە. ئەگەر تەنیا لە باری تەشکیلاتییەوە بڕوانینە کێشەو گرفتە نێوخۆییەکانی ئەم حیزبە دەبینین زۆر جار حیزب لە نێو تەشکیلاتی خۆیدا تووشی گرفت ودابڕان هاتوە. بەڵام وەک زۆربەی جارەکان دیتوومانە لەبەر ئەوەی ئەم کیشە و گرفتانە، تەنیا پێوەندییان بە نێوخۆی حیزب و جیاوازیی بۆچوون و هیندێک جار لێک تێنەگەیشتن و وێکهەڵنەکردنەوە هەبووە و کەمتر وابووە کاریگەریی راستەوخۆی لایەنی دەرەکیی بەسەرەوە بوو بێ، دوای ماوەیەک ریزەکانی حیزب یەکیان گرتۆتەوە و تێکۆشەرانی دیموکرات بە یەک باوەڕ و لە یەک سەنگەر دا درێژەیان بە خەبات داوەتەوە. دیارە ئەمەش بەرهەمی شێوە بیرکردنەوەی بەرپرسانەی زاڵ لە نێو رێبەران و ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دیموکرات دا بووە. بۆیە ئەو سیاسەتەی ئەم بیرکردنەوەیەی لە پشت بووە هەمیشە لەیەکخستنەوەی ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا سەرکەوتوو بووە.

ئێستاش کە یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب دەکەینەوە، نزیک بە چوار ساڵ بەسەر دوایین دابڕان و لەتبوون لە حیزبی دیموکراتدا تێ دەپەڕێ. ئێمە لە درێژەی پابەندی بە سیاسەتی هەمیشەیی حیزبی دیموکرات کە پێداگری بووە لەسەر پاراستنی یەکڕیزیی حیزب، هەوڵدان بۆ دوستایەتی وهاوپەیمانی لەگەڵ هاورێیانی پیشوومان لە حیزبی دیموکراتدا بە مەبەستی نیزیک بوونەوە و رێخۆشکردن بۆ گەیشتن بە یەکریزیی حیزبی دیموکرات بە ئەرکی بەرپرسانەی خۆمان دەزانین. دڵنیاین هەموو دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی کوردیش لەم ریگایەدا پشتیوانمانن.

لە ماوەی ٦٥ ساڵ تەمەنی پڕ لە خەبات و فیداکاریی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ئەگەر رێژیمی پاشایەتی لە ٣٣ ساڵەی تێکۆشانی حیزبدا بە هۆی خەبات و خۆراگریی خەلکی کوردستان و بەردەوامیی گەلانی ئێران لە خەبات لە دژی رێژیمی شادا، توماری تەمەنی تێکەوەپێچراو و بوو بە بەشێک لە رابردوو ئێستا یەکەم دەسەڵاتی کۆماری لە ئێراندا لە پاش نزیکەی ٣٢ ساڵ تەمەنی پڕ لە ستەم ودەستدرێژی و جینایەت لە دژی تێکڕای گەلانی ئێران و بەتایبەت خەڵکی کوردستان، تووشی کۆمەڵێک قەیرانی نێوخۆیی و دەرەکی بۆتەوە کە لە روانگەی زۆر لە کارناسانی سیاسییەوە خۆ دەرباز کردن لەم قەیرانانە زۆر ئەستەمە.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣١ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی رەشی خۆی بەسەر ئێراندا، جگە لە ماڵوێرانی و شەڕو کاولکاری، پەرەپێدانی ئێعتیادو فەساد و تێکدانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئێران و بێ غەم بووون لە بێکاری و گرانی. بایەخنەدان بە کەسایەتی و مافی ژن و لەیەک قسەدا حیساب نەکردنی هیچ کەس وەک مرۆڤ نەیتوانیوە کارێکی دیکە بۆ خەڵکی ئێران بکا.

لەو ٣١ ساڵەدا گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیموکراسی و وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی، سەر بەرز لە مەیدانی خەبات لە دژی دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامی دا راوەستاوەو ملی بۆ زۆرداریەکانی ئاخوندەتازەبەدەسەڵاتگەیشتووەکان رانەکیشاوە. ئەگەر ساڵانیکی، زۆر، خەلکی کوردستان بە پێشڕەویی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەهاوبەشیی رێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی گەلی کورد بە تەنیا لە بەرامبەر شەپۆلی هێرشە نارەواکانی ئەو رێژیمە دا راوەستابوون، ئێستا بە میلیۆن کەس لە سەرانسەری ئێران و لە هەموو نەتەوەکانی ئێران بە ئیرادەیەکی پتەوەوە لە شەقام و کوڵانی شارەکانی ئێراندا لەو رێژیمە راست بوونەتەوە و دروشمی نەمان بۆ دیکتاتۆری بۆتە وێردی سەر زمانیان.

**خەڵکی خەباتگێرو ئازادیخوازی کوردستان!**

ئێستا کە یادی٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەینەوە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کات لە کۆتایی تەمەنی پر جینایەت و شوورەیی خۆی نزیک بوەتەوە. ئەو رێژیمە لەگەڵ ئەوەی لە ئاستی جیهانیدا دۆستێکی ئەوتۆی نەماوە کە بتوانێ یارمەتیی بدا، لە نێوخۆی وڵاتیش بە تەواوی لە خەلکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی ئێران دابڕاوە و لە راستی دا رێبەرانی بێ داهاتووی رێژیم بە هات وهاوار و هەڕەشەکانیان کە لەوپەری داماویانەوە سەرچاوە دەگرێ دەروانێنە چارەنووسی دەسەڵاتەکەیان.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پێی ریسالەتێک کە هەیەتی گەلێک ئەرکی قورسی دەکەوێتە سەر شان کە دەبێ هەولی بە ئاکام گەیاندنیان بدا. حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی خوازیاری فیدرالی، سیکۆلاریزم و دێموکراسی، دژی هەر شێوەیەک لە دەسەلاتی ئیستبدادی و دیکتاتۆری بووە لەم هەلومەرجە ناسکەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێ بە هاوکاریی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان بۆ نەهێشتنی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و جێنەگرتنەوەی ئیحتیمالیی دیکتاتۆرییەکی دیکە خەبات بکا. حیزبی ئێمە بۆ یەکڕیزی و هاودەنگیی تێکۆشەرانی نێو بزووتنەوەی سیاسی- نەتەوەیی کوردستان هەوڵ دەدا تا لەم رێگایەوە مزگێنیی داهاتوویەکی روون بە خەڵکی کوردستان بدا. ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران و بە تایبەتی لەگەل پێشرەوانی خەباتی نەتەوەیی و دیموکراسیخوازانە لە نێو نەتەوە جوراوجورەکانی ئێراندا پێوەندی بگرین و ئەم پێوەندییانە بگەیەنینە ئاستێک کە هێزی راستەقینەی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامیی لێ بکەوێتەوە.

لەم هەلومەرجە ناسکەدا پێویستە زیاتر لە هەموو کاتێک بە وردبینییەوە بڕوانینە ئالۆگۆڕەکانی بەردەممان و ئامادەیی تەواومان هەبێ بۆ کەلک وەرگرتن لەو دەرفەتانەی بۆمان دێنە پێش.

بەو هیوایەی یەکریزیی خەباتگێرانی کوردستان و هاوخەباتیی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لە دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی، وەدیهێنەری ئامانجە نەتەوەییەکانمان بێ.

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەلکی خەباتگێری کوردستان!**

تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ٦٥ساڵەی دامەزرانی حیزبدا، بە شانازییەوە، یادی ٦٥ ساڵ خەباتی پڕ لە قوربانیدانی حیزب دەکاتەوە، بە رێزو پێزانینەوە ئاوڕ لە رۆڵی دامەزرێنەرانی و رێبەرانی حیزب بە تایبەتی شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی دەداتەوە. هەر لەم بۆنەیەش دا لە ئاست پشتیوانیی بێدریغی ئێوە لەم حیزبە و هەوڵدانتان بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی، بەتایبەتی لە ئاست گیانبەختکردنی هەزاران رۆڵەی ئازادیخوازی کوردستان لە ریزەکانی ئەم حیزبە دا، سەری رێز دا دەنوێنێ. لەم دەرفەتەشدا، جارێکی دیکە پەیمانتان لەگەل نوێ دەکەینەوە کە دەسکەوتەکان و ئەزموونی ٦٥ساڵ خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هاندەر و رێنوێنمان دەبێ بۆ بەردەوامبوون لەسەر بە جێگەیاندنی رەسالەتی مێژوویی حیزب کە رزگاریی گەلی کورد لە بندەستی و جێگیر کردنی دیموکراسی لە وڵاتی ئێراندا.

**سڵاو لە ٢٥ گەلاوێژ**
**بژی حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**پیرۆز بێ شەست وپێنجەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٩**
**١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٠**

## پەیامی کومیتەی خوێندکاری حدک

# بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژەوە

**هاورێیانی بەشدار لە رێورەسمی رێزگرتن لە شەست و پێنجەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

**خەڵکی نیشتمان پەروەری کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب!**

**خوێندکارانی ئازادیخوازی کورد لە سەنگەرەکانی بەربەرەکانی و خۆڕاگریدا!**

بە بۆنەی یادی شکۆداری ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایتان لێ دەکەین. ئاواتەخوازین حیزبی جێی متمانە و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک هەر وەک ڕابردوو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان لە گەشەسەندن و پێشکەوتن دابێت.

**بەڕێزان!**

هەر هەروەک بۆ هەموومان سەلمێنراوە، چینی خوێندکار بە پێی هەستیاری لە ریزی وشیارترین چینەکانی کۆمەڵگادا جێ دەگرێت و بە پێی توانا لە ریزی هێزە کاریگەرەکانی کۆمەڵگادا خۆ دەبینێتەوە و بە رادەی پرسەکانی پەیوەندیدار بە کێشە و گرفتە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و کەلتورییەکان بە ئاگایانە دژ کردەوە نیشان دەدا. خوێندکاران لە هەر کۆمەڵگایەکی زیندوودا لە هۆکارە سەرەکییەکانی بڵاوبوونەوە و تەشەنەسەندنی بیر و رێبازی ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانەن. شوناسخوازی، چالاکی لەپێناو جێگیر کردنی دیموکراسی، ئازادی و رێزدانان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە تایبەتمەندیە گشتییەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردستانن و هەوڵی بێوچانی خوێندکارانی نیشتمانپەروەری کورد لە زانکۆکانی ئێران بە پشت بەستن بە بنەماکانی بزوتنەوەی گشتی بەرهەمی هەستکردن بە پێویستیەکی لەڕادە بەدەری ئەم داخوازیانەیە.

بێ گومان قۆناغەکان، شێوازی مامەڵەی سیاسیی بۆ هێزێکی پێشڕەوی جەماوەری دیاری دەکەن. بارودۆخی هەنووکەیی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی و گۆرانکارییە هەرێمییەکان و جموجۆڵە ئەرێنییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان وا دەخوازێت کە گرنگی بە توێژە کاریگەرەکانی نێوخۆی وڵات بدرێت کە خوێندنەوەیەکی واقعیانەو گونجاوی ئەمرۆییمان بدەنەدەست.

بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبینین کە ئەم حیزبە توانیویەتی لە سەردەمە جیاجیاکاندا خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێنێت و بە دوور لە چەقبەستوویی ئیدئۆلۆژیکی، بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە و لە هەر قۆناغێکدا و بە پێی تایبەتمەندییەکانی ئەو سەردەمە داکۆکیکار و ئاڵاهەڵگری بیری پێشکەوتنخوازانە بێت. هەر بۆیەیە کە خوێندکاران لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە دەوری رێباز و سیاسەتەکانی ئەم حیزبەدا کۆبونەتەوە. بە باوەڕی ئێمە ڕەسەنایەتی، خۆگونجاندن لەگەڵ هەڵومەرجی سەردەم و هەڵسوکەوتی مەنتیقی و خەڵکخوازانە لەگەڵ هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایتیەکان، هۆکاری سەرەکین کە حیزبی دیموکرات پاش تێپەڕبوونی ٦٥ ساڵ بە سەر تەمەنیدا، ئێستاش وەک حیزبێکی زیندوو و خاوەن پێگەی جەماوەری ماوەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە مێژووی نیو سەدەی رابردووی کوردستان، ئێران و بە گشتی ناوچەکە کە -هێشتا فەرهەنگی حیزبایەتی بە شێوەیەکی پێویست تێیدا جێگیر نەبووە، پرە لەو حیزبانەی کە لە سەردەمێکدا لە گۆڕپانی سیاسی وڵاتدا مەیدانداریان کردوە، بەڵام دواتر بە هۆی چەقبەستوویی و کۆمەڵێک هۆکاری‌تر ئێستا تەنیا بوونەتە بەشێک لە مێژوو.

بەڕێزان هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانین سرنجتان بۆ بابەتێکی گرینگ لە بارەی پێوەندی خوێندکاران و حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا ڕابکێشین. بە خۆشییەوە دەبینین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ماوەیەدا و بە تایبەت بە پێڕەو کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٤ بۆ پتەوتر کردنی پەیوەندی حیزب لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکانی نێوخۆی وڵات بە تایبەت چینی خوێندکار، ئاورێکی جیدی لە توانا و خەباتی خوێندکاران داوەتەوە. لە بەرابەردا خوێندکارانی کوردیش چ لە ناوخو و چ لە دەرەوەی وڵات زیاتر لە جاران گرینگی بە جموجۆڵ و سیاسەتەکانی حیزب دەدەن و بە شێوازی جۆراوجۆر وەک نوسین و قسەکردن لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب هەڵدەسەنگێنن و لە روانگەی خۆیانەوە سەنگ و سووکی لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی دەکەن و دەتوانین بڵێین لە هەمووان زیاتر رەخنەی جیددی و بونیادنەر لە حیزب دەگرن.

ئێمە وەک کومیتەی خوێندکاری حیزبی‌دیموکراتی‌کوردستان‌هۆکاری ئەم گرینگی پێدانەی خوێندکاران بە هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزب و رەخنەگرتنەکانیان بۆ دوو بەشی سەرەکی دەگەڕێنینەوە: یەکەم ئەوەیکە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم چەند ساڵەی دوایی دا ئەگەر بە کەموکوڕیشەوە بووبێ هەوڵی داوە قۆناخی نوێ لە تێکۆشانی خۆی دەست پێ بکا و زیاتر خۆی لەگەڵ بارودۆخی سەردەم بگونجێنێت، هەربۆیە خوێندکاران بە هەست کردن بەم پرسە و بە هیوای سەرکەوتنی حیزب لە قۆناخی نوێی تێکۆشانی خۆیدا زیاتر لە جاران چاوەڕوانیان لێی هەیە و ناتوانن لە بەرامبەر کەموکوڕییەکانی بێ دەنگ بن، چوونکە لە راستیدا تەنیا ئەو حیزب و هێزانە شایانی ڕەخنە لێ گرتنن کە چاوەڕوانی بەهێزتر بوونیان لێ بکرێت و جێگەی متمانەی خەڵک بن.ئەگینا ئەوە شتێکی سروشتیە کە کەس رەخنە لە حیزبێکی لاواز و ناسەردەمیانە ناگرێت کە هەڵوێستەکانی بەلای خەڵکەوە گرینگ و جێی بایەخ نەبێ. دووەم هۆکار ئەوەیە کە خوێندکاران بە هۆی ئەو چاوەڕوانیانەیانەوە دەیانەوێت بە نوسین و رەخنەگرتن و شێوازی جۆراوجۆری دیکە یارمەتی رێبەری و کادر و ئەندامانی حیزبی دیموکرات بدەن تاکوو لە پڕۆسەی خۆ نوێ کردنەوەی بەردەوام و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی سەردەمدا سەرکەوتووتر بن.

هەر لەم روانگەیەشەوەیە کە کۆمیتەی خوێندکاری حیزبی دیموکراتی کوردستان رەخنە و پێشنیارەکانی خوێندکارانی رووناکبیر و چالاکی کورد بە نیشانەی دڵسۆزی خوێندکاران بۆ حیزب و مەیلی ئەوان بۆ بەشداری لە پرۆسەی نوێ کردنەوەی بەردەوامی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەوڵدانیان بۆ چالاکتر بوونی گشتی حیزب لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئێران هەڵدەسەنگێنێت. هەربۆیەشە کومیتەی خوێندکاری یەکێک لە سەرەکیترین مەبەستەکانی هەوڵدانە بۆ درووست کردنی بەستێنی لەبار بۆ بەشداریکردنی هەر چی زیاتری خوێندکاران لە بزووتنەوەی میللی دیموکراتیکی خەڵکی کوردستاندا.

لە کۆتاییدا، کۆمیتەی خوێندکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قۆناغی سەختی پرش و بڵاوی بزوتنەوەی سیاسیدا، جەخت لەسەر سیاسەتی ڕاستەقینەی حیزب لەمەڕ پێویستی لێک نیزیک بوونەوە و هاوکاری زیاتر لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتەوە و بۆ ئەم پرسە گرینگە هەنگاوی پێویست هەڵدێنێتەوە و دوبەرەکی نانەوە و سیاسەتی حیزب حیزبێنە لەم قۆناغەدا لە نێو خوێندکارانی کوردستاندا بە سیاسەتێکی گونجاو نازانێت.

**کۆمیتەی خوێندکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٥ی گەلاوێژی ١٣٨٩ هەتاوی**

# دەقی قسەکانی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب دا

**خوشک و برایانی ئازیز! میوانە خۆشەویستەکان!**
**هاوڕێیانی پێشمەرگە و کادروئەندامان ولایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

پێشەکی پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ بیرەوەری ٦٥ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بێ گومان قسەکردن لە سەر کارنامەی ٦٥ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبێک کە لە تەمەنی دوورو درێژی خۆیدا کە ئەو شانازییەی پێ بڕا لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ و کەسایەتیی نەتەوەیی کورد لە بەشێکی کوردستان لەو سەردەمەدا جێ بکەوێ و خاوەن ئاڵا و کابینە و وەزیر بێ و لە ماوەیەکی کورتدا بە هەوڵی خەڵکی ناوچەکە مەسەلەی کورد بکاتە کێشەیەکی ناوچەیی و بەدوای ئەودا ٦٥ ساڵ خەبات و چالاکیی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناو بەرنامەکان و پرۆژەکانی نەتەوایەتی و دیموکراسی ئەو حیزبە باسێکی زۆر هەڵدەگرێ. کارنامەیەک کە دەکرێ لەڕوانگەی جۆراوجۆرەوە شی بکرێتەوە و باس بکرێ، کارنامەیەک کە هەوراز و نشێوی تێدا هەیە، کارنامەیەک کە کۆمەڵێک ئیفتخارات و شانازی تێدا هەیە، کارنامەیەک کە لە ڕابردوودا کۆمەڵێک بڕیاری لێ کەوتۆتەوە و لە تەنیشت ئەوەدا و لەهەمان کاتدا کە حیزبی دێموکرات ئەو شانازییەی پێبڕا لە کوردستانی ئێراندا لە پێناو جێ خستنی پرۆژەکانی نەتەوایەتی و جێ خستنی هەست و بیری نەتەوایەتی و بە ئامانج گەیاندنی ئەو پرۆژەیە، بە بەشداری کۆمەڵانی خەڵک وبە پشتیوانی خەڵک لەو حیزبە لە تەواوی ئەو دەورانانە دا بۆتە هۆی ئەوە کە حیزب بتوانێ خۆی ڕابگرێ، لە تەنیشت ئەو ڕاستییە دا بێ گومان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆمەڵێک گیر و گرفتی نێوخۆیش بێبەری نەبووە. بۆیە باشترین ئاوڕدانەوە لەلایەن بەرپرسان و ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ڕابردووی حیزب ئەوەیە کە لە تەنیشت پشتیوانی جەماوەری کۆمەڵانی خەڵک لە حیزبی دێموکرات و فەعالییەت و شانازییەکانی دەستنیشانی کەموکوڕییەکانی بکا و ئەو حیزبە لە ژێر ڕووناکایی ئەوە کە ئەو خەڵکەی کە پێکیان هێناوە و بە ساڵانێکی دوور و درێژ و لە قۆناغی جۆراوجۆردا حیزبی دێموکراتیان زیندوو ڕاگرتوەو لە هەمووی ئەو قۆناغانەدا سینگی خۆی ئاواڵە بکاتەوە و بە ڕوحێکی بەرفراوانەوە گوێ بداتە تێبینی و ڕەخنە و پێشنیاری خەڵکانێک کە فیداکاریان بۆ کردوە. هەر بۆیە ئێمە تێدکۆشین کاتێک کە باسی کارنامەی خۆمان دەکەین هەر دوو ئەو لایەنە بخەینە بەر باس.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەمین حیزبی کوردی لە سەردەمی شەری دووهەمی جیهانی بوو بە هۆی ئەوە کە لانیکەم لە کوردستانی ئێران یا لە بەشێکی چوکەی کوردستانی ئێران مەجال و دەرفەتێک بێتە گۆرێ کە حیزب بتوانێ کادر و ئەندامانی خۆی پەروەردە بکا. لەو ماوەیە دا کە لە تەمەنێکی کەم دا حیزب ئەو مەجالەی بۆ هەڵکەوت کە کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ، فەلسەفەی درووست بوونی خۆی لەو ماوەیە دا تا ڕادەیەکی زۆر دەرخست. فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە بوو بتوانێ یا بۆخۆی یا لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بتوانێ وڵات ئیدارە بکا، حیزبێک بوو دامەزرابوو بۆ ئیدارە کردنی وڵات، وە لە ماوەیەکی کورتیشدا لەو ١١ مانگەی کە کۆماری کوردستانی بەدەستەوە بوو ئیدارەی کرد، ئەوەی دەرخست کە حیزبی دیموکرات ئەو ئامادەییەی هەیە کە لە قۆناغی جۆراوجۆردا وبە پێی پێداویستیەکانی کۆمەڵگا بتوانێ وەک حیزبێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گرفت و کێشەکان مامەڵە بکا.

> **باشترین ئاوڕدانەوە لەلایەن بەرپرسان و ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ڕابردووی حیزب ئەوەیە کە لە تەنیشت پشتیوانی جەماوەری کۆمەڵانی خەڵک لە حیزبی دێموکرات و فەعالییەت و شانازییەکانی، دەستنیشانی کەموکوڕییەکانی بکا**

بەدوای ئەوەدا ئەگەر ئێمە چاو لەو کارنامەیە بکەین، لە مەیدانی سیاسیدا حیزبی ئێمە هەوڵی داوە وەک حیزبێکی سیاسی واقعبین دوور لە دەمارگرژی ئیدئۆلۆژیک، لەگەڵ ڕووداوەکان لەو سەردەم و لە ئێستادا تەعامول بکا. لەباری نەتەوایەتییەوە هەرچەند ماوە و فورسەتەکە کەم بوو، بەڵام هەوڵی دا پێناسەیەکی بەهێزی نەتەوایەتی لەوکاتەدا بێنێتە ئاراوە و جێبەجێی بکا و تا ڕادەیەکی زۆر نەهادینەی بکا. تەنانەت بە وتەی بەشێک لە نووسەرانی غەیرە کورد کە لە پێوەندی لەگەڵ تەمەنی کورتی کۆمار و ڕووخانی کۆماردا باس دەکەن، دەڵێن هەرچەند تەمەنی کۆمار کەم بوو بەڵام بە هۆی بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان عەقلییەتێک لە هەست و بیری نەتەوایەتی هاتە گۆرێ کە بە تێکدانی کۆماریش لە ناو ناچێ و ئەو جووڵانەوەیە هەروا درێژەی دەبێ. ئێستا دەتوانین بڵێین کە خەبات و چالاکیی ئەندامان و ڕێبەران و کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پشتیوانی خەڵک ئەو ڕاستیەی دەرخست.

لە مەیدانی زمان و ئەدەبدا ئەگەر ئاور دەدەینەوە بە سەنەد و دێکۆمێنتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان و شاعیران و نووسەرانی ئەو سەردەم، حیزبی دێموکرات هەوڵی داوە یارمەتی بکا بە زمانێکی پاراو لە نووسین لە ئەدەبیاتی سیاسیدا و لە تەنیشت ئەوەدا ئەو مەجال و دەرفەتە برەخسێنێ کە شێعری کوردی و شاعیری کوردی لە پێناو بەهێز کردنی هەستی نەتەوایەتیدا لەو مەیدان و لەو فورسەتە کەڵک وەر بگرن.

تا ئەو جێیەی پێوەندی بە بوارەکانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هەر لەو سەردەمەدا کە ئاستی کۆمەڵایەتی کوردستان بە بەراوەرد لەگەڵ شوێنەکانی دیکە تا ڕادەیەک دواکەوتووتر بوو، بەڵام دیسان ڕێبەران و کادرەکانی حیزبی دێموکرات لە پێناو جێ خستنی مافەکانی کۆمەڵایەتی چین و توێژەکاندا هەوڵێکی زۆریاندا، ئەگەر ئاورێک لە سەنەدەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بدەینەوە، بەشداری ژنان و ئەو دەرفەتانەی کە بۆ ژنان لەو سەردەم و لە کۆمەڵگایەکی عەشیرەتی و فیۆدالی هاتبووە گۆڕێ، دیسان لەو مەیدانەشدا شەهامەت و ڕاشکاوی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بەو مەبەستە دەر دەخا.

لەباری ڕێکخراوەیی و تەشکیلاتییەوە فەرهەنگێکی نوێ لە کاری تەشکیلاتی و ڕیکخراوەیی لە کوردستانی ئیران هاتەگۆڕێ و بە خۆشییەوە دوای ئەو ئەزموونە حیزبی دیکە لە کوردستان بە بیر و باوەڕی جیاوەزەوە دامەزران. یانی لە ڕووی کاری ڕێکخراوەیشەوە ئێمە توانیمان لە حەدی خۆماندا یارمەتی بە جێگیرکردن و هاتنە ئارای عەقلییەتێکی نوێ لە حیزبایەتی بکەین. لەباری نێودەوڵەتییەوە هەر لە سەرەتاوە پێشەوا قازی محەممەد هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆیدا کە بۆ سەرخستنی پرۆژەکانی کۆمارهاوکات لەگەڵ بەرزکردنەوەی تواناکانی کۆمار لە ئاستی نیزامی و تەشکیلاتی و پشتیوانی جەماوەرییەوە، گرینگییەکی یەگجار زۆریدا بە موعادلاتی نێودەوڵەتی وبە پێی توانای خۆی و لە حەدی توانای حیزبەکەیدا لەو سەردەم بوو بە فاکتۆرێک لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورد لە مەیدانی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە ئێران و هەروەها کوردستاندا، بۆیە لەو کاتەوە ئێمە هەوڵمان داوە لەسەر ئەساسی هەمووی ئەو بنەمایانە کە فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات بووە بتوانین خەبات و چالاکی خۆمان ئیدامە بدەین.

کارنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەر شانازی دامەزراندنی یەکەم حکوومەتی کوردی لەو سەردەم پێ بڕا، بەدوای ئەودا هەڵسان و داکشانی تێدا بووە. بەدوای ئەودا تا ماوەیەکی زۆر بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری حیزبی ئێمە یا لە تەبعید دابوون یانیش لە زیندان دابوون، بەدوای ئەو دا بە داخەوە مەجالێکی ئاسایی و ئازاد بۆ حیزبی دێموکرات لە نێو خۆی وڵاتدا نەگونجاوە تا ئەو ئەزموونەی کە لە حکومەتکردنی سەردەمی کۆماری کوردستان هەیبوو بۆ جارێکی دیکە بیهێنێتەوە کوردستانی ئێران و بە کردەوە مەیدان و ماوەی فەعالییەت و حکوومەتی کوردی لە ناوچەی موکریان نەهێڵێتەوە و بیباتە ناوچەکانی دیکەش. تاکوو ئەوەی کە لە ئێران ئینقلاب کرا، دوای ئینقلاب لەسەر ئەساسی باوەڕ بە هەمووی ئەو پرەنسیپانە و لەسەر ئەساسی ئەوەی کە هەمووی ئەو ئوسولانە کە ئاماژەم پێ کردن لە حیزبی دێموکراتدا نەهادینە ببوون حیزبی دێموکرات توانی هەلومەرجەکە بقۆزێتەوە و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا لەگەڵ پێشوازییەکی زۆر ڕووبەڕوو بێ و هەروەها لەسەر ئەساسی ئەو تەجرووبانە جارێکی دیکە ببێتەوە بە فاکتۆرێکی ئەساسی لە سەحنەی سیاسی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا.

ئێمە هەر لە سەرەتاوە و لە ڕۆژی دروست بوونی حیزبی دێموکراتەوە باوەڕمان بەوە بووە کە کێشەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی کێشەیەکی سیاسییە و هەمیشە لەو باوەڕەدا بووین و ئێستاش لە باوەڕە داین کە کێشە سیاسییەکان تەنیا لە ڕێگای دیالۆگەوە دەکرێ چارەسەر بکرێ.

لە باری مێژووییەوە ئەوکات کە قازی محەممەد هەوڵ و تێکۆشانی خۆی دا لەسەر بنەمای بەهێز کردنی کۆماری



کوردستان، دەوڵەتی مەرکەزی لە تاران بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە وجوودی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا دەکرێ لە لایەن حکوومەتی تارانەوە قەبوول بکرێ و تەعامولیشی لەگەڵ بکرێ، یەکێک لەو سەنەدانەیە. قازی محەممەد هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بەخەرج دا تا لە ڕێگای دیالۆگەوە لەگەڵ تاران شەڕایەتێک بێنێتە پێشێ کە هەم کۆماری کوردستان تەمەنی درێژ بێ و هەم کورد بتوانی لەو دەرفەتە کەڵک وەربگرێ و بە کردەوە باشتر بنەماکانی نەتەوەیی بەهێز بکاو پەرە بدا بە هەموو پرۆژەکانی سیاسی خۆی.

دوای ئینقلابی ئێران هەر لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە دیسان هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی تازە لە تاران ئەوە بوو کە لە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆوە چارەسەری کێشەکان بکەین، بەڵام بەداخەوە کە حکوومەتی تاران ئەوەی قبوول نەکرد شەڕی بەسەر ئێمەدا سەپاند. باوەڕی حیزبی دیموکرات بە ڕزگاری نەتەوەیی و پشتیوانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات هیچ ڕێگا چارەیەکی بۆ ئێمە نەهێشتەوە کە مەجبوور بووین بە دیفاع لەخۆمان خۆراگری چەکدارانە بکەین و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دیفاع لە ماف و بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد لە کوردستاندا بکا.

ئێمە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، بەتایبەت لە سی ساڵی ڕابردوودا تێکۆشاوین لەسەر هەمووی ئەو بنەماو ئەساسانەدا کە فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات بووە، فەعالییەتی خۆمان ئیدامە بدەین، لە سی ساڵی ڕابردوودا بە پێی ئەو ئوسولانە تێکۆ شا وین ئالقەی پێوەندی حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆمەڵگایەک کە لەوێ دامەزراوە و لەوێ لە دایک بووە و ئەندامانی حیزب بەشی هەرە زۆریان لە نێوخۆی وڵات واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابگرین و بەقووەتی بکەین و هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە ئەوە بووە کە بیرەوەرییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ٢ی ڕێبەندان و ٢٥ی گەلاوێژ و بیرەوەرییەکانی دیکە لە نێوخۆی وڵات و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا جێژن بگرینەوە. حیزبی دێموکڕات لەهەمان کاتدا کە شانازی ئەوەی پێ بڕاوە پشتیوانی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێرانی لەپشت بێ، لە هەمان کاتدا کە شانازییەکی گەورەی هەبووە و بە هەزاران شەهیدی لە پێناو بەرنامەو پڕۆگرامی خۆی و مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێراندا داوە، لە هەمان کاتدا کە حیزبی دێموکرات لە زۆر ماڵی شار و گوندی کوردستانی ئێران حوزووری هەیە و شانازی پێ دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا حیزبی ئێمە لە تەمەنی دوور و درێژی خۆیدا، لە نێوخۆیدا بێ گیر و گرفت نەبووە و کۆمەڵێک موشکلاتی هەبووە.

ئەو شانازی و ئیفتخاراتەی کە ئێمە بوومانە و لە تەنیشت ئەودا ئەو گرفت و موشکلاتەی ئێمە بوومانە، هیچ بە مەعنای ئەوە نیە لە خەبات و شانازییەکانی ئێمە کەم دەکاتەوە.حیزبی ئێمە لە ڕابردوودا ئینشعاباتی تێدا کەوتووە، حیزبی ئێمە لە ڕابردوودا تووشی لەتبوون بووە، حیزبی ئیمە لە ڕابردووی خۆیدا تووشی کێشەی نێوخۆیی بووە، بەڵام هەمووی ئەو کێشەو ناکۆکی و ئینشعابات و لەتبوونانە هەرگیز تەئسیری لەسەر تاک تاکی ئەندامانی حیزبی دێموکرات دانەناوە چ لە نێو خۆو چ لە دەرەوە لە خەبات و چالاکی خۆیان لە پێناو ڕزگاری کورد لە کوردستانی ئێران و گەیشتن بە پڕۆژەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتی خۆیان ڕابگرن.

ئێمە پێمان وایە لەسەردەمێکدا کە پێوەندی کۆمەڵانی خەلک لەگەڵ حیزبایەتی بەربەرینە و لەسەردەمێکدا بۆ حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو هەموو قۆناغانەی تێپەر کردووە و بە پشتیوانی خەڵک توانیویەتی ئەو قەیرانانە تێپەڕ بکا وبمێنێتەوە، جیگەی خۆیەتی بە دڵێکی ئاوەڵاوە و بە رووحێکی فراوانەوە لە کۆمەلانی خەڵک لە دەرەجەی یەکەم و لە ئەندامانی خۆی و لە دۆستانی خۆی، بە نیسبەت هەمووی ئەو ڕابردووەی کە هەیەتی، لە زۆر باردا لە ڕابردوودا ڕەخنەی بووە و ڕەنگە ئێستاش رەخنەی لەسەر بێ، ئەو ڕەخنانە قەبوول بکا. ئیمە پێمان وایە چ ڕێبەرانی حیزبێک و چ حیزبێک ئەگەر ڕەخنەیان لێ بگیرێ و ئاماژە بەهەڵەکانیان بکرێ و شەهامەت و راشکاوی ئەوەیان هەبێ لە حوزووری خەڵک و ڕوبەڕوو بە خەلک و ڕوبەڕوو بە ئەندامانی خۆیان ڕەخنە لە خۆیان بگرن، نەتەنیا چوک نابنەوە بەڵکوو گەورە



دریژەی

# قسەکانی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب دا

دەبنەوە. وە پێمان وایە کەسێک بتوانی بە شەهامەت و ڕاشکاوییەوە بتوانی لەو مەیدانەی دا کە پێوەندی بە کەموکوڕییەکانەوە هەیە، ڕەخنە لە خۆ بگرێ و گوێڕایەڵی ڕەخنەی کۆمەڵانی خەڵک بێ، دڵنیام سیگناڵێکی باش دەدا بە کۆمەڵگا کە لە داهاتوودا باشتر تەجرووبە لەو ڕەخنەو لەو کەم و کوڕیانە وەربگرێ. ئێمە لە تەنیشت ئیفتخارات و شانازییەکانمان کە زۆرتر ڕەبتی بە ڕابردووەوە هەیە و ئێستاش جێگای ئیفتخارە، مەسئولییەتیشمان هەیە، کاتێک قسە لە مەسئولییەت دەکەین قسە لە داهاتوویە، کاتێک قسە لە مەسئولییەت دەکەین، ئیلزاماتی بەدواوە هەیە، ئیلزاماتێک و مەسئولییەتێک کە ئێمە لە ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆخۆمان داناوە، لە ژێر ڕوناکایی ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە ڕابردووی خۆماندا دەتوانین ئەو متمانەیە لە نێو ڕیزەکانی خۆمان لە دەرەجەی یەکەمدا و لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە نێو خۆی وڵاتدا بە قووەتی بکەین و بیکەین بە بنەمایەک کە لە داهاتوودا ئەو حیزبە بە هاوکاری حیزبەکانی دیکە و هەموو لایەنێک ببێ بە فاکتۆرێکی سەرەکی معامەلەی سیاسی لە سەحنەی سیاسی ئێراندا. بۆیە ئێمە لە بیرەوەری ٦٥ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە وێرای ڕێز گرتن لە هەموو ئیفتخارات و شانازییەکانمان بۆ جارێکی دیکە بە روحێکی ئاواڵە و

**ئێمە لە بیرەوەری ٦٥ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە وێرای ڕێز گرتن لە هەموو ئیفتخارات و شانازییەکانمان بۆ جارێکی دیکە بە روحێکی ئاواڵە و سینگێکی ئاواڵەوە گوێ دەدەین بە ڕەخنە و پێشنیاری هەموو لایەک، هەموو ئەو ڕەخنە و پێشنیارانە یارمەتی دەکەن بە ئێمە لە داهاتوودا زۆرتر سەرنجیان بدەین و تەئکیدیان لەسەر بکەینەوە لە پێناو سیاسەتی خۆماندا**

سینگێکی ئاواڵەوە گوێ دەدەین بە ڕەخنە و پێشنیاری هەموو لایەک، هەموو ئەو ڕەخنە و پێشنیارانە یارمەتی دەکەن بە ئێمە لە داهاتوودا زۆرتر سەرنجیان بدەین و تەئکیدیان لەسەر بکەینەوە لە پێناو سیاسەتی خۆماندا.

یەکێک لەو مەوزوعاتە کە لەو پێوەندییە دا ئێمە پێمان وایە جێگای خۆیەتی دەستنیشانی بکەین ئەویش ئەوەیە لە سەحنەی سیاسی ئێراندا، ئێمە لەگەڵ سێناریۆیەک ڕوبەڕوو دەبینەوە کە کورد بە تەنیا ناتوانێ فاکتۆرێکی سەرەکی بێ بۆ چۆنیەتی کێشانی نەقشەی سیاسی داهاتووی ئێران. مادام ئێمە قسە لە کورد دەکەین، کورد جۆراوجۆریی سیاسی، مەزهەبی، دیالێکتی و ناوچەیی هەیە و لە سەرەوەی هەمووی ئەوان، کورد لە کوردستانی ئێران حیزبی سیاسی جۆراوجۆری هەیە. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو قەناعەتە داین زەمانێک کورد لە کوردستانی ئێران دەتوانێ بە وەزنێکی قورس لە سێناریۆ نادیارو ناڕوونەکانی داهاتووی ئێراندا دەور بگێڕێ کە لە نێوخۆیدا یەکگرتوویی و لێکحالی بوونێکی باشی هەبێ وە بە ئامادەییەکی زۆرترەوە بچێتە نێوئەو کێشانە.

هەروەک ئاماژەم پێکرد ئەگەر فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەلسەفەیەکی سیاسی بووە و ئێمە لە هەموو دەورانێکدا هەوڵمان داوە لە مەجال و فورسەتەکان کەڵک وەرگرین، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە ژێر ڕووناکایی ئەو بۆچوونە ئێمە تێکۆشاوین لە سەحنەی سیاسی ئێراندا، زۆرتر هەوڵ بدەین دۆست بۆ قەزیەکەی خۆمان پەیدا بکەین. ئێمە زۆرتر تێکۆشاوین لەو کێشانەی کە لە ئێراندا هەیە مەوزووعی کورد بەرینەوە نێو ئەو کێشانە. ئێمە تێکۆشاوین لە ئێراندا کە خەڵکێکی دیکە غەیری حیزبی دێموکرات یا غەیری کورد بە جۆرێکی دیکە و بە شێوەیەکی دیکە ڕەخنە لەو سیستەمە دەگرن، ئەو سیستەمە دێننە ژێر نەقد و پرسیار، تێدەکۆشن ئاڵترناتیڤیان بۆی هەبێ، تێدەکۆشن بە شێوەی جۆراوجۆر کۆمەڵانی خەڵک تەشویق بکەن لە دژی ئەو سیستەمەو خەبات لە دژی دەکەن،ئێمەش وێڕای ئیحترام دانان بۆ بۆچوونی ئەوان خۆمان لەگەڵ ئەو جووڵانەوە بخەین و هەم ئەوان لە ئێمە حاڵی بن و هەم ئێمە لەوان حاڵی بین. لە ئێرانێکی بەربەرین بە جەمعییەتێکی زۆرەوە زەمانێک دەکرێ لەو مەیدانەدا لە کێشە لەگەڵ جمهوری ئیسلامیدا سەرکەوتوو بین کە کورد لە مەیدانی ئەو خەباتەدا بە تەنیا نەمێنێتەوە. خەباتی ئێمە ئەگەر بڵێین خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەست وپێنج ساڵە درێژەی هەبووە و خەباتی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دژی جمهوری ئیسلامی ئەوە زیاتر لە سی ساڵە درێژەی هەیە، زەمانێک سەرکەوتوو دەبێ لە دژی ئەو سیستەمە کە ئەو خەباتە لە نێو خۆی ئێران زۆرترین دۆستی هەبێ. بۆیە ئێمە هەمووی ئەو کەسانەی تەنانەت ئەوانەی ڕۆژێک لەگەڵ جمهوری ئیسلامی دابوون، لەو ئینقلابەدا بەشدار بوون، دەورانێک لە ئیدارەی ئەو حکوومەتە دابوون، ڕەئیس جمهور بوون، ڕەئیسی پارلمان بوون، نخست وەزیر بوون، کاربەدەست بوون ئەگەر ئێستا بەهەر شێوەیەک ڕەخنە لەو سیستەمە بگرن، باسی ئازادی بکەن، باسی ئازادی زیندانیانی سیاسی بکەن، باسی مافی ژنان بکەن، باسی گۆڕان لە قانوونی ئەساسی بکەن، بەجۆرێک پرسیار لەسەر ئەو سیستەمە دروست بکەن و ئەوە بەهێز بکەن، ئەوە بە باش دەزانین و تەشویقیان دەکەین و پشتیوانیان لێدەکەین، و ئێمە پێمان وایە بۆ حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ نەتەوەیەکی بێ دۆست لە ئێران لە ڕابردوودا بەڵام ئێستا پڕ دۆست لە ئێرانی ئێستادا، بەو دەلیلە کۆمەڵانی خەڵک زیاتر لە جاران لە دژی جمهوری ئیسلامی هاتوونەتە مەیدان، دەبێ لەو کاناڵەوە دۆست پەیدا بکەین و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناو هەمووی ئەو پرۆژەیەدا ئیدامەی دەبێ و ئێمە تێدەکۆشین ئەوە نەهادینە بکەین. لەسەر هەمووی ئەو مەیدانەدا، بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێمە لەسەرەوەی هەمووی ئەوانەوە جێی گرتووە. ئێمە لە کێشەی خۆمان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دا کێشەمان لەسەر مەسەلەی کوردە. تا ئەو جێگای پێوەندی بە مافی تاک هەیەو بە دێموکراسی هەیەو بە مافی مرۆڤ هەیە بە مافی ژنان هەیە و بە ئازادی زیندانیانی سیاسی هەیە و بە چۆنییەتی حکوومەتی قانوون هەیە ، ئێمە لەگەڵ تاک تاکی کۆمەڵگای ئێران شتی هاوبەشمان هەیە و تێدەکۆشین ئەو شتە هاوبەشە ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر بکەین.




بەڵام کە دێینەوە سەر کێشەی کورد لەگەڵ دەسەڵات لە تاران، کێشەکە کێشەیەکی نەتەوەییە و کە ئەو کێشە نەتەوەییە بەردی بناغەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرانی کۆماری کوردستان و خەباتی ٦٥ساڵەی پێشمەرگایەتی و خەبات و جموجۆڵی کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێران بووە و هەروا بەردەوام دەچێتە پێشێ و هەربۆیە هەموو تاکتیکەکانی ئێمە لە پێناو جێبەجێ کردنێکی موتەمەدینانە و سەردەمیانەی ئەو ئیستراتێژییە دایە.

ئێستا کە جمهوری ئیسلامی لەگەڵ خەباتێکی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵک ڕوبەڕوو بۆتەوە، ئێمە بۆ جارێکی دیکە پێمان خۆشە ئەو پەیامە بۆ هەموو لایەک بنێرین کە جمهوری ئیسلامی هەم لە نێوخۆی وڵات متمانە و ئێعتیبار و ئیعتمادی کۆمەڵانی خەڵکی لەدەست داوە و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتی ڕۆژ بەڕۆژ پتر لە پەراوێز دەخرێ و قەیرانی نێوخۆی ئێران دەبێ بە قەیرانێکی نێودەوڵەتی و جمهوری ئیسلامی درەنگ یا زوو یا وڵامێکی موتەمەدینانەی بۆ ئەو قەیرانە دەبێ کە تا ئێستا لە ماهییەتی دا نەبووە یا دەنا خەبات و جموجۆڵی کۆمەڵانی خەڵک بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک و مەعقوڵ و مەسئوول سەرکەوتوو دەبێ.

جێی خۆیەتی لێرەدا بۆ جارێکی دیکە ئەو پەیامە تەئکید بکەینەوە تا ئەو جێگەیەی پێوەندی بە ڕەخنەو ئینتقاد لە جمهوری ئیسلامی هەیە، ئەو سیستمە سی ساڵە ڕەخنەی لێ دەگیرێ. نەتەنیا لە نێوخۆی وڵات ئەو سیستمە بە حەدی کافی ڕەخنەی لێ گیراوەو ماهییەتی بۆ هەموو کەس ڕوون بۆتەوە، نەتەنیا لەلای حیزبە سیاسییەکان دا ماهییەتی جمهوری ئیسلامی ڕوون بۆتەوە، بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتیش دا، باوەر و متمانە وەک حکوومەتێکی مەسئوول بە جمهوری ئیسلامی نەماوە. ئەگەروایە ئێمە لایەنە سیاسییەکان دەبێ ئەو قۆناغە تێپەڕێنین لەسەر کێشە لەسەر ئەوەی کە جمهوری ئیسلامی کەم ڕەخنەی لێ بگیرێ یا زۆر ڕەخنەی لێ بگیرێ. لەسەر کێشە لەسەر ئەوەی کە کێ تەوەهومی هەیە بەرانبەر بە جمهوری ئیسلامی و کێ تەوەهومی نیە، ئەوە قۆناغێکە دەبێ ئێستا لە ئێران وەکوو بەدیهییات بێ بۆ هەمووکەس بە گشتی و بۆ نەتەوەی کورد و حیزبەکان بەتایبەتی ڕوون بێتەوە. ئێمە دەبێ قۆناغەکە بگۆزینەوە بۆ قۆناغی لێک نیزیک بوونەوە و کارکردن لەسەر نوسخەیەکی هاوبەش کە هەموو لایەنەکانی بەشداری کێشە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی لەسەرێک بە تەوافوق بگەین. ئەوەی کە لە ئێران دروست بووە بە نێوی بزوتنەوەی سەوز، لە ماوەیەکی کورت دا خۆی وەک ئاڵتێرناتیڤێک هێناوەتە گۆڕێ ڕەنگە پێویستی بەوە بێ بە پشتیوانەیەکی زۆرترو بە دیالۆگێکی زۆرتر و بە دانانی شەرت و شروتێکی لێک حاڵی بوون بیکەین بە ئاڵتێرناتیڤێکی گشتگیر هەم لە دەرەوە و هەم لە نێوەوە. ئەوە تەنیا ڕێگا چارەیەکە کە جمهوری ئیسلامی هەست پێ بکا پتر بێ ئایندەیە و تەنیا ڕێگایەک کە بە دنیای دەرەوە کە ئەو ئاڵتێرناتیڤە بناسرێ و تەنیا ئومێدێکە بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران کە پشتیوانی لە ئاڵتێرناتیڤی داهاتووی جمهوری ئیسلامی دەکەن. لەهەمان کاتیشدا کە ئێمە لەسەر ئەوە کار دەکەین، جێی خۆیەتی وەک نەتەوەی کورد بە گشتی و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتی و لەسەر ئەو ئەساسەش فکر بکەینەوە، کارکردن بۆ نەمانی جمهوری ئیسلامی و ڕووخانی جمهوری ئیسلامی و هێنانە گۆڕی سیستمێک کە دێمۆکراتیکەو مەعقولە و وڵامدەرە، کارێکی ئەسڵی ئێمەیە، بەڵام کاری ئەساسی تری ئێمە ئەوەیە دوای جمهوری ئیسلامی چی؟ کاری ئەساسی تری ئێمە ئەوەیە ئێران چۆن درووست دەکەینەوە، کاری ئەساسی تری ئێمە ئەوەیە لە ئێراندا کورد لە داهاتووی ئێراندا لە کوێدا جێ دەگرێ، کاری ئەساسی تری ئێمەیە، لە ئایندەی ئێراندا ئێمەی کورد چمان وەگیر دەکەوێ. ئێمە تەجروبەی گۆڕینی حکوومەت لە ڕابردووی ئێرانماندا هەبووە، ئێمە تەجروبەی ئینقلابی ئێرانیشمان هەبووە، ئێمە تەجروبەی ئاڵوگۆر لە دراوسێکانی ئێرانیشمان دا هەبووە، بۆیە لەو خانەیە و لەو سێناریۆیەدا بۆ جارێکی دیکە بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر زۆر گرینگە هێندە کە بیر دەکەینەوە ئەو سیستمە نەمێنێ یا بگۆڕێ و عاقڵ بێ، زیاتر لەوە فکر دەکەینەوە کە دوای نەمانی جمهوری ئیسلامی ئێمەی کورد لە کوێدا جێ دەگرین و تەنیا ڕێگەیەک کە دەستەبەری ئەمنییەت و زەمانەت و گارانتییەک دەکا، یەکگرتوویی ڕیزەکانی گەلی کورد لە نێو خۆیەتی، ئەگەر ئەو یەکگرتووییە لە هەمووناوچەکانی کوردستان جیاواز لە جیاوازی لەهجە و دیالێکت و مەزهەب و ناوچە و لە نێو حیزبە سیاسیەکاندا بێتە گۆڕێ و جێ بکەوێ، دڵنیام ئێمەی کورد لە داهاتوو لەو سێناریۆ ناڕوونانەدا دەتوانین سەرکەوتوو لەگەڵ هەر ڕووداوێک تەعامول بکەین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە لە بیرەوەری ٦٥ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکەراتی کوردستان، لەهەمووی ئێوە و لە هەمووی خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات پیرۆزبایی دەکەم. هیوادارم ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات و بیرەوەری ٦٥ساڵەی حیزبی دێموکرات ببێ بە ئیدامەی خەباتێکی ڕوونتر لە جاران، شەفافتر لە جاران، لە هەمان کاتیش دا هیوا و هومێدێکی زۆرتر دێنێتە گۆڕێ بۆ یەکگرتوویی حیزبە سیاسییەکان، بۆ یەکگرتوویی زۆرتر لە نێو کۆمەڵانی خەڵک، لە هەمان کاتیش دا بۆ جارێکی دیکە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات، لە دەرەوەی وڵات، لە باشووری کوردستان، لەهەر شوێنێک هەن لە هەموو شێوازەکانی خەبات کەڵک وەربگرن، بۆ ئەوەی باشتر لە جاران بتوانین بە یەکەوە پەیامی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران باشتر بە گوێی خەڵکی نێوخۆی ئێران بگەیەنین، بە گوێی خەڵکی دنیای دەرەوە بگەیەنین و لە داهاتووی ئێران دا مەسەلەی کورد بکەین بە مەسەلەیەک کە بێ چارەسەری مەسەلەی کورد دیسان

**ئێمە لە کێشەی خۆمان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دا کێشەمان لەسەر مەسەلەی کوردە. تا ئەو جێگای پێوەندی بە مافی تاک هەیە و بە دێموکراسی هەیەو بە مافی مرۆڤ هەیە بە مافی ژنان هەیە و بە ئازادی زیندانیانی سیاسی هەیە و بە چۆنییەتی حکوومەتی قانوون هەیە، ئێمە لەگەڵ تاک تاکی کۆمەڵگای ئێران شتی هاوبەشمان هەیە و تێدەکۆشین ئەو شتە هاوبەشە ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر بکەین**

ئێران ناتوانێ ئەمنییەت و ئارامش بە خۆیەوە ببینێتەوە. چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد و چارەسەر کردنی مەسەلە دێموکراتیکەکان یەکێک لەو شەرتانەیە کە دەکرێ هەموو لایەک بە یەکەوە لە ئێرانی داهاتوودا بە یەکەوە ئێران ئیدارە بکەین.

هەر ساغ و سلامەت و سەرکەوتوو بن.

# ئەو وانەیەی کە دەبێ لە شەڕی کوردستانەوە فێری ببین

## (بە بۆنەی ٣١مین ساڵڕۆژی دەست پێکردنی شەڕی کوردستان)

**خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

ئەم ڕۆژانە هاوکاتە لە گەڵ بیرەوەری ڕووداوێکی تاڵ لە مێژووی کوردستان و ئێران دا کە دەبێ هەمووومان ئەزموونی لێ وەربگرین. واتە دەست پێکردنی شەڕێک کە دواتر بە «شەڕی کوردستان» ناسرا. ئەو شەڕەی کە بە شێوەی فەرمی لە ڕێکەوتی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا بە بڕیاری ئایەتوڵڵا خومەینی دەستی پێکرد و کۆمەڵێک دەرهاویشتەی لێکەوتەوەوە کاریگەرییەکانی تا ئێستاش بەردەوامن. چونکە ئێستاشی لەگەڵدابێ کاریگەریی لەسەر پێوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کورد و ئێرانییەکانی دیکەدا هەیە. ئەم شەڕە ئەوەندە گرنگە کە ئەمڕۆکە دەبێ لە ئاستی جۆراوجۆردا، لە نێوان سیاسییەکان، ڕووناکبیران و خەڵک دا بخرێتە بەر باس و ڕەخنەی جیددی و بنیاتنەری لێ بگیردرێ، بۆ ئەوەی ببێتە ئەزموونێک و دیالۆگێکی بنیاتنەری جیددی لێبکەوێتەوە، تا نەتەنیا پێش بە دووپات بوونەوەی ئاوەها تراژیدی گەلێک لە داهاتوودا بگرین، بەڵکوو تەبایی و هەست بە بەرپرسیارەتی لە نێوان ڕێبەرانی سیاسی دا دروست بکا.

> **ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە لە هەموو شتێکی ڕابردوو ڕەخنە بگرین. بە پێچەوانەی ئەمە زۆر بێ مانا دەبێ ئەگەر بێتوو بڵێین «ڕابردوو ڕووناک کەرەوەی ڕێگای داهاتوویە»**

لەو نووسینەدا زیاتر ڕووی قسەم لە خەڵکی غەیرە کوردی ئێرانە. ئەوانەی کە هێشتا خەڵکی کورد، حیزبەکان و ڕێبەرانی سیاسی کوردستان لەم ڕووداوەدا بە تاوانبار و هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕەکە دەزانن. هەر بۆیە وتم مەبەستی من کردنەوەی دەرگای دیالۆگێکی جیددی و بنیاتنەرە. لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵێک پرسیار دەخەمە ڕوو: ئایا هەرگیز بە دوور لە دەمارگرژی و قەزاوەتی دەستبەجێ لە خۆتان پرسیوە کە ئاخۆ ئەم شەڕە بۆ و چۆن دەستی پێکرد؟ ئایا ئێوەش وەک ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی وا بیر دەکەنەوە کە شەڕی کوردستان، شەڕ لە دژی کفر بوو؟ ئایا ئێستاش پێتانوایە کە شەڕی کوردستان، شەڕێک بوو دژی جیاییخوازی؟ ئایا قەت گوێتان دایە پەیام و دەنگی خەڵکی کورد؟ ئێوە پێتانوایە کە بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی و بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی پێش دەست پێکردنی شەڕەکە لەگەڵ ئەم دواکارییە سادەی «دوکتور قاسملوو» دژایەتیان کرد کە دەیەویست تەنیا یەک کاتژمێر لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامییەوە لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی کوردستان و داخوازییەکانی خەڵکی کورد لەگەڵ خەڵکی ئێران قسە بکا؟ ئێوە پێتانوایە کە بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نامەی سەر ئاوەڵای کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە پاییزی ١٣٥٩دا بێ وڵام هێشتەوە کە لەودا داوا لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کرا بوو کە ئەگەر هێرش بۆ سەر کوردستان ڕابگیرێ، ئەوا هاوشان لە گەڵ ئەرتەش حیزبی دیموکرات ئامادەیە هەزاران کەس لە هێزی پێشمەرگەی خۆی بنێرێتە بەرەکانی شەڕ دژی عێراق؟ ئایا ئێوە ئێستا پێتانوایە کە داخوازییەکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە بریتی بوون لە بەڕێوبردنی ناوچە کوردنشینەکان لە لایەن هەڵبژێراوانی خەڵکەوە، خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە قوتابخانە و زانکۆکان داو ئازادی چالاکیی حیزبە سیاسییەکان و.. کە لە چوارچێوەی «خودموختاری»دا گەڵاڵە کرا بوو، کۆمەڵێک داخوازی نادیموکراتیکن؟ ئێوە پێتانوایە کە بۆ چەند ساڵ پاش شەڕەکە هەر وەک ماوەیەک لەوە پێش ئاغای «موسەوی» دانی بەوەدانا کە کاتێک سەرۆک وەزیران بوو دژی کۆکردنەوەی هێز و لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان بووە، بەڵام بەرپرسان گوێیان نەدایە قسەی سەرۆک وەزیرەکەی خۆیان و بۆ شەڕی کوردستان بۆ ئەوان لە شەڕی عێراق گرنگتر بوو؟ و.. ئەم پرسیارانەو کۆمەڵێک پرسیاری دیکە کە ئەمڕۆ ئەرکە لە سەر شانی ڕێبەرانی سیاسی و گۆڕانخوازان لە ئێران دا کە بەدوور لە دەمارگرژی و پاساو هێنانەوە بە دوای وڵامی شیاو و ڕاستەقینەدا بگەڕێن.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە لە هەموو شتێکی ڕابردوو ڕەخنە بگرین. بە پێچەوانەی ئەمە زۆر بێ مانا دەبێ ئەگەر بێتوو بڵێین «ڕابردوو ڕووناک کەرەوەی ڕێگای داهاتوویە».

ئەمن چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە وتارێکدا بە بۆنەی یادی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە وتم کە ئێستا کاتی ئەوە بەسەر چووە و هونەر لەوەدا نییە کە کێ باشتر ڕەخنە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی بگرێ، چونکە ناکارایی ئەو سیستمە بۆ هەمووان ئاشکرایە، بەڵکوو ئێستا هونەر لەوەدایە کە لە پرۆسەی بەرەو پێش بردنی دیموکراسی لە ئێراندا یارمەتیدەر بین. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لایەنگرانی دیموکراسی و گۆڕانخوازان لە ئێران بە بێ ڕەخنە گرتنی بێ لایەنانەو واقیعبینانە لە کۆمەڵێک ڕووداوی گرنگی مێژوویی و کاریگەر وەک شەڕی کوردستان کە ئاسەوارە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و دەروونییەکانی هێشتا



ماون، ناتوانن ئاستەنگەکانی بەردەم سەقامگیر کردنی دیموکراسی لە ئێران دا دەستنیشان بکەن و پرۆژەیەکی یارمەتیدەر بخەنە ڕوو. لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا کە بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی خەڵکی ئێران پێی ناوەتە قۆناغێکی جیددی و چارەنووس سازەوە، دەیان جار ئەم پرسیارە ڕوو لە خەڵکی کوردستان هاتە گۆڕێ کە بۆ بە پێی سروشتی خۆیان کە بەردەوام دژی کۆماری ئیسلامی لە خەباتدا بوون، لە «بزووتنەوەی سەوز»دا بەشداری چالاکانەیان نییە؟ دیارە ئێمە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نین کە بەشداری خەڵکی کوردستان لە بزووتنەوەی سەوزدا بەرچاو نییە، خەڵکی کوردستان نەتەنیا بەشدارییان کردوە، بەڵکوو بە پێی توانا و دەرەتان نرخیشیان داوە. بەڵام بە گشتیی هێنانە گۆڕی ئەم پرسیارە لە خۆیدا گرنگە و بە جێیە، بەو مەرجەی بە دوور لە مەیلی سیاسی خۆمان بە دوای وڵامێکی شیاودا بگەڕین بۆی. چونکە زۆر نالۆژیکییە کە خەڵکی کورد، ڕووناکبیران، حیزبەکان و ڕێبەرانیان زیاتر لە نیو سەدەیە بۆ دستبەر کردنی داخوازیی و مافە پێشێل کراوەکانیان باس لە دیموکراسی دەکەن و لە هەمان کاتیشدا بزووتنەوەی ئێستای خەڵکی ئێران بە دەستپێکی قۆناغێکی جیددی لە بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی خەڵکی ئێران بزانن، بەڵام خۆیان سەرەڕای ئەو هەموو نرخەی کە لە دەیەکانی ڕابردوودا لە پێناو گەیشتن بە داخوازییە دیموکراتیکەکانیان داویانە، ئەمڕۆ بەشداری بزووتنەوەیەکی دیموکراسیخوازانە نەبن. بۆیە وڵامدانەوە بەو پرسیارە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ. چونکە بە جورئەتەوە دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بۆ بێ متمانەیی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەم بێ متمانەییەش ڕیشەکەی لەو شەڕە درێژماوە و زاڵمانەیە دایە کە دژی خەڵکی کوردستان هەڵایسا. شەڕێک کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام بە کەڵک وەرگرتنی خراپ و وروژاندنی هەستی مەزهەبی و نیشتمانی لایەنگرانیان و بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و درۆ و تەوەهۆم لە بەرانبەر خەڵک و بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی کوردستان دا هەڵیانگیرساند.

بەم پێیە ئەمڕۆ ئەرکە لەسەر شانی هەموو چالاکانی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی ئێران و سەرجەم ئەو کەسانەی کە مشووری دیموکراسی داهاتووی ئێران دەخۆن کە شێلگیرانە، بەرپرسیارانە و ڕەخنەگرانە بڕوانە شەڕی کوردستان و ڕووداوی لەو جۆرە. ئێستا زۆرینەی خەڵکی کورد و چالاکانی سیاسی، کۆمەڵایەتیی و مەدەنی کورد لە سەر ئەو باوەڕەن کە شەڕی کوردستان بۆ ترسی دەسەڵات لە داخوازییە جیددی، دیموکراتیک و مەدەنییەکانی خەڵکی کورد لەو کاتەدا دەگەڕێتەوە. بۆیە ئێستاش بۆ ئەوەی پێش بە دووپات بوونەوەی ئاوەها تراژیدی گەلێکی مێژوویی بگیردرێ، پێویستە لە داخوازییە دیموکراتیک و ڕەواکانی خەڵکی کورد تێبگەن و قبووڵی بکەن. ئەمڕۆ دەبێ هەمووان ئەوە قبووڵ بکەین کە ڕێز بۆ ئیرادەی گشتیی کۆمەڵانی خەڵک و لایەنە پێکهێنەرەکانی ئێران دابنێین و بەو جۆرەی پێناسەیان بکەین کە بۆ خۆیان دەیانەوێ. ماف و داخوازییەکانیان بەو شێوەی کە دەیانەوێ بە فەرمی بناسین، نەک ئەوەی تا ئەو ڕادەی دەکرێ ماف و داخوازییەکانیان بەرتەسک بکەینەوە. دیموکراسی خۆی لە خۆیدا ئەمەیە و بۆ سەقامگیر کردنی دیموکراسیش لە داهاتووی ئێراندا پێویستە هەموو جیاوازییەکان قبووڵ بکەین و ڕێز بۆ ماف و داخوازییەکان دابنێین. تێگەیشتن لەم ڕاستییە، ئەزموونێکە کە دەبێ لە شەڕی کوردستان فێر بین، چونکە لە ڕاستیدا شەڕی کوردستان، شەڕی دیموکراسی بوو کە دژبەرانی دیموکراسی بە سەر خەڵکی کورددا سەپاندیان.

٣٠ی گەلاوێژی ١٣٨٩

٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٠

---

**ئاوات**

# یادێک لە ٢٨ی گەلاوێژ

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێران دا دوو ڕووداوی تاڵ و کارەساتبار وە بیردێنێتەوە. لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی دا سێ ڕۆژ دوای ئەوەی حەمە ڕەزا شای پەهلەوی لە ژێر تەوژمی ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵکی ئێران دا ناچار بوو ئێران بەجێ بێڵێ و ڕوو بکاتە بەغداو لەوێ ڕا بەرەو قیبلەی ئاواتەکانی وەڕێ کەوێ، بە کودیتایەکی هاوبەشی کۆنەپەرستیی ئێران و ئیمپریالیزمی تازە نەفەسی ئەمریکایی ئەودەم حکوومەتی نیشتمانیی دوکتور مهدی مصدق ڕووخا، شای هەڵاتوو گەڕاندرایەوە ئێران و دەورەیەکی تاریک لە سەرکوت و زەبرو زەنگ دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی کێشا.

ڕقی کەڵەکە بووی ئازادیخوازانی ئێران بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی سەرەنجام لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ دا کۆتایی بە حکوومەتی بنەماڵەی پەهلەوی و لەویش زیاتر دەورانی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵەی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران دا هێنا. خەڵکی ئێران بە هەموو چین و توێژ و نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانیانەوە چاوەڕوان بوون ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کە بەرهەمی ڕەنج و کوێرەوەری و خوێن و فرمێسک و قوربانیدانی دەیان ساڵەی ئەوان دژی سەرەڕۆیی بوو، هەموو ئاواتەکانیان وەدی بێنێ و هەموو مافە ڕەواکانیان بچەسپێنێ کەچی بەداخەوە هەر لە یەکەم مانگەکانی بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی تازەوە دەرکەوت کە ئەوەی دوای ڕیفراندۆمی ڕۆژانی دە و یازدەی خاکەلێوەی ١٣٥٨ ناوی کۆماری ئیسلامیی بە سەر دابڕا، بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی خەڵک جێنشینێکی شیاو بۆ ڕێژیمی پاشایەتییە و لە ڕاستیدا کە تەنیا گۆڕانێک کە بە سەر سیستمەکەدا هاتوە، ئەوەیە کە مێزەری ئاخوند جێگای تاجی پادشایی گرتۆتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان بە ناهەق بە نیزامی عەدلی ئیلاهی یان ناودەبرد، لە بەرامبەر هەموو داخوازە چینایەتی و سینفی و نەتەوایەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەموو جۆراوجۆرییەکانی خەڵکی ئێران دا تەنیا یەک وەڵامی پێ بوو. ئەویش سەرکوتی بێ بەزەیی یانەو گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و دەربەدەرکردن و ئیعدام بوو، بە داخەوە لەبەرئەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە بەشی هەرە زۆری ناوچەکانی ئێران دا خۆیان بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ سیستمی تازە ئامادەکردبوو و تەنانەت بە فکریشیان دا نەهاتبوو کە دەگەڵ سەرکوتێکی لەو چەشنە بەرەو ڕووبن، کۆماری ئیسلامی توانی لە تاران و زۆربەی هەرە زۆری بەشەکانی ئێران دا دەنگی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵک لە گەروو دا بخنکێنێ.

لەو نێوە دا کوردستان بە حوکمی ئەزموونێکی دەوڵەمەند کە لە بەرەو ڕووبوونەوەی دیکتاتۆری و زەبروزەنگ دا بەدەستی هێنابوو، بارودۆخێکی جیاوازی هەبوو هەر لە سەرەتاوە، دەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە هەموو توانایەوە لە ڕاپەڕینی دژی ڕێژیمی پاشایەتی دا بەشدار ببوون و قوربانییان دابوو، بە دروشمەکانی کاربەدەستانی ڕێژیمی تازە هەڵنەخەڵەتان و تا ڕادەیەکی بەربەرین ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامییان بایکۆت کرد. لە پاشانیش لەسەر داخوازەکانیان سوور بوون و لە بەرامبەر پەلاماری کۆنەپەرستی بۆ سەر ماف و ئازادییەکانیان دا ڕاوەستان. بە جۆرێک کە کوردستان بوو بە تەنیا ناوچەی ئێران کە دەنگی نای بە فەرمانە بەناو «خودایی و ئاسمانی»یەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی گوت.

دوای ئەوەی تەقەلای فریودەرانەی ئاخوندەکان و سەرکوتی بێ بەزەییانەی هێزە چەکدارەکان بۆ بەچۆکداهێنانی خەڵکی کوردستان کاریگەر نەبوو، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ و لە ساڵڕۆژی کودیتا شوومەکەی ١٣٣٢دا ئایەتوڵڵا خومەینی فەرمانە بەدناوەکەی بۆ پەلاماردانی کوردستان دەرکرد کە چونکە فەرمانەکانی هەمیشە ڕواڵەتێکی ئایینی یان لێ دەدرا دەکرێ بە فتوای جیهاد بە دژی گەلی کوردی ناوبەرین. بەدوای دەرچوونی ئەو حوکمە نارەوایە لەشکری هەڵخەڵەتاوانی قوڕمیش کراو وەک لەشکریانی چەنگیز و هۆلاکۆ بە کوردستان وەربوون و لە سەرتاسەری ئێرانەوە هەڵخەڵەتاوانی نائاگا بە فەرماندەریی داخ لە دڵانی کۆنەپەرست بەرەو کوردستان وەڕێ خران.

ئەو لەشکرییانە کە وا حاڵی کرابوون دەچنە جیهادی کافران و تاوان و جینایەتیان بە تاعەت و عیبادەت بۆ حیساب کرابوو، بێبەزەییانە پەلاماری شارو گوندو شاخ و دەشتیان داو تەڕو وشکیان پێکەوە سووتاند، بەو خەیاڵە کە لەم دنیایە ڕەزامەندیی ئیمامەکەیان بەدەست بێنن و بۆ ئەو دنیاش قەسروقسوورو حوور و غیلمانی بەهەشت بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

بەڵام بەخۆشی و شانازییەوە پەلاماری کۆنەپەرستی دەگەڵ بەربەرەکانی قارەمانانەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بەرەوڕوو بوو و سەربازانی قوڕمیش کراوی ئیمامی زەمان لووتیان لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان و لەوەش زیاتر چیای لە گیران نەهاتووی ورەو ئیمانی پێشمەرگەی کورد هەڵ چەقی. لە هەموو ناوچەیەک و هەموو بەرەیەک تاڵاوی شکستیان بەگەروودا کراو تەلەفاتی قورسیان لێ درا.

بەڕواڵەت بەربەرەکانیی کۆمەڵانی گەلی کورد ئایەتوڵڵا خومەینیی لەو خۆشحاڵییە دەرهێناو ڕاستییەکانی تێگەیاند. ئەوە بوو لە ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا بەدەرکردنی پەیامێک وای نیشان دا کە «بەدخوازان» ئەویان خراپ حاڵی کردوە و داوای کرد شەڕ ڕابگیرێ و بەڕواڵەت هەیئەتێکیشی ڕاسپارد کە بێنە کوردستان و لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بکۆڵنەوە. کەچی بەداخەوە زۆری پێنەچوو بۆ هەمووان دەرکەوت پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری خومەینیش هەر هەوڵێکی فێڵبازانە و ڕیاکارانە بۆ وەدەستهێنانی کات و ڕێکخستنەوەی هێزە سەرکوتکەرەکان بووە. هەیئەتی دەوڵەت هەرگیز نەکەوتە وتووێژێکی جیددی بۆ بەرەسمییەت ناسینی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و هێزە سەرکوتکەرەکانیش هیچ وەخت لە پیلانگێڕان و خۆئامادەکردن بۆ پەلاماردانەوەی کوردستان غافڵ نەبوون. ئەوەبوو کە لە بەهاری ١٣٥٩دا سەر لە نوێ و بەربڵاوتر لە جارانیش هێرش بۆ سەر کوردستان دەستی پێکردەوە و شەڕێک بەسەر گەلی کورددا سەپا کە هەتا ئێستاش بەجۆرێک لە جۆران بەردەوامە.

بەهەرحاڵ، سەرباری هەموو کوشت و کوشتارو مەرگ و ماڵوێرانییەک کە بەسەر کوردستان دا سەپێندرا بەخۆشییەوە کۆماری ئیسلامی هەرگیز نەیتوانی گەلی کوردو بزووتنەوە هەقخوازانەکەی بەچۆکدا بێنێ و ئەمڕۆ دوای ٣١ ساڵ لە فەرمانی دژی ئینسانیی خومەینی کۆمەڵانی گەلی کورد وشیارانەتر لە هەموو کاتێک داوای ماف و ئازادییەکانیان دەکەن و تا وەدەستهێنانیشیان دەست لە خەبات هەڵ ناگرن.

ئەگەر حەمەڕەزاشا نەیتوانی هەتا سەر بەروبووی کودیتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بخواو لە تەواوی ئەو ئێرانەی بە ملکی بێئەملاوئەملای خۆی دەزانی، بستە خاکێکی پێنەبڕا، خومەینیش ئاواتی دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی بردە بن گڵ. لەوەش گەڕێین کە ئەو ڕێژیمەی خومەینی هەموو تاوانێکی دژی ئینسانیی بۆ لەسەرپێڕاگرتنی حەڵاڵ کرد ئێستا لە هەموو دەورانێک بێ ئایندەتر و ڕوو لە فەناترە. بەڵام تۆ بڵێی ڕێژیمە دژی گەلییەکان لە چارەنووسی یەکتر پەند وەرگرن؟

# جەوهەری ناکۆکی خوڵقێنی سیستم

حەسەن شێخانی

سیستمە ئایدۆلۆژیکەکان، سیستم گەلێکی قەیراناویین و خاوەن جەوهەرێکی ناکۆکی خوڵقێنن. زۆر جار خوێندنەوەی جۆراجۆر بۆ ئایدۆلۆژیای فەرمی، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکی. سەرەڕای ئەوە کە هەوڵی یەکسان سازی و یەکدەست کردنی دەسەڵات دەدرێ بەڵام بەردەوام کێشە و ناکۆکی دێتە ئاراوە و هەوڵی یەکدەست کردنی دەسەڵات لە باردەچێ.

سیستمی کۆماری ئیسلامی وەک سیستمێکی ئایدۆلۆژیک لەم یاسایە بەدەر نیە. دوای کەم بوونەوەی خۆپیشاندان و ئیعترازەکانی بزووتنەوەی گۆڕانخوازانەی ئێران و کەم رەنگ بوونەوەی ئەم مەترسییە وەک فاکتەرێکی یەکانگیر، ناکۆکی بەرۆکی بناژۆخوازەکانی گرتەوە. بەتایبەت لە دوای رەنگدانەوەی چەشنێک ناسیۆنالیزمی بێ شوناس لە قسەکانی ئەم دواییانەی ئیسفەندیاری رەحیم مەشایی، بەرپرسی نووسینگەی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژاد دا، کێشەو ناکۆکییەکانی بناژۆخوازەکان رەهەندێکی نوێتر و بەر بڵاوتریان بەخۆوە گرتووە.

بۆ تێگەیشتن لە چییەتی و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەم ناکۆکییانە، ئاوڕێک لە سترۆکتۆری دەسەڵات و پێوەندییەکانی نێوان ئەکتەرو لایەنەکانی نێو بازنەی داخراوی دەسەڵات لە سیستمی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا دەدەبینەوە.

بازنەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا وەک سیستمێکی پشت بەستوو بە ویلایەتی فەقیە، هەر لەسەرتای دامەزرانیەوە بەرتەسک کرایەوە. خەڵکێکی زۆر لەبەر هۆکاری مەزهەبی و ئایدۆلۆژیک، دەرەتانی بەشداریکردنیان لە بازنەی بڕیاردان دا لێ زەوت کرا و هەوڵی سڕینەوەیان درا. پرۆسەی سڕینەوەو وەلانان لەو کەس و لایەنانەوە دەستی پێکرد کە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای فەرمی دا جێیان نەدەگرت و دواتر پێڕەوان و باوەرمەندانی بە ویلایەتی فەقیهیشی گرتەوە.

لە کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژاردنی ئازاد بوونی نییە و دامەزراوە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە لایەن توێژێکی تایبەتەوە قۆرخ کراون، بەم هۆیە تاکەکانی کۆمەڵگە ناتوانن لە سەر بنەمای هەل و مەرجێکی یەکسان لەگەڵ یەکتر کێبەرکێ بکەن و هەر جارەی بەشێکیان لەرێگەی بەدەست هێنانی دەنگی زۆرینەی خەڵکەوە لە ناوەندی بڕیارداندا جێبگرن. بەم پێیە لە کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دێموکراتیک دەستاودەست ناکرێ و ئەکتەرەکانی نێو دەسەڵات بۆ مانەوەو جێگیربوون و زیاترکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە میکانیزم گەلی نارەواو نادێموکراتیک کەڵک وەردەگرن و هەوڵی سڕینەوەو وەلانانی یەکتر دەدەن.

بەهۆی جەرهەری ئایدۆلۆژیکی سیستم و پارادۆکسەکانی نێو یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی، خوێندنەوەی جۆراجۆر و جیاواز و تەنانەت دژ بەیەک لە پێوەندییەکانی دەسەڵات و پێوەندیی نێوان دەسەڵات و خەڵک دەکرێ و ئەمەش زەمینەی سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکیی بەردەوام، دەرەخسێنێ.

بە پێچەوانەی وڵاتانی دێموکراتیک کە لەواندا هەر هێزو لایەنێک بە پشت بەستن بە دەنگی خەڵک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو سوکانی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا دەنگی خەڵک یەکلاکەرەوە نییەو لەم نێوە دا کۆمەڵێک میکانیزمی نادێموکراتیک و دەرەوەی یاسا رۆڵ دەگێڕن. بۆ نموونە: باڵی موحافیزەکار نە بەپشت بەستن بە دەنگی خەڵک، بەڵکوو بە کەڵک وەرگرتن لە ئەسڵی نادێموکراتیکی «نظارت استصوابی» و ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا توانی باڵی ریفورم خواز لە بازنەی دەسەڵات وەلابنێ و رێگەش لەوە بگرێ کە دووبارە بێتەوە ناو بازنەی دەسەڵات. لەم چوارچێوەدایە کە کێشە و ناکۆکییەکانی نێو دەسەڵات لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی دا پێناسەیەکی تایبەت وئاراستەیەکی جیاواز وەردەگرن و بە دۆخێکی ناتەندروست وەسف دەکرێن.

لە سیستمەدێموکراتیکەکاندا  هەبوونی کێشە و ناکۆکی دیاردەیەکی سروشتین و تەنانەت لە نێو پارتەکانی ئەو وڵاتانەش دا کێشەو ناکۆکی دێتە ئاراو هێندێک جار دەبێتە هۆی جیابوونەوە. بۆ نموونە چەند ساڵ لەمەوبەر پارتی لیکودی ئیسرائیل جیابوونەوەی تێکەوت و ئەو بەشەی جیابوونەوە ناوی «کادیما» یان بۆ خۆیان هەڵبژارد. لیکود و کادیما وەک دووحیزبی سەر بەخۆ وێڕای حیزبەکانی دیکە لە هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەدا بەشدارییان کرد و ئاکامی هەڵبژاردنیشیان وەک پێوانەیەک بۆ رادەی بەشداربوونیان لە دەسەڵاتدا قبووڵ کرد. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا کێشەو ناکۆکییەکان دەبنە دیاردەیەکی نێگەتیڤ و ئاراستەیەکی وێرانکەر بەخۆوە دەگرن. بۆ روونکردنەوەی زیاتری ئەم دیاردەیە، کێشە وناکۆکییەکانی ئەم دواییانەی نێو لایەنی بناژۆخواز وەک نموونە وەردەگرین و هەوڵی شیکردنەوەی دەدەین.

> لە کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژاردنی ئازاد بوونی نییە و دامەزراوە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە لایەن توێژێکی تایبەتەوە قۆرخ کراون، بەم هۆیە تاکەکانی کۆمەڵگە ناتوانن لە سەر بنەمای هەل و مەرجێکی یەکسان لەگەڵ یەکتر کێبەرکێ بکەن

١-بەوتەی «عەلی موتەهەری» یەکێک لە سیما ناسراوەکانی بناژۆخوازەکان، ئەحمەدی نژاد و داورودەستەکەی وا هەست دەکەن بە چەشنێک سەربەخۆیی لە ناسینی ئیسلام گەیشتوون و ئیتر پێویستیان بە ئاخوندەکان وەک واسیتەیەک بۆ ناسینی ئیسلام نییە. ئەوان پێیان وایە لە سەردەمی «ظهور»دا بەسەردەبەن و مەبەستیشیان لە ویلایەت زیاتر ویلایەتی ئیمامی زەمانە نەک ویلایەتی فەقیە.

«مورتەزا نەبەوی» یەکێکی دیکە لە کەسایەتییە ناسراوەکانی لایەنی بناژۆخواز دەڵێ تاقمی نیزامی ـ ئەمنییەتیی ئەحمەدی نژاد ئیسلامی بێ روحانییەت دەخوازن و پەرەی پێدەدەن.

زۆرێک لە ئاخوندە سوننەتییەکان پێیان وایە ئەم مەسەلەیە هەم لادانە لە ئایدۆلۆژیای فەرمی و هەمیش ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە تاقمی نیزامی_ ئەمنییەتیی ئەحمەدی نژاد دەیانەوێ لەرێگەی دەست بەسەر داگرتنی هەموو بنیات و دامەزراوەکانی دەسەڵات و مۆنۆپۆل کردنی دەسەڵات لە دەست خۆیاندا، بەشێکی زۆر لە ئاخوندەکان لە دەسەڵات وەلابنێن. ئەو ئاخوندانەی لە دەرەوەی چوارچێوە دێموکراتیکەکان و بەشێوەیەکی «مادام العمر» لە دەسەڵات دا جێیان گرتووە.

٢_رەنگدانەوەی چەشنێک ناسیونالیزم لە قسەکانی «رەحیم مەشایی»دا مقۆمقۆی زۆری لێ کەوتۆتەوە. پێدەچێ ئەحمەدی نژاد و تاقمەکەی بیانەوێ بەهێنانە ئارای دیسکۆرسی « ئێرانیگەری» لە نێو چینی نێونجی کۆمەڵگەدا پێگەیەک پەیدا بکەن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا کەڵکی لێ وەربگرن. ئەم مەسەلەیە لە لایەن بەشێکی زۆر لە ئاخوندەکان و ئەکتەرەکانی دیکەی نێو دەسەڵاتەوە وەک لادان لە ئایدۆلۆژیای فەرمی ناوزە دەکرێ و بەتوندی دژایەتی دەکرێ.

یاسای بنەرەتیی کۆماری ئیسلامی لەسەر دوو بنەمای دژبەیەکی «خەڵکی» و «ئیسلامی» دامەزراوە. لەدووی جۆزەردانی ١٣٧٦وە هەر کام لە باڵی ریفۆرم خواز و موحافیزەکار گرینگییان بە یەکێک لەم دو بنەمایە دواە و یەکێک لەو دوو بنەمایەیان زەق کردۆتەوە. بەچەشنێک هێندیک جار زەق کردنەوەی بنەمایەک دەگاتە ئاستی نادیدەگرتنی بنەمایەکی دیکە. بەڵام بۆ یەکەم جارە بەم شێوەیە باس لە «مەکتەبی ئێرانی» دەکرێ و دەگوترێ ئێمە دەبێ مەکتەبی ئێرانی بە جیهان بناسێنین .مەسەلەیەک کە بەبڕوای بەشێکی زۆر لە ئاخوندەکان و ئەکتەرەکانی دیکەی نێودەسەڵات لەگەڵ پێناسەی ئیسلامیی سیستم ناگونجێ.

٣-مەسەلەیەکی دیکە کە لە ناکۆکییەکانی ئەم دواییانەی نێوان باندی نیزامی_ ئەمنییەتیی ئەحمەدی نژاد وبناژۆخوازەکانی دیکەدا کاریگەری هەیە هەڵاتن لە جێبەجێ کردنی یاسا و پێشێل کردنی هێندێک یاساو رێوشوێنی یاسایی لە لایەن ئەحمەدیNژادەوەیە.

لە سیستمێکی یاسامەندی دێموکراتیک دا ئەگەر سەر کۆمار لە یاسا لابدا لە لایەن پارلمان و دەزگای دادەوە لێ پرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ و سزای پێویست دەدرێ. بەڵام لە کۆماری ئیسلامی دا بە هۆی لاوازیی دەزگاکانی چاوەدێری و سەربەخۆنەبوونی دەزگای داد و پشتیوانی ئۆرگانەکانی سەرەوەی یاسا لە ئەحمەدی نژاد، ناوبراو بێ باکانە درێژە بە پێشێل کردنی یاسادەدا.

٤-ئەگەرئەوگریمانەیەشمان قبوول نەبێ کە لانی کەم بەشێک لە دژبەرانی ئەحمەدی نژاد و داورودەستەکەی، بەوەرگرتنی چرای سەوز لە بەیتی رێبەریی، بەشێوەیەکی توند هێرش دەکەنە سەر رەحیم مەشایی وەک یاری غاری ئەحمەدی نژاد، پێدەچێ بەیتی رێبەریی لەم دژایەتی کردنانە نارەحەت نەبێ. بەبڕوای هێندیک لە چاوەدێرانی سیاسی، ئەحمەدی نژاد هێندیک جار «زیاتر لە بەرەی خۆی پێ رادەکێشێ»، بەم هۆیە رێبەریی دەیەوێ بە هەڵگرتنی دەستی پشتیوانی خۆی لە ئەحمەدی نژاد، ناوبراو لە سەر جێی خۆی دانیشێنێتەوە وپێی بڵێ ئەگەر پشتیوانییەکانی ئێمە نەبێ، دژبەرانت بێکار دانانیشن. ئەمەش لە ئاکامدا لەوانەیە گرێداروتربوونی ئەحمەدی نژادی بە خامنەیی لێبکەوێتەوە. هەمووی ئەمانەش نیشاندەری ئەوەن کە لە سیستمی غەیرە یاسامەندی کۆماری ئیسلامیدا لەو کێشە و ناکۆکییانە وەک ئامرازێک لە هاوکێشەکانی دەسەڵات دا کەڵک وەردەگیرێ.

**ئەنجام:**

بە هۆی پارادۆکسەکانی سترۆکتوری و نیهادیی سیستم، ئۆلیگارشیک بوونی دەسەڵات و غەیرە یاسامەند بوونی سیستم و، هەروەها بەهۆی ئەوە کە لانی کەم بەشێک لە لایەنەکان و ئەکتەرە سەرەکییەکانی دەسەڵات، میکانیزمی هەڵبژاردنی ئازاد و دەنگی خەڵک وەک فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و دەستاودەست کردنی قبووڵ ناکەن، کێشەو ناکۆکی لە چەشتی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنی بناژۆخواز دێنە ئاراوە و حاڵەتی شەڕی دەسەڵات بە خۆوە دەگرن و سیستمی هەیی زیاتر لە پێشوو ناکارا دەکەن.

ب. هیوا

# لەبارەی بورسیەکانی خوێندن لە حیزبی دێموکرات دا

دەمەویست بە بۆنەی ٦٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، ئاوڕێک لە خزمەتە فەرهەنگییەکانی حیزب بدەمەوە و بیکەم بە هەوێنی نووسینێک. دابینکردنی بورسیەی خوێندن بۆ دەیان لاوی کورد لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا، یەک لەو هەنگاوانەی حیزب بوو کە سەرنجیان راکێشام. بەو هۆیەوە کە ئەم هەنگاوەی حیزبی دیموکرات و ئاکامەکانی ـ ئەوەندەی من بزانم ـ هیچکات نەبووە بە هەوێنی نووسینێک، بڕیارم دا لە پێشدا لەم بارەیەوە هێندێک راوسەرنجی خۆم لە توێی ئەم نووسینەدا بخەمەڕوو. لە داهاتووشدا، دوای ئەوەی زانیاریی پێویستم کۆکردەوە، لێکۆڵینەوەیەک لەم پێوەندییەدا بکەم.

لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوییەوە، هەتا کۆتاییەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی، حیزبی دیموکرات چەند وەجبە لە لاوانی کورد کە زۆربەیان کادرو پێشمەرگەو ئەندامی حیزب بوون، لە دەستەی گەورەو بچووک دا، بە مەبەستی درێژەدانی خوێندن رەوانەی وڵاتانی ئورووپایی کرد. رێبەریی حیزبی دیموکرات بەم کارەی دەیەویست دەرفەتێک بۆ لاوانی کورد پێک بێنێ تا لە زانستگەکانی وڵاتانی ئورووپایی بخوێنن و خۆیان پێ بگەیەنن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا خزمەتی زیاتر و کاری گرنگتر لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد دا ئەنجام بدەن.

گومانی تێدا نییە کە مەبەستێکی پیرۆز و عەقڵێکی دوارۆژبینانە لە پشت ئەم هەنگاوەی حیزبی دیموکرات دا هەبووە. حیزبێکی بەرپرس و جووڵانەوەیەکی دووربین دەبێ بیر لە پێگەیاندنی کادری جۆراوجۆر بۆ پێ ئەسپاردنی کاروبار و بەرپرسایەتییەکانی خۆیان بەوان لە داهاتوودا بکاتەوە. بیرکردنەوە لەم پێویستییە بووە کە رێبەریی حیزبی دیموکرات و بەتایبەتی شەخسی دوکتور قاسملوویان پاڵ پێوەدەنا تا دەرگەی جۆراوجۆر بە مەبەستی وەرگرتنی بورسیەی خوێندن بۆ لاوانی کورد بکوتن.

ئەو لاوانەی، حیزبی دیموکرات بورسیەی پێ دان، لە نێو دەیان و سەدان لاوی پێشمەرگەدا کە ئاواتی درێژەی خوێندن و خۆزیای بەدەستهێنانی هەلێکی ئەوتۆیان هەبوو، هەڵ بژێردران. ئەگەر لە سەرەتاشدا پێوەر و رێوشوێنێکی دیاریکراو بۆ دەستنیشانکردنی داواکارانی بورسیەکان نەبوو، دواتر رێبەریی حیزب هێندێک رێوشوێنی دانا بۆ ئەوەی گونجاوترین کەسەکان بورسیەی خوێندنیان پێ بدرێ. بەو حاڵەش زۆر لەوانەی بۆ ئەم مەبەستە گونجاو بوون، لەبەر کەمی و سنووردار بوونی بورسیەکان و شانسی درێژەی خوێندن، یان دوور بوونیان لە بازنەی سەرنج و لوتفی ناوەندی بڕیاری حیزب، بە ئاواتی خۆیان نەگەیشتن. هەشبوون کەسانێک کە بورسیەی خوێندنیان پێدرا و بۆ دەرەوەی وڵات ناردران، بەڵام قەدری ئەو شانسەیان نەزانی و لە ئاست ئەو چاوەڕوانییەدا نەبوون کە حیزبی دیموکرات و جووڵانەوەی کورد لێیانی هەبوو. دیارە ئەو دەستەیەش نابێ لەبیر بکەم کە ئەو دەرفەتەیان بەباشی قۆستەوە و زۆر بە جیدی خۆیان بۆ خوێندن و فێربوون و خۆپێگەیاندن تەرخان کردو دەریانخست کە شایستەی ئەو هەڵبژاردنە بوون. بەتایبەتی کە ژمارەیەک لەوان لەبەر کەم ئەندامی و نەقوستانی لە لایەن حیزبەوە رەوانەی دەرەوەی وڵات کران بەڵام سەرەڕای بارودۆخی نالەباری جەستەیی و رۆحی و گیروگرفتەکانی سەرچاوەگرتوو لە برینداری و نەخۆشی، لەپەنا کاری حیزبی و نیشتمانپەروەرانەدا، خوێندیان و خۆیان پێگەیاند.



> زۆر لەوانەی بۆ ئەم مەبەستە گونجاو بوون، لە بەر کەمی و سنووردار بوونی بورسیەکان و شانسی درێژەی خوێندن، یان دوور بوونیان لە بازنەی سەرنج و لوتفی ناوەندی بڕیاری حیزب، بە ئاواتی خۆیان نەگەیشتن

پرسیارێک کە لەبارەی سەرجەمی وەرگرانی بورسیەی خوێندن، بۆ مەمانان دێتە گۆڕێ، ئەوەیە ئایا ئەوان لە پاداشی ئەو شانسەدا کە حیزبەکەیان و جووڵانەوەی کوردستان پێی دان چیان بۆ حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلەکەیان کردوە؟ بۆ وێنە ئەوانەیان کە لە خوێندن دا سەرکەوتوو نەبوون، ئایا ئامادەبوون ئەرک و کاری حیزبی و نەتەوەیی بگرنە ئەستۆ و، بەهاوکاریی ماڵی و خزمەتی ئینسانی و تێکۆشانی سیاسی، قەرەبووی نەخوێندن و سووتاندنی بورسیەکان بکەنەوە. ئەدی ئەوانەی خوێندنی بەرزیان تەواو کردو بوون بە دوکتور، مافناس، زمانەوان، دەروونزان، ئەندازیار، کۆمەڵناس و پسپۆری بوارە جۆراوجۆرەکان، چەندجار گڕانەوە بۆ کوردستان و بەشێک لەم پسپۆری و شارەزاییەی خۆیان خستە خزمەت ئەو هاوڕێ، هاوسەنگەر و بنەماڵانەی لە هەلومەرجێکی سەخت دا لە هەرێمی کوردستان، گیرسانەوە؟ ئەگەر نەشگەڕانەوە کوردستان، ئایا لە دەرەوەی وڵات بەجۆرێک لە جۆرەکان لە خزمەت دۆزی رەوای نەتەوەکەیاندا هەن؟

وەک لە سەرەتاوە گوتم ئەمە یەکەم جارە «خێرو شەڕ»ی بورسیەکانی خوێندنی حیزبی دیموکرات دەبێتە هەوێنی نووسینێک. بەڵام ئەم نووسینە تەنیا ئەرکی بیرهێنانەوەی ئەم هەنگاوەی حیزبی دیموکرات و وروژاندنی هێندێک پرسیاری لەو پێوەندییەدا لە ئەستۆ بوو. تیشک خستنە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم هەنگاوە و چەندوچۆنی دەسکەوت و ئاکامەکانی با بمێننەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەک کە نووسەری ئەم دێڕانە بەنیازە لە داهاتوودا ئەنجامی بدا.

# حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی فەرهەنگی

مەسعود ڕەواندوست

حیزبی دێموکراتی کوردستان ٦٥ ساڵ لەمەوبەر وەک یەکەمین حیزبی مۆدێرنی کوردی، لەسەر بناغەی تەشکیلاتیی کۆمەڵەی ژ. کاف دامەزرا کە پێک هاتبوو لە کۆمەڵێک ڕووناکبیر و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی وەک پێشەوا قازی محەممەد و کەسانیتر. ئەو کۆمەڵەیە لە هەلومەرجی سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی کە بۆشایی دەسەڵات لە کوردستان پێک هاتبوو بە دەرک کردنی هەلومەرجەکە و بۆ وەدیهێنانی ئاواتی لەمێژینەی گەلی کورد حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەسەر بنەمایەکی نیشتمانپەروەرانە دامەزراند.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە حیزبی گرووپ، چین یان توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگای کوردستان نەبوو، بەڵکوو حیزبێکی جەماوەری بوو و لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریی لەخۆیدا کۆکردبۆوە و، هەر بۆیە سروشتی بوو کە ئامانج و بەرنامەکانی ئەو حیزبە ڕەنگدانەوەی ویست و خواستەکانی زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران بێ و دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەک ویست و ئاواتی سەرەکیی گەلی کورد نیشانەی بەرچاوی ئەم ڕەنگدانەوەیە و هەست بە بەرپرسیارێتی کردنی بەرپرسانی ئەم حیزبە بوو.

حیزبێکی بەو تایبەتمەندییانەی باسکرا سروشتییە لە ڕەوتی خەبات و چالاکیی‌دا و لە تەمەنی سیاسیی خۆی‌دا کاریگەری لە مەیدانی چالاکییەکانی کە کوردستانی ئێرانە وەرگرێ و لە هەمان کات‌دا کاریگەریشی لەسەر ڕووداوەکان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆمەڵگەیە هەبێ. حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەم ٦٥ ساڵەدا لەگەڵ ویست و داوا و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردستان ژیاوە و خەبات و چالاکیی نواندوە. کادر و پێشمەرگە و پێرسۆنێلەکەی لە ڕۆڵەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆمەڵگایە پێک هاتوون و ریزەکانی حیزب هەمیشە نموونەیەکی بچووکی جۆراوجۆری و ڕەنگاوڕەنگیی کۆمەڵگای کوردستانی ئێران بووە. هەر بۆیە حیزب بەردەوام لەگەڵ هەموو لایەنە کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابوورییەکەی کۆمەڵگای کوردستان لەپێوەندیی ڕاستەوخۆدا بووە و هەموو هەڵکشان و داکشانەکانی لە هەموو ئەو بوارانەدا هەست پێکردوە و هەوڵیشی داوە وەک قوتابخانەیەک لە نێو ریزەکانی خۆی‌دا ئەم زانیارییانە لێک بداتەوە و شیی بکاتەوە و لایەنە لاواز و بەهێزەکانی هەڵبسەنگێنێ و لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و بەختەوەردا لایەنە لاوازەکانی وەلابنێ و کار بۆ نەهێشتنیان بکا و، لایەنە بەهێز و ئەرێنییەکانی بەهێزتر بکا و وەک شانازییەکانی گەلی کورد بیانکا بە دەستمایەی خەبات و بەرەوپێشچوون.

یەکێک لەو لایەنە زۆر گرینگ و بنەڕەتییانەی ئەم پێوەندییە دوو لایەنەی نێوان حیزب و گەڵ لایەنی فەرهەنگی بووە کە مێژووی ٦٥ ساڵەی حیزب نیشانی داوە لەم لایەنە نەک غافڵ نەبووە بەڵکوو بەردەوام لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات و بە پێی هەلومەرجی حیزب بەرنامەی بۆی هەبووە و هەرکات دەرفەتی بەکردەوەیی کردنی بەرنامەکانی بۆ ڕەخساوە، لە مەیدانی کردەوەدا زۆر خزمەتی بە نرخی کردوە و بە هەست بە بەپرسیارێتی کردنەوە ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە بردوە.

لێکدانەوەی چالاکییە فەرهەنگییەکانی حیزبێک بە ٦٥ ساڵ تەمەن و لە چەند قۆناغی زەمانیی جیاوازدا کارێکی چڕوپڕ و شی کردنەوەیەکی زانستی پێویستە کە لە چەند لاپەڕە نووسین‌دا ناگونجێ. هەر بۆیە لەم وتارەدا تەنیا بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر چەند نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بوارە گرینگەی خەبات و چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان قەناعەت دەکەین.

ئەگەر بمانهەوێ چەند لایەنی کاروچالاکییە فەرهەنگییەکانی حیزب بخەینە بەرباس دەتوانین ئاماژە بە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن، ڕۆژنامەنووسی و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان بکەین کە حیزب لە هەرکام لەم بوارانەدا کارنامەیەکی درەوشاوەی بەکردەوەی هەیە کە کەسانی بێلایەن دەتوانن گرینگی و کاریگەرییەکانی بە پێی هەل و مەرج و ئیمکاناتی حیزب لێک بدەنەوە.

ئێستاش بە کورتی ئاماژە بە هەرکام لەم بوارانەدا دەکەین:

**١) پەروەردە و فێرکردن :**

لە بواری پەروەردە و فێرکردن‌دا حیزبی دێموکرات لە دوو قۆناغی سەردەمی کۆمار و هەروەها دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی کە بۆ ماوەیەکی کورت دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی لە بەشێک لە خاکی کوردستان بە دەستەوەبوو بەکردەوە کاری کردوە کەم شێوە بووە:

الف) سەردەمی کۆماری کوردستان: بایەخدان بە زمانی کوردی لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمەدا بە ڕادەیەک بوو کە لە یەکەم بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا گرینگییەکی تایبەتی بە زمانی کوردی درا. لە بەندی دوویەمی ئەم بەیاننامەیەدا داوای مافی خوێندن بە زمانی زگماکی کرا و گوترا‌وە تەواوی کاروباری ئیدارەکان لە کوردستان دەبێ بەهۆی زمانی کوردییەوە بێ. دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەیانزانی «زمان نیشانەی هەرە گرینگ و هەرە ئەساسیی فەرهەنگی هەموو نەتەوەیەکە و بە بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی ڕێگا خۆش دەکرێ بۆ ئەوە هەم گەلی کورد بە مافی خۆی بگاو هەم بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوەییش هەلومەرجێکی لەبار پێک بێ».

دوای ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ جمهووریی کوردستانی بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دامەزراند، ئەم کۆمارە ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوەی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەی هێنایەدی: زمانی کوردی کرا بە زمانی ڕەسمی، کرا بە زمانی خوێندن و نووسین و لە ئیدارەکاندا کاری پێکرا. تەنانەت خوتبەی ڕۆژانی جومعەش کرا بە زمانی کوردی. لە ڕێگای ڕۆژنامەی «کوردستان» زمانحاڵی کۆمارەوە لەسەر ئەمری پێشەوا داوا لە خەڵکی مەهاباد کرا «هەر کەس کوڕ و کچی هەبێ کە عومری ئیقتزای خوێندن بکا، دەبێ بنێرێتە مەدرەسە» ڕاشکەیەندرا کە لە مەودا خوێندن لە مەدرەسەکان بە زمانی کوردی دەبێ.

جمهووریی کوردستان باوەشی بۆ ئەو کوردانە کردەوە کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ خزمەتی کۆمار و ئەم بەشە ئازادەی نیشتمانەکەیان ڕوویان کردبووە مەهاباد. لەم نێوەدا مامۆستایانێک کە ئەزموون و پسپۆریی وانە وتنەوە بە زمانی کوردییان لە باشووری کوردستان هەبوو، کەڵکی زۆریان لێ‌وەرگیرا. خوێندن بە زمانی کوردی، سنووری پایتەختی بەزاند و شارەکانی دیکە بە تایبەتی شاری بۆکانیشی گرتەوە.

ئارچیبالد ڕۆزڤێلت لەبارەی دەرس وتنەوەی ئەو ڕۆژانەی مامۆستایان لە قوتابخانەکان‌دا دەنووسێ: سەرەتا مامۆستایانی کورد ناچاربوون لە پۆلەکانی وانە وتنەوەدا فارسی بە زار بۆ خوێندکاران وەرگێڕن. بەڵام پێش ڕووخانی کۆمار کتێبی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ خوێندنی سەرەتایی چاپ کرابوون .. . تەنانەت خولی ئێواران کرابۆوە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بۆ بەساڵاچووەکان‌و «زمانی کوردییش بوو بە زمانی خوێندن».

دەسەڵاتی تازە دامەزراوی کورد، هەروا کە خوێندن بە زمانی زگماکی بە مافی بێ ئەملا و ئەولای ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی دەزانی، لە دابین کردنی ئەم مافە بۆ کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار غافڵ نەبوو.

ب) دامەزراندنی کۆڕی پەروەردە: هێشتا بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارەکان بوو کە حیزبی دێموکرات کەوتە فکری دانانی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی. بە تایبەتی چونکە هیوایەکی هەرچەند زۆر کەمیش بەوە هەبوو کە ڕێژیم مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ منداڵانی کورد بە ڕەسمی بناسێ. بەڵام کاتێک دەوڵەت، کوردستانی خستە ژێر گەمارۆی ئابووری و قوتابخانەی لادێکانی داخستن و نەخۆشخانە و دەرمانگاکانی (کە هەر لە جێش‌دا زۆر کەم بوون) بێ دوکتور و دەرمان هێشتنەوە، ئەرکی حیزب قورستر بوو و بیرکردنەوەی خێرا لە وەڕێخستنی قوتابخانەکانی لادێ و هێندێ نەخۆشخانە و دەرمانگا بۆ چارەسەری نەخۆش و بریندارەکان پێویستییەکی زیاتری پەیدا کرد.

ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ – ١٣٥٩ (١٩٨١ – ١٩٨٠) لە دوای دەوری دووهەمی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد. ئەم شارو ناوچە و گوندانەی لەژێر کۆنترۆلی ڕێکخراوە سیاسییەکان و هێزی پێشمەرگەدا بوون لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە گەمارۆیەکی هەمەلایەنەیان خرایە سەر. قوتابخانەکان لەم شوێنانە داخرابوون، مامۆستا و قوتابی بێ مووچە و کتێب لە ماڵی خۆیان، بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی کرانەوەی دەرووبەیەک بوون و ئەم کاتە بە نرخەی دەبوو لە سەر پۆل بە فێرکردن و فێربوونەوە تێپەڕیان کردبا، بەفیڕۆ دەچوو. هومێد بە ڕێککەوتن لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەمابوو. نەش دەکرا منداڵانی ناوچە ئازادکراوەکان هەروا لە چاوەڕوانی‌دا بمێننەوە. لێرەدا بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەرپرسیارێتیی یەکەمی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەدا هەبوو، «کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان»ی پێک هێنا.

لە ڕێگەی ئەم کۆڕەوە، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرپەرشتیی قوتابخانەکان و کاروباری پەروەردە و فێرکردنی گرتە ئەستۆ. «حیزبی دێموکرات لەم مەیدانەدا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەستهێناو خزمەتی باشی بە پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگی کوردی و وەڕێخستنی قوتابخانەکان کرد.

سەدان لاوی چالاک و دڵپاک بە دەم بانگەوازی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنەوە هاتن و بەناوی «مامۆستاکانی شۆڕش» دەرگای قوتابخانەکانیان لە سەرانسەری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان‌دا کردەوە.

هاوینی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ی زایینی) و بەشوێن پەسەندکرانی گەڵاڵەی فێرکردن و بارهێنانی کوردستان لە کۆبوونەوەی پووشپەڕی هەمان ساڵی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا، بە مەبەستی خەبات دژی نەزانی و بێسەوادی و پەرەپێدانی عیلم و زانست لە بەشە ڕزگارکراوەکانی کوردستان‌دا، لە لایەن بەڕێوەبەریی کۆڕی پەروەردەوە چەندین خولی پێگەیاندنی «مامۆستای شۆڕش» پێک هات. هەتا ١٥ی خەرمانان ژمارەی ئەو کەسانەی کلاسەکانی ١٥ ڕۆژەی بارهێنانی مامۆستایان بەسەرکەوتوویی تێپەڕکرد بریتی بوون لە:

بانە ١٦ کەس، بۆکان ٥٠ کەس، مەهاباد ٧٣ کەس، سەردەشت ٩٠ کەس، پیرانشار ٦٤ کەس، شنۆ ٩٠ کەس، نەغەدە ٢٥ کەس (سەرجەم ٤٠٨ کەس لە یەکەم نۆبەت‌دا دەورەی مامۆستایەتیی شۆڕشیان دیت). (١)

بەمجۆرە لە ساڵی خوێندنی ١٣٦١ – ١٣٦٠ (١٩٨٢ – ١٩٨١) دا، کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان سەدان قوتابخانەی لە شارو شارۆچکە و گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکان کردەوە و سیاسەتی داخستنی قوتابخانە و نەخوێندەوارهێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە پووچەڵ کردەوە.

کتێبە دەرسییەکان کە لەم ساڵەدا کەڵکیان لێ وەرگیرا، هەر ئەو کتێبانە بوون کە لە شارو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم‌دا خوێندراون. دیارە کۆڕی پەروەردە و فێرکردن هەر بۆ ئەم ساڵەش، فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردیی وەکوو دەرسێک لە بەرنامەی کاری مامۆستاکانی شۆڕش‌دا دانا. لە یەکەم خولی پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕشیش‌دا، دەرسێکی تایبەت بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان لەگەڵ خوێندنەوە و نووسینی کوردی گونجاند. مامۆستایانی شۆڕش لە ساڵی ١٣٦١ – ١٣٦٠دا بە یارمەتیی ئەو دەرسە و نامیلکەیەکی تایبەتی کە لە هێندێک ناوچە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرابوو، وێڕای وتنەوەی وانەکانی دیکە بە قوتابیان، فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردییان دەکردن. لە باری شێوەی وتنەوەی کتێبە دەرسییەکان بە قوتابیان لەگەڵ ئەوەی کتێبەکان هی «وزارت اموزش و پرورش جمهوری اسلامی ایران» بوون و بە زمانی فارسی نووسرابوون، بەڵام چونکە هەم مامۆستاکان و هەم قوتابیان کورد بوون و خوێندن بە زمانی زگماکی یەکێک لە ئاواتە لەمێژینەکان بوو، شەرح کردنی وانەکان لە لایەن مامۆستاو وەڵامدانەوە لە لایەن قوتابیان، بە زمانی کوردی بوو.

بەمجۆرە لە دوای کۆماری کوردستان «بۆ یەکەم جار منداڵانی کورد، بە کوردی دەرسیان دەخوێند. مامۆستاو قوتابخانە لە سەنگەری فەرهەنگی‌دا، لە بەرامبەر هێرشی دوژمن ڕاوەستان و لە ژێر بارانەی گوللەبارانی هەوایی و زەوینی‌دا، کۆڵیان نەدا و بەمجۆرە خزمەتێکی باشیان بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرد.

**٢) ڕۆژنامەنووسی:** لە بواری ڕۆژنامەنووسی‌دا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەردەمی کۆمارەی کوردستانەوە هەتا ئێستاش کە ٦٥ ساڵی لێ تێدەپەڕێ هەوڵی داوە وەک حیزبێکی مۆدێرن و ئەوڕۆیی کە باوەڕی بە دێموکراسی و ئازادیی ڕادەربڕین هەیە بوار بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی بڕەخسێنێ و بە پێی هەلومەرج و مەجالی کاری مەیدانی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بە دەرکردنی دەیان گۆڤار و بڵاڤۆک و ڕۆژنامەی «کوردستان» وەک ئۆرگانی ئەم حیزبە نەهێڵێ ئەم بوارەی خەباتی فەرهەنگ وەجاغ کوێر بێ. لە سەردەمی کۆماردا بڵاوبوونەوەی چەندین گۆڤاری تایبەت بە ژنان و منداڵان و ڕۆژنامەی «کوردستان» نیشانەی گرینگی پێدانی بەرپرسانی حیزبی دیموکرات بەو بوارە و کاریگەریی لەسەر پێشکەوتنی فەرهەنگی و زانستیی خەڵکی کوردستان بووە. لە ماوەی ٣٠ ساڵەی سەردەمی کۆماری ئیسلامیش‌دا ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێک‌دا کە خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغە بووە و لاوان و گەنجانی کورد سەرچاوەیەکی ئەوتۆیان بۆ فێربوون و نووسینی کوردی و خوێندنەوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر بزووتنەوەی کورد نەبووە، هەوڵی داوە وێڕای گەیاندنی زانیاری دروست بە خەڵکی کوردستان و ئەو بەشەی دەستیان بە ڕۆژنامەی «کوردستان» ڕاگەیشتوە وەک سەرچاوەیەکی جێی متمانە بێ بۆ فێربوونی ڕێنووسی دروستی کوردی و لە سەردەمێکی هەستیاردا زۆر گەنج و لاو و تەنانەت کەسانێک کە خەریکی نووسین بە کوردی بوون وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو ڕوویان لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە.

**٣) لە بواری داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان:** لە بواری داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە کۆمەڵگای کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی سوننەتی کۆمەڵێک داب و نەریت و فەرهەنگی تایبەت بەخۆی هەیە کە هەروەک باسکرا هێندێکیان باش و جێی شانازین و هێندێکیش لاواز و نزمترن کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ناتەبان.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزێکی هەڵقوڵاو لە ناخی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەوڵی‌داوە لەو دانوسانە کولتوورییەدا تەنیا کاریگەری وەرنەگرێ، بەڵکوو بە پێی توانا و هەلومەرج هەوڵی داوە بە بردنە سەری ئاستی فەرهەنگ و زانستی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان، داب و نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگای کوردەواری وەک نەریتی ئازادیخوازی، پشتیوانی لە مەزلوومان و لێقەوماوان و زۆر شتی بەنرخی دیکە پەرە پێبدا و داب و نەریتە ناحەز و تەنانەت دواکەوتووەکانی وەک ژن بە ژنە و شتی لەو بابەتە لە فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان بسڕێتەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزێکی هەڵقوڵاو لە ناخی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەوڵی‌داوە لەو دانوسانە کولتوورییەدا تەنیا کاریگەری وەرنەگرێ، بەڵکوو بە پێی توانا و هەلومەرج هەوڵی داوە بە بردنە سەری ئاستی فەرهەنگ و زانستی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان، داب و نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگای کوردەواری وەک نەریتی ئازادیخوازی، پشتیوانی لە مەزلوومان و لێقەوماوان و زۆر شتی بەنرخی دیکە پەرە پێبدا و داب و نەریتە ناحەز و تەنانەت دواکەوتووەکانی وەک ژن بە ژنە و شتی لەو بابەتە لە فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان بسڕێتەوە**

دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم پێوەندییەدا کەڵکی لە ڕادیۆ، ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی خۆی بە گشتی وەرگرتوە و تەنانەت بە کادر و پێشمەرگەکانی سپاردوە بە گرتنی کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ خەڵک لە گوند و شارەکانی کوردستان لەپێناو ئەم ئەرکە گرنگەدا تێبکۆشن.

ئەمانەی بە کورتی باسیان کرا بەشێکن لەو بوارە فەرهەنگییانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە بەرپرس زانیوە کە هەوڵ بدا خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکا و بەرەو پێشی بەرێ. دیارە ڕادەی سەرکەوتوویی و بردنەپێشی پرۆژەکانی بە پێی ئیمکانات و هەلومەرجی ئەم حیزبە لەوانەیە ئەوەندە نەبووبێ کە حیزب خۆی ویستوویەتی، بەڵام گرینگ ئەوەیە حیزب بە مەسئولییەتەوە هەستی بە پێویستیی خەبات لەم بوارە زۆر هەستیار و گرنگەدا کردوە و تەنانەت لەسەردەمانێک‌دا کە ئیمکاناتێکی زۆر کەمی هەبووە، بەشی زۆری ئەو ئیمکاناتەی بۆ ئەم بوارە لە خەبات تەرخانکردوە.

**یەکێک لەو لایەنە زۆر گرینگ و بنەڕەتییانەی ئەم پێوەندییە دوو لایەنەی نێوان حیزب و گەڵ لایەنی فەرهەنگی بووە کە مێژووی ٦٥ ساڵەی حیزب نیشانی داوە لەم لایەنە نەک غافڵ نەبووە بەڵکوو بەردەوام لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەبات و بە پێی هەلومەرجی حیزب بەرنامەی بۆی هەبووە و هەرکات دەرفەتی بەکردەوەیی کردنی بەرنامەکانی بۆ ڕەخساوە، لە مەیدانی کردەوەدا زۆر خزمەتی بە نرخی کردوە**

-------------------

(١) ئەم بەشە لە پاشکۆی ڕۆژنامەی «کوردستان» ژمارە ٥٢٩ تایبەت بە ڕۆژی زمانی زگماکی وەرگیراوە

# چاوخشاندنێک بەسەر ٦٥ ساڵ

# پێوەندیی نێونەتەوەییی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

د. ئاسۆ حەسەن زادە

دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە نوختە وەرچەرخانێک لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا لە قەڵەم دەدرێ. پێش دامەزرانی ئەو حیزبەش حیزبی دیکەی کوردی یا لانیکەم سەرەتای تەحەزوبی کوردی چ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان («هیوا» لە عێراق و «خۆیبون» لە تورکیە) و چ تەنانەت لە خودی کوردستانی ئێران (کۆمەڵی ئازادیخوازانی کوردستان و کۆمەڵەی ژێ- کاف) هەبووە. بەڵام حیزبی دێموکڕاتی کوردستان یەکەمین حیزبی کوردیی مێژوو بە مانای سەردەمییانەی وشەیە کە بە پشت بەستن بە پێگەیەکی بەربەرینی کۆمەڵایەتی، هۆشیاری و ئینتمای نەتەوایەتی لە قالب و بیچمێکی مۆدێرن دا رێک دەخا و ماوەیەکی زۆرکەم پاش دامەزرانی رەسالەتی سروشتیی خۆی کە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسییە جێبەجێ دەکا.

لایەنێکی گرینگی کارکردی مۆدێرنی سیاسی چوونە نێو و بردنە پێشی پێوەندییەکی دوولایەنەی شوێنەوار وەرگرتن و شوێنەوار لەسەر دانان لەگەڵ جیهانی دەوروبەرە. ئەوە پاش دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە کە بژاردەی سیاسیی کورد لە هەر کاتێک زیاتر تێدەکۆشێ خەباتی خۆی و پرسی میللەتەکەی لە حاڵەتی کێشەیەکی دابڕاو و ئیزۆلە لە جیهانی پێکەوە گرێدراوی سەردەم دەربێنێ و لە دیاریکردنی بەرنامە و ستراتژیی سیاسی و شێواز و تاکتیکە تەڤگەرییەکانیدا هەمیشە هەوڵ دەدا لە خۆی مەعلووم بکات کە لە کوێی ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و جیهانییەکاندا هەڵکەوتوە و دەبێ چی بکا هەتا لە بارودۆخی زاڵ بەسەر پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانی جیهاندا بە قازانجی مەسەلە رەواکەی خۆی کەڵک وەربگرێ.

ئەوەش کە لە قۆناغی نوێی بزوتنەوەی کورددا پێشڕەوانی ئەو بزوتنەوەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی دەولەتانی مەوجوود دا خەبات دەکەن بە مانای رازیبوونی وان بە چاو لێکردنی مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی نێوخۆیی نییە. بەپێچەوانەوە، چ بە هۆی دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتدا کە ئەمە وا دەکا مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی ئیقلیمی ببێتە سەرچاوەی دیالێکتیکێکی سیاسیی هەمە لایەنەی ئاڵۆز و چ بە هۆی نادێموکراتیک بوونی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا و پێویستیی راکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ داوا رەواکانی کورد، بوعدی نێونەتەوەییی خەباتی کورد و زەروورەتی پەرەپێدانی ئەو رەهەندە لە خەباتی کورد بایەخێکی بنەڕەتی پەیدا دەکا.

ئەگەر وای دابنێین کە پێوەندیی نێونەتەوەیی بۆ حیزبێک بە بەرنامە و روانینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێوەندی لەگەڵ هەموو ئەو لایەن و ناوەند و کەسایەتییە دەوڵەتی، نێودەڵەتی، حیزبی، بەشەردۆست و فەرهەنگییانە دەگرێتەوە کە نە ئێرانین و نە کوردن ( بە کوردی پارچەکانی دیکەشەوە)، دەتوانین کورتە مێژووی پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکانی ئەم حیزبە لە رووی قۆناغە سەرەکییەکانی مێژووی حیزبەوە بەسەر چەند بڕگەدا دابەش بکەین.

## سەردەمی کۆماری کوردستان

لە مانگەکانی پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان و لە سەردەمی تەمەنی کورتی کۆماردا، رێبەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چ بەهۆی ساوا بوونی حیزب و چ بەهۆی وەزعییەتی ناپایەداری نێوخۆیی و نێونەتەوەییی پێوەندیدار بە ئێران، ئەولەوییەتی کار و پلان و تەقەللاکانیان بریتی دەبێ لە دابینکردنی ئەو شتانەی بۆ سەرخستنی پرۆژەی دامەزران و بەڕێوەبردنی کۆمار لە رووی نێوخۆیی ئەو قەوارەیە و پێوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و کۆماری ئازەربایجان زەرووری بوون. هەربۆیە باسکردن لە پێوەندیی نێونەتەوەیی بە مانا ئەمڕۆییەکەی بۆ ئەو کاتە کەمێک نەگونجاوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا هەم ئەمریکایی و ئینگلیسییەکان و هەم بەتایبەتی رووسەکان سەردانی کۆماریان کردووە و کۆمەڵێک نێردراوی سیاسی و سەربازی و فەرهەنگی لەگەڵ شەخسی پێشەوا لە پێوەندیدا بوون. لەلایەکی دیکەوە کۆماری کوردستان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەتیش لەپێوەندیدا بووە، ئەگەرچی ئەو پێوەندییانە زۆرتر لە رێگای حیزبی کومونیستی ئازەربایجانی شووڕەوییەوە بوون.

جگە لەمەش، وەک لە نووسینی بیانییەکانی ئاشنا بە ئەزموونی کۆمار و قەڵەمبەدەستانی کوردی بەشدار لە کۆماردا دەردەکەوێ، رێبەرانی حیزب کە هێزی سەرەکیی بەڕێوەبردنی کۆماریش بوون بە وردی موتابعەی رووداوەکانی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و دامەزرانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەرەو دوو جەمسەری رۆیشتنی ئەو کاتی سیاسەتی نێودەوڵەتییان کردووە.

## لە رووخانی کۆمارەوە تا ئینقلابی ٥٧

دەتوانین ساڵەکانی نێوان رووخانی کۆماری کوردستان و شۆڕشی گەلانی ئێران لەسەر یەک بە قۆناغی یەکەمی پەڕینە هەندەرانی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ناو بەرین. لەو قۆناغەدا بە لەبەرچاو گرتنی دەرەتانی زۆر کەم و ناتەواوی خەباتی سیاسی لە نێوخۆی ئێران و سیاسەتی سەرکوتی دڕندانەی ساواک و دەزگا سەرکوتکەرییەکانی دیکەی رێژیمی شا لە دژی موخالفان بەتایبەت لە کوردستان لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە هەناسە ئاسوودە پچڕ پچڕەکانی گەلی کورد لە عێراق و کێشە نێوخۆییەکانی نێو بزوتنەوەی کورد، ئەوەی پێش هەموو شتێک بۆ رێبەرانی حیزبی دێموکڕات گرینگ بووە زیندوو کردنەوە، ساغکردنەوە و پاراستنی هەیکەلێکی هەر چەند کەم لە تەشکیلاتی ئەو حیزبە و ئامادەیی بۆ بەرەورووبوونەوەی هەلومەرجی گونجاوتری خەبات و تێکۆشان بووە.

بەڵام لە پاش کۆنفڕانسی سێهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (١٩٧١) و هەڵبژێرانی دوکتور قاسملوو بە سکرتێری حیزب، بواری پێوەندیی دەرەکیی حیزبیش وەک زۆربەی بوارەکانی دیکە بەرەو خەمڵان و پەرە گرتن دەچێ. دەتوانین پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو سەردەمەدا بەسەر دوو بواری سەرەکیدا دابەش بکەین کە بریتین لە جیهانی عەرەب لەلایەک و جیهانی سۆسیالیستی لەلایەکی دیکەوە. سەبارەت بە بواری یەکەم، پێویستییەکی سروشتیی دۆخی سەپاو بەسەر خەباتی حیزبدا پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق بووە. مەبەست لەو پێوەندییانە لەو سەردەمەدا و لە قۆناغی دواتریشدا (واتە پاش شۆڕشی ١٩٧٩) هەبوونی دەرەتانی خۆ رێکخستن و دەستڕاگەیشتن بە جیهانی دەرەوە وێڕای پاراستنی موتڵەقی سەربەخۆیی سیاسیی حیزب و گێڕانی نەخشی کارساز و سەربەرزانە لە پێوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی کورد لە عیراقدا بووە.

لایەنێکی دیکەی پێوەندییە عەرەبییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو سەردەمەدا دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ بزوتنەوە رزگاریخوازە نەتەوایەتییەکان بەتایبەتی فەلەستینییەکان (رێکخراوی رزگاریدەری فەلەستین، جەبهەی گەلیی رزگاریخوازی فەلەستین و جەبهەی دێموکراتیی رزگاریخوازانەی فەلەستین)، هەروەها هێندێک رێکخراوی لوبنانی وەک حیزبی شیوعی و حیزبی سۆسیالیستی پێشکەوتنخواز بووە.

سەبارەت بە بلووکی سۆسیالیستی، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٠ بەم لاوە لە رێگای سەفارەتی ئەو وڵاتانەوە لە بەغدا پێوەندییان لەگەڵ دادەمەزرێنێ کە دیارە ئەو پێوەندییانە زۆرتر لەگەڵ حیزبی کۆمونیستی هەر کام لەو وڵاتانە بووە.

بەهۆی فەزای خەستی ئیدئۆلۆژیکی ئەو سەردەمە و هەروەها چەشنی زەروورەت و ئیمکانەکانی ئەو کات دەکرێ بڵێین لەو سەردەمەدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ جیهانی رۆژئاوا نەبووە. بەڵام کەسایەتیی فەرهەنگیی دوکتور قاسملوو و هاتوچۆکانی بۆ پاریس بوونە هۆی ئەوە کە هەر لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک پێوەندی و ناسیاری لەگەڵ هێندێک شەخسییەتی فەرهەنگی و سیاسیی فەڕانسەیی دابمەزرێنێ هەتا لە قۆناغی دواتردا وەک سەکۆیەک بەرەو پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکانی حیزب کەڵکیان لێ وەرگرێ.

## سەردەمی خەباتی چەکداری

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان لەو وڵاتە بووە هۆی ئەوە کە زوومی مێدیا و چاوی ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهان بە شێوەیەکی چڕ و پڕ لە ئێران بچەقن. جا لەبەر ئەوەش کە شەڕی کوردستان بە ماوەیەکی کەم پاش ئەو رووداوە دەستی پێ کرد و خەبات و خۆڕاگریی کوردیش وەک یەکێک لە پارامێترەکانی سەقامنەگرتنی رێژیمی نوێ حیسابی بۆ دەکرا، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەرەتانێکی بێسابقەی بۆ راکێشانی سەرنجی نێونەتەوەیی بۆ لای خەباتی خۆی وە دەست کەوت. دیارە لێرەشدا زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو پێوەندی و سۆراغکردنانە کە لەگەڵ سیاسییەکان



و رۆژنامەنووس و فەرهەنگیانی جیهانی دەرەوە دامەزران، لە کەناڵی شەخسییەتی دوکتور قاسملووەوە بوون.

دوو دیاردەی هەرە گرینگ لەو سەردەمەدا، یەکیان بریتییە لە راکێشانی پشتیوانیی بنیاتە بەشەردۆست و خێرخوازییەکان بەتایبەتی رێکخراوە فەڕانسەییەکانی وەک پزیشکانی جیهان، پزیشکانی بێ سنوور و یارمەتیی دەرمانییە نێونەتەوەیییەکان کە لە سەردەمی خەباتی خوێناویدا لەبواری خزمەتگوزاریی پزیشکی و دابین کردنی دەرمانیدا یارمەتییەکی بەرچاوی حیزب دەکەن. دیاردەی دووهەم ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە لە پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ هێزە چەپەکانی جیهاندا دێتە پێش. بەو مانایە کە پێ بە پێی پرۆسەی ئەو چاکسازییە کە حیزبی دێموکڕات لە کۆنگرەکانی خۆیدا لە پێوەندی لەگەڵ رێبازی سۆسیالیستیی خۆیدا جێبەجێی دەکا، رێگا بۆ دانانی بناخەی پێوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ئەحزابی کرێکاری، سۆسیالیست و دێموکڕاتی وڵاتانی رۆژئاوایی خۆش دەبێ. بازنەی نوێی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکڕات هەر بەوەندە کۆتایی نایە و سەوزەکانی ئورووپا و تەنانەت هێندێک حیزبی دەستەڕاستییش وەک دێموکڕات- مەسیحییەکان (بۆ نموونە لە ئاڵمان) دەگرێتەوە.

شتێکی دیکە کە ئەویش لە راستیدا هەر دەسکەوت و داهێنانی دوکتور قاسملوو خۆی بوو، هەوڵی حیزب بۆ نەهادینەکردن و بە موئەسەساتی کردنی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانیەتی. لەلایەک لە ساڵی ١٩٨١ و لەسەر موافقەتی رەسمیی کابینەی پییەر مۆروا سەرۆک وەزیری سۆسیالیستی فەڕانسە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان مووەفەق بە کردنەوەی دەفتەرێکی نوێنەرایەتی لە پاریس دەبێ کە وەک پێگەیەک بۆ ئیدارەی پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ سیاسەتمەدار و رۆژنامەوان و بەشەردۆستانی بیانی و لایەن و ناوەندە ئێرانی و کوردییەکانی تاراوگە کەڵکی لێ وەردەگیرێ و بەرپرسانی حکوومەتیی فەڕانسەش لە هەشتاکانی زایینیدا وەک موخاتەبێکی جیددی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. لەلایەکی دیکەوە پاش ئەوە کە ساڵی ١٩٨٦ دوکتور قاسملوو لە کۆنگرەی حەڤدەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە لیما پێتەختی پێروودا بەشدار دەبێ، بناخەی پێوەندی و دۆستایەتیی نێوان دوو لایەن دادەمەزرێ و لەم رێگەیەوە حیزبی دێموکڕات پێوەندییە چەپییە رۆژئاواییەکانی خۆی لە بازنەی تەسکی پێوەندی لەگەڵ سۆسیالیست و سۆسیال دێموکڕاتەکانی فەڕانسە و سوئێد را دەگوازێتەوە بۆ بواری بەرفراوانی سەرجەم چەپی ریفۆرمیستی جیهان.

ئەگەرچی بە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو زەبرێکی قەرەبوو هەڵنەگر لە تەواوی بوارەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات دەدرێ، بەڵام ئەو رووداوە دڵتەزێنە هەر لەو کاتەدا دەبێتە دەرەتانی وەرێکەوتنی شەپۆلێکی کەموێنەی هاوپێوەندیی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی، ئەکادیمی و بەشەردۆستەکانی جیهان لەگەڵ گەلی کورد و حیزبی دێموکڕات. بەو پێیە ئەگەر بۆ حیزبی دێموکڕات لەدەستدانی سکرتێرەکەی هەر لەو کاتەدا بە مانای لەدەستدانی لێوەشاوەترین و هەڵسووڕترین کادری پێوەندییە نێونەتەوەیییەکانیشی بوو، بەڵام ئەو رووداوە و کۆڕ و بۆنە و گەشەسەندنەکانی پێوەندیدار بەو تێرۆرە دەبنە دەرەتانێک بۆ پتەوبوونی پێوەندیی وەفادارانەی دۆستانی بیانیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ حیزبی دێموکڕات و راکێشرانی سەرنج و پشتیوانیی ژمارەیەکی نوێ لە هۆگرانی مەسەلەی کورد بۆ لای خەباتی ئەو حیزبە. ئەو تێبینیە لەپێوەندی لەگەڵ تێرۆری دوکتور سەعید و ئاکامە دیپلۆماسییەکانی دادگای میکۆنووسیشدا راستە.

## قۆناغی نوێ

قۆناغی نوێی پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکانی حیزبی دێموکڕات سەردەمی پاش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و کۆتایی هاتنی خەباتی چەکدارییە. پارادۆکسێکی ئەو سەردەمە ئەوەیە کە لە حاڵێکدا کە لە زۆر لایەنەوە بەتایبەت لە رووی حزووری مەیدانی لە نێوخۆی وڵاتدا حیزبی دێموکڕات لەو قۆناغەدا بەرەورووی هەلومەرجێکی دژوار بۆتەوە، کەچی لە هێندێک بواردا و یەک لەوان لەبواری پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکاندا ئەو حیزبە رەوتی پێشووی روو لە پەرە ئەستاندنی خۆی هەروا بە باشی بڕیوە.

دوو ئاڵوگۆڕی گرینگ کە لە سەرەتاکانی ئەو سەردەمەدا روو دەدەن یەکێکیان دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ نیهادە سیاسییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە (کە دوکتور قاسملووش لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندبووی بەڵام دەستی جینایەتی دەوڵەتی دەرەتانی جێبەجێکردنی بۆ نەهێشتبۆوە) و ئەوی دیکەش بە ئەندام وەرگیرانی حیزب لە ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست دا (کۆنگرەی بیستەم، نیویۆرک، ١٩٩٦) بوو.

بە هۆی ئاڵوگۆڕ، کرانەوە و ئینعیتافێک کە لە پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکانی پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ساردردا دێتە ئاراوە و هەروەها لە سایەی شکڵ گرتنی دیاسپۆرایەکی سیاسیی کوردی ئێرانی لە وڵاتانی رۆژئاوادا، لەو قۆناغەدا هەوڵ دەدرێ هەر لەو کاتەدا کە پێوەندییەکانی سەردەمی دوکتور قاسملوو بە زیندوویی رابگیرێن، تۆڕی پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکانی حیزب بەربڵاو بکرێنەوە.

سەرەڕای ئەوە کە لەتبوونی حیزبی دێموکڕاتی یەکگرتوو لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٦ هێندێک شوێنەواری نادڵخواز لەسەر بواری پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکانی ئەو حیزبە دادەنێ، بەڵام کۆمەڵێک گەشەسەندن لەو سەروبەندەدا کە پێش لەتبوونی حیزب کاریان بۆ کرابوو وەک بە ئەندام وەرگیران لە رێکخراوی گەل و نەتەوە بێدەوڵەتەکان و چوونە سەری پلەی ئەندامەتیی حیزب لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا بۆ مێژووی درێژخایەنی پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکانی حیزب وەک دەسکەوتی بەنرخ دێنە حیساب.

لەلایەکی دیکەوە، پاش کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان (مارسی ٢٠٠٨) کۆمیتەی بەڕێوەبەریی ئەو حیزبە لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ هەموو کەند و کۆسپێک کە لەو بوارەدا لەگەڵی بەرەوڕوو بووە، گڕ و تینێکی تایبەتی و کەموێنە بە پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکانی حیزب دەبەخشێ. لەو دەورەیەدا وێڕای قووڵکردنەوەی پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ دامودەزگا حکوومی و حیزبی و خەڵکییەکانی نزیک بە بیست وڵاتی جیهان، کۆمیسیۆنی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوە بە پیادە کردنی بەکردەوەی کۆمەڵێک پرەنسیپ لەبواری پلانیفیە کردنی کارەکان و کاری بەکۆمەڵ و بە خەرجدانی پراگماتیسم، کۆمەڵێک کاناڵی تازەی پێوەندی بەتایبەتی لە ئاستی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان‌دا بە سەرکەوتوویی ئەزموون دەکا کە لەنێو واندا نیهادەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتیی ئورووپا، ئەمنێستی ئەنترناسیۆناڵ، شووڕای ئورووپا و لیبرال ئەنترناشناڵ شیاوی ناوهێنانن.

لەو قۆناغەدا هەروەها هەوڵ دەدرێ کە کاری پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکان تەنیا لە کاری سیاسی و پارا دیپلۆماسیدا نەبینرێ، بەڵکوو لە هێندێک بواری دیکەشدا وەک وەشوێن کەوتنی قەزاییی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو، بەڕێوەبردنی کۆڕ و سیمینار لە ناوەندە زانستگایی و پارلمانییەکاندا و هێندێک پرۆژەی مەیدانییشدا کۆمەڵێک هەنگاوی نوێ و هیوا بەخش هەڵدەگیرێتەوە.

گومانی تێدا نیە کە پێوەندیيە نێونەتەوەیییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هۆی ئەوە کە لە بناخەدا هی حیزبێکی خەباتگێڕ و قەدەغەکراوی سەر بە میللەتێکی پەرش و بڵاو بووە (واقیعێکی سەخت کە لەسەریەک بەدرێژاییی تەمەنی ٦٥ ساڵەی حیزب زاڵ بووە) کەموکوڕی و شکستیشی

> **هیچ کەس و لایەنێکی جیددی ئیدی نکوولی لەوە نەکا کە بناخەدانەری دیپلۆماسیی نوێی کوردی سکرتێری شەهیدی حیزبی دێموکرات بووە. داهاتووش نیشانی دەدا کە هەوڵ و تێکۆشانی ئەم حیزبە لەو بوارەدا بۆ لۆبیگەریی درێژخایەنی کورد بێ بەرهەم نابێ**

بەخۆیەوە دیوە. سەرەڕای ئەوەش، رەنگە هیچ کەس و لایەنێکی جیددی ئیدی نکوولی لەوە نەکا کە بناخەدانەری دیپلۆماسیی نوێی کوردی سکرتێری شەهیدی ئەو حیزبە بووە. داهاتووش نیشانی دەدا کە هەوڵ و تێکۆشانی ئەم حیزبە لەو بوارەدا، ئەگەرچی زۆرتر پشتیوانیی مەعنەویی نێونەتەوەییی لێ کەوتۆتەوە تا شتی مەلموستر، بەڵام بۆ لۆبیگەریی درێژخایەنی کورد بێ‌بەرهەم نابێ.

# بنەما تئۆرییە ، فەلسەفییەکانی دێموکراسی

زانیار ئەحمەدی

(بەشی حەوتەم)

و. تەها رەحیمی

شۆڕشی فەڕەنسەو سۆسیالیزم و کۆمونیزم بیرۆکەی یەکسانیی جەوهەریی مرۆڤەکانیان بڕەوپێداو هەرجۆرە نایەکسانییەکیان پێ نیگەتیڤ بوو. جێرمی بێنتهام دامەزرێنەری ڕێبازی فەلسەفەی ڕەسەنایەتیی قازانج، بە توندی هێرش دەکاتە سەر ئەم بیرۆکە تۆخ خانەدانی و لەباوکەوتووەی کە ژیانی هێندێکی بە شێوەیەکی جەوهەری لە ژیانی کەسانی دیکە پێ لەسەرترەو دەڵێ: «تاکەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکتر بەرابەرن و کەس لە کەس زیاتر نییە». (جونز، ١٣٧٦ ـ الف: ٤٨٥) جان لاک کە لایەنگری دامەزراندنی حکوومەتی قانوونیی سنوودار بوو، ڕاشکاوانە لەسەر ئەمە بڕوایەبوو کە مرۆڤەکان لەبواری چۆنێتییەوە نایەکسانن. تامس جێفرسۆنیش (١٧٤٣ ـ ١٨٢) لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە مرۆڤەکان بە یەکسانی ئافرێندراون، و ئافرێنەرەکەیان مافی وەک یەکی پێداون. هابز بە ڕوونی پشتیوانی لە بیرۆکەی نایەکسانی مرۆڤەکان لە بواری چۆنییەتی دنیایان دەکرد. بە بڕوای وی، مرۆڤەکان بەر لەوەی شایانی ڕێزی بەرانبەر بن، شیاوی سووکایەتی پێکردنی یەکسانن (تیندر، ١٣٧٤: ٦٢) بە پێی بەڵگاندنەکانی پوپێر وێنای دلڕفێنی یەکسانی خەیاڵەو ئازادی لە یەکسانی گرینگترە. ناوبراو نووسیویێتی: هەوڵدان لە پێناو یەکسانی، ئازادی دەخاتە مەترسییەوە، ئەگەر ئازادیی بوونی نەبێ تەنانەت دەسبەسەرەکانیش یەکسانی بەخۆوە نابینن». (پوپر، ١٣٨٠ ـ ب: ١٠٩). لە لایەکی دیکەوە پوپێر بە خوێندنەوەی ڕوانگەی دۆتۆکڤیل دێتە سەر ئەم ڕایەی کە بە هۆی بەهێزبوونی دەوڵەت، یەکسانیخوازی هاووڵاتییان دەتوانێ مەترسی بێ بۆسەر ئازادی و لە درێژەدا دەنووسێ: «چونکی یەکسانی هاووڵاتییان بێ ئەم لاو ئەولا بەهێزبوونی حکوومەتی ناوەندی لێدەکەوێتەوە.. جابۆیە ڕەنگە خەڵک ئەو ئازادییەی هەیانە لەدەستیان بێتەوە». (شی یرمر، ١٣٨٦: ٥٣) چاکسازیخواز و ڕادیکاڵەکان زیاتر بەدوای ئەوەوە بوون کۆمەڵگەی پیشەسازیی مرۆڤانەتر بکەن. وێدەچێ جیاوازییە درێژەکانی نێوان چینەکان، نامرۆڤانەترین دیاردەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازیی دوایی بن، بزووتنەوە ڕادیکاڵ و هەروەها لیبراڵە میانەڕۆیەکانیش بەگشتی بەدوای یەکسانی (ئابووری)یەوە بوون. (تیندر، ١٣٧٤: ١٠٨) یەکسانی ئابووری کار لەسەر ئەم بابەتە دەکا کە هێندێک سەرچاوەی ئابووری وەک سامان، پەروەردەو پیشە کە بۆ هەموو کەس گرینگن دەبێ بە یەکسانی لە نێوان تاکەکان دا دابەش بکرێن. (جیکوبز، ١٣٨٦: ١٦٠) فیلسوفە سیاسییەکان ئەوە بە بەڵگە دێننەوە کە ڕادەیەک لە یەکسانی ئابووری، هەمان پەرەپێدانی ژیرانەی دەروەست بوون بە یەکسانی سیاسییە کە مەرجی ئەندێشەی دیموکراسییە. زۆر کەس لەسەر ئەم بڕوایەن کە نایەکسانی ئابووری، یەکسانی سیاسی دەخاتە مەترسییەوە. ڕۆسۆش لەسەر ئەم بڕوایەیە کە نایەکسانی بەرچاوی سامان، هەڕەشەیە بۆسەر یەکسانی سیاسی. یەکێک لە بەرجەستەترین فیلسوفە نوێیەکانی ئەمریکاش بەناوی جان ڕاولز لیبراڵیزمی یەکسانیخوازی بەلاوە پەسندە. بە پێی ئەسڵی یەکسانی ڕواڵەتی (صوری) هەلەکان، هەموو کەس بۆ گەیشتن بە هەر پلەو پایەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی هەڤیاز خاوەن مافێکی قانوونیی یەکسانە. بەڵام لە ڕوانگەی ڕاولزەوە ئەم ئەسڵە زۆر کێشە خوڵقێنە. چونکی دۆخی سەرەتایی و سروشتی تاکەکان پشت گوێ دەخا. لەم ڕووەوە ڕوالز تئۆری یەکسانی دادپەروەرانەی هەلەکان لە بەرانبەر ئەم ئەسڵەدا قوت دەکاتەوە. نایەکسانی تەنیا کاتێک پاساوهەڵگرە بە خێری هەژارترین تاکەکان بێ. (جیکوبز، ١٣٨٦: ١٧١)

یەکسانی ئابووری لەسەر ئەم هزرە سوورەوە کە هێندێک لەسەرچاوە ئابوورییەکانی وەک سامان، پەروەردەو پیشە کە بۆ ژیانی تاک تاکی هاووڵاتیان گرینگن دەبێ بە شێوەیەکی یەکسان دابەش کرێن.




لیبراڵیستە یەکسانیخوازەکان لەبارەی بایەخدان بە مافەکانی پێوەندیدار بە ئازادییە بنەڕەتییەکان دا لەگەڵ لیبراڵە کلاسیکەکان هاوڕان. بەڵام زیاتریش بەرگری لە یەکسانی ئابووری دەکەن. ئەوان زۆر گوێیان بە پاساوەکانی نایەکسانی ئابووری نابزوێ. پوپێر دەیوت لەگەڵ ئەو باوەڕە لیبراڵییەیە کە دەڵێ: «لە بیاڤی سیاسەت دا هیچ شتێک لە ئازادی گرینگتر نییە». هەروەها ناوبراو لەسەر ئەم بڕوایەیە کە «ئازادی تەنیا بە باشترکردنی دادپەروەری واتا زیاتر یەکسان کردنی ئابووری ڕزگاری دێ». (شی بر مر، ١٣٨٦: ٤٨) دوو ئەسڵی تئۆری دادپەروەری ڕاولز، واتا ئەسڵی یەکسانی دادپەروەرانەی هەلەکان و ئەسڵی جیاوازی لە پێناو یەکسانی دیموکراتیک دا نووسراون. ڕاولز پێی وایە ئەسڵی یەکەم لە ئەسڵی دوویەمی گرینگترە، بە واتاکی دیکە لە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەردا سەرەتا دەبێ گرینگی بە گرەنتی یەکسانی دادپەروەرانەی دەرفەتەکان بدرێ و تەنیا دوای ئەم سەرنجەیە کە ئەسلی جیاوازیی لە دایک دەبێ. تێکەڵکردنی دروستی یەکسانی دادپەروەرانە و ئەسڵی جیاوازی، یەکسانی دیموکراتیکی ڕاولز پێک دێنن. (جیکو بز، ١٣٨٦: ١٧١)

بە پێی بیروبۆچوونی لایەنگرانی هاوچەرخی لیبراڵیزمی کلاسیک، چەمکی گشتی حکوومەتی سنووردار کە لەسەر بنەمای مافی تاکەکەسی دامەزراوە، ئەسڵێکی تایبەتی لەبارەی یەکسانی ئابووری لێدەکەوێتەوە. کە ئەم ئەسڵە بەگشتی بە ناوی یەکسانی ڕواڵەتی دەرفەتەکانی پێناسە دەکەن، یەکسانی ڕواڵەتی دەرفەتەکان، ئەو کۆسپ و چەڵەمە قانوونییانەی سەر ڕێگەی گەیشتن بە سەرچاوە ئابوورییە بایەخدراو هەلە پەروەردەیی و پیشەییانەی کە لەسەر بنەمای نێژاد، ڕەگەز، ئایین، نەتەوە داتاشراون و هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ سەرچاوە یان ئەو دەرفەتانە نیە، هەڵدەگرێ. لە ڕوانگەی ئەم لایەنگرانەوە، بازارە ئابوورییەکان لەگەڵ یەکسانی ڕواڵەتی دەرفەتەکان وێک دێنەوە. (جیکو بز، ١٣٨٦: ١٦٤)

پێوەندیی نێوان یەکسانی و دیموکراسی باسێکی زۆری وروووژاندوە. بۆ زۆربەی بیرمەندە لیبراڵ و سۆسیالیستەکان ڕێژەی مەنتقی و هاوسەنگی نێوان ئەم دوو بابەتە گرینگی و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە. کارێل کوهن سەرەڕای ئەوەیکە دان بە پێچەڵاوپێچی ئەسڵی یەکسانی دادێنێ دەڵێ: «لانی کەم» دەسەڵمێ کە دیموکراسی لە بیاڤی سیاسی دا قابیلی جێبەجێ کردنە بەو مەرجەی پرەنسیپی یەکسانی مرۆڤ گومانی لەسەر نەمێنێ». (کوهن، ١٣٧٣: ٣٨٥)

چەمکی دیموکراسی ئەو ئامانجە ڕوون دەکاتەوە کە دەبێ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەدا بەشدار بن کە کار دەکەنە سەر کۆمەڵگە و هەروەها هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ بەشداری لە بڕیارەکان خاوەن مافی یەکسان بن. (بینتهام، ١٣٨٤: ١٧) مەرجی جێبەجێ کردنی دیموکراسی بوونی کۆمەڵگەیە. بە پێی بیروبۆچوونی کوهن، دیموکراسی هەمان بەشداری یەکسانی ئەندامانی کۆمەڵگەیە لە حکوومەتی ئەو کۆمەڵگەیەدا، ئەوە ئەسڵی حکوومەتی خۆکردنە. (کوهن، ١٣٧٣: ٣٩٠)

بە باوەڕی کارێل مانهایم سەرەکیترین پرەنسیپی بنەڕەتی دیموکراسی بڕوا بە یەکسانی چییەتی (ماهوی) هەموو مرۆڤەکانە. (مانهایم، ١٣٨٥: ٢٧) مەبەست لە بەرابەری تاکەکان ئەوەیە کە لە دیموکراسی دا تاکەکان، گرووپەکان و چینەکانی خەڵک لەچاو یەکتر خاوەن هیچ هێژمۆنی و هەڤیازییەک بۆ حکوومەت کردن نین. قەت مافی حکوومەت کردن بۆ هەمیشە بەکەس یان گرووپێک نەدراوە و هیچ گرووپێکیش ناتوانێ بەبیانووی ئەوەی لە بواری هزری یان جەوهەرییەوە لە دیتران لە سەرەوەترە حکوومەت بکا. تەوەری تئۆری «دادپەروەری وەک وێژدان»ی جان ڕاولز لەسەر ئەم بڕوایە ڕێکخراوە کە دەبێ هەموو قازانجە سەرەتاییە کۆمەڵایەتییەکان ـ ئازادی و هەل، داهات و سامان، بەرزەخوویی ـ بە شێوەیەکی یەکسان دابەش کرێن، مەگەر ئەوەیکە دابەشینی نایەکسانی یەکێک یان تەواوی ئەو قازانجانە بەخێری بێبەشترین تاکەکان بشکێنێتەوە. (جیکوبز، ١٣٨٦: ١٢٥)

گرینگی ئەسڵی یەکسانی و ئەو باسانەی لەسەری دەکرێ لەو وتەیەی بەشیریەدا بە ڕوونی دیارە، بەشیریە دەڵێ سەرچاوەی چەمکی دیموکراسی ئەم هزرەیە کە ئەگەر مرۆڤەکان لە بارێکەوە یەکسانن کەواتە دەبێ لە هەموو بارێکەوە بەرانبەر بن. (بەشیریە، ١٣٨٧ ـ الف: ٨) لە لایەکەوە هێندێک لە بیرمەندان دەڵێن ئازادی و یەکسانی پێک ناتەبان (دژکۆن).

فریدریش هایک، ڕابیرت نوزیک و میلتۆن فریدمەن پێیان وایە یەکسانی ئازادی تێک دەداو لەگەڵی ناکۆکە. بەگشتی ئەو بیرمەندانە باس کردن لە دادپەروەری کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگەیەکی پێکهاتوو لە تاکە ئازادەکان، بە هۆکاری سەرهەڵدانی هێزێکی سەرووتر و ئەستاندنەوەی ئازادی مرۆڤەکان دەزانن. لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی بیرمەندە چەپەکانی وەک هارولد لاسکی و جان دیوئی (لیبراڵ چەپ) هەرجۆرە ناتەباییەکی نێوان ئازادی و یەکسانی ڕەت دەکەنەوە.

ئەگەرچی شێوەبۆچوونی ئاماڵ یەکسانیخوازانە لە ڕەوتی گۆڕانی مێژوویی دا گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا یەکسانیخوازی هەمیشە وەک گوتار و لە نێوەرۆکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە یەکسانیخوازەکان دا فێرکارییەکی پتەو بووە لە بەرانبەر سیستمە دیکتاتۆرەکاندا. لەم ڕووەوە بیرمەندان و چالاکانی سیاسی ڕەوتی چەپ (مارکسیستی و سۆسیالیستی) ئەدەبیاتی یەکسانیخوازییان خزاندۆتە هەناوی کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان و زۆری لەسەر سوورن. ئەگەرچی هێندێک لە بیرمەندان حاشا لە بوونی دژایەتیی نێوان ئازادی و یەکسانیی دەکەن و هەرتکیان بە پاژی خەیاڵی بەرین و درەنگ دۆزراوەی دەزانن، بەڵام یەکسانی و تێکەڵ کردنی لەگەڵ ئازادی یەکێک گرینگترین باسە کێشە خوڵقێنەکانی دیموکراسی بوون.

زۆر کەس لەسەر یەکنەگرتن و ئاوێتەنەبوونی ئەم دووە جەختیان کردۆتەوە. لیبراڵ دیموکراتیکەکان زیاتر لەسەر ئازادی سوورن و مارکسیست و لایەنگرانی دیموکراسی کۆمەڵایەتیش زیاتر یەکسانییان پێ لەسەرترە. سوسیاڵ دیموکراتەکانیش هەوڵ دەدەن ڕادەو ڕێژەی نێوانیان بپارێزن. دوایی ئەم باسە گشتییە لە بەشەکانی دوایی دا سێ چەشنی دیموکراسی دەخەینە بەرباس و شرۆڤە.

### ١ـ٣ـ٢ کۆمەڵگەی مەدەنی

تا سەدەی هەژدەیەم چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە واتای کۆمەڵگەی سیاسی (کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو کە لەژێر ئۆتۆریتەی دەوڵەتێک دا بەڕێوە دەچێ) بەکار دەهات، بەڵام بە واتا مودێرنەکەی زیاتر دامەزراو، ڕێکخستن، ئەنجومەن و گرووپە تایبەتی و ناحکوومییەکان دەگرێتەوە. هێگل کۆمەڵگەی مەدەنی وەک کۆمەڵگەیەک لە بەرانبەر (حد وسط) دەوڵەت و بنەماڵەدا دەنێ. بەگشتی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێکخراو، هۆکارو،یاساو ڕێسای ستراتیژیکی مۆدێرن کە لە بیاڤی گشتی کۆمەڵگەدا پێک دێن. ئەو ئەنجومەن و دامەزراوانە سەر بە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی نین. بەڵام دەورێکی بەرچاو و دیاریکەریان لە بیچم گرتنی دەسەڵاتی سیاسی دا هەیە.

ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیی و پێوەرەکانی، بۆ مانەوەی دیموکراسی خاوەن گرینگییەکی بەرچاون. لەم پێناوەدا لە لایەکەوە دەتوانین ئاماژە بە مافە سیاسی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لە لایەکیشەوە ئاماژە بە بوونی چالاکیی ئەنجوومەن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین. ئەگەر ئەو دوو تەوەرە لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی دا پەرەپێبدەین و ئەکتیڤ بکرێن، هەلومەرجی پەرێنەوە بۆ دیموکراسی تەیار دەکەن. (بشیریە، ١٣٨٧ ـ الف: ١٤) لە ئەندێشە سیاسییەکانی ئەفلاتوون دا کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە. (افلاطون، ١٣٦٤: ٤٢١) لە ڕوانگەی ئەرەستۆوە کۆمەڵگەی مەدەنی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دەوڵەت نییە. هابز لە «لویاتان» دا باس لە کۆمەڵگەیەک دەکا کە لەسەر بنەمای بیاڤە ئازادەکان و لەسەر تەوەری چالاکییە ئابووری ـ کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان هاووڵاتیی و دەوڵەت دا دامەزراوە. ئەگەرچی هابز باس لە لەسەرتر بوونی فەرمانڕەوایان دەکا بەڵام جان لاک ڕاست بە پێچەوانەی بیری هابز لەسەر ڕەزایەتیی گشتی، ڕێککەوتنی خەڵکی و جیاکردنەوەی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا دەدوێ. ڕۆسۆ تا ڕادەیەک لە نێوەرۆکی مودێرنی کۆمەڵگەی مەدەنیی نزیک بۆتەوە. بە بڕوای وی کۆمەڵگەی مەدەنی هێمای ئازایەتیی سیاسییە و، بە مەبەستی پاراستنی ئازادییە تاکەکەسییەکان لە بەرانبەر دەسەڵات دا قانوونمەند کراوە. هێگلیش پێی وایە جۆرە ڕێکخستنی سەربەخۆیە لە مابەینی دەوڵەت و خەڵک دا بە مەبەستی کەم کردنەوەی دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروباری گشتی دا. کارل مارکس لە کۆمەڵگەی مەدەنی سەردەمی سەرمایەداری بەشک بوو، ئانتۆنیو گرامشی کۆمەڵگەی مەدەنی بە سنووری پێکهاتنی دەسەڵاتی هێژمونی هزری چینی فەرمانڕەوا دەزانی. بە بڕوای سیتیوارت میل کۆمەڵگەی مەدەنی ئەگەر بتوانێ بیر بکاتەوە باشە. (قراگوزلو، ١٣٨٥: ٦٧)

هاووڵاتیی کۆمەڵگە مەدەنی، بەرپرسیار، خاوەن ڕوانگە، داهێنەرو وەڵامدەری کردەوەی خۆیەتی. وشیارو ئازادە، ئەگەرچی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا پێڕەوی بارودۆخێکی دیاریکراوی داسەپاوی کۆمەڵایەتین. کەواتە تاکی ئازادو خاوەن ئیرادەی ئەکتیڤ و مێشکی داهێنەر، بەرهەمهێنەری ئیدەی نوێ و چالاکە کە لە پانتایی گشتی کۆمەڵگەدا سەروکاری لەگەڵ پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. ئابووری بازار، ڕاگەیەنە گشتییە سەربەخۆکان، بوونی ئەو تۆرە دروست و بە بڕەوانەی ڕێکخراوە خۆرسکەکان کە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی دا وەک هێندێک لە ئاکامەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاکن بۆ پتەوکردن و سەقامگیری دیموکراسی خاوەن پێگەیەکی گرینگن. (بیتهام، ١٣٨٤: ١٣٦)

کۆمەڵگەی مەدەنی سنووری لێک جیای ئەو بۆنەو چالاکییە مرۆییانە نیشان دەدا کە نەک هەر لە گۆڕەپانی گشتی و تایبەتی دا ڕەنگە هاوکات هەرتکیان لە دەوڵەت جودا بن. ئەو سنوورە نەتەنیا وێنای ڕەوتێکی تەواوی کردەوە کۆمەڵایەتییەکانی دوو لایەنەی جیا لە سنووری تایبەتی بنەماڵە یان سنووری گشتی دەوڵەت، بەڵکوو بە شێوەیەکی دیاریکراو تۆرێک لە پێوەندییە تایبەتەکانی ئابووری، سنووری بازار، بیاڤی بەرهەمهێنان، دابەشین و ئاڵوێر دەگرێتەوە. (سینزود، ١٣٨٦: ٢٨٢) پێگەو ڕۆڵی هاووڵاتیی ئازاد لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دامەزراو لەسەر ئەندێشەی لیبراڵیستی لە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆدا خاوەن گرینگییەکی تایبەتە. بیروبۆچوونەکانی کانت لەم بارەوە ڕێنیشاندەرن. ڕوانگەی کانت لەبارەی نێوەرۆکی «هاووڵاتیی» تەنانەت بەر لە پێکهاتنی کۆمەڵگە مەدەنییەکان و دەرکەوتنی هاووڵاتیی لە چوارچێوەی «مرۆڤی مەدەنی»دا دەلاقەگەلێکی دیکە بەرەورووی چەمکی دیموکراسی و ئازادی دەکاتەوە.

کانت وێڕای ئەوەی سێ کەسایەتیی چالاکی بۆ مرۆڤ لەبەر چاو دەگرت، سێ ڕووماش بۆ مرۆڤی هاووڵاتیی دەنەخشێنێ.

**١)ئازادیی قانوونی:** هاووڵاتیی دەست لە هیچ قانوونێک وەرنادا، مەگەر ئەو قانوونەی خۆی ڕەزایەتی لەسەر بووبێ.

**٢)یەکسانی مەدەنی:** هاووڵاتیی لە کۆمەڵگەدا کەس وەک بوونەوەرێکی لەسەرتر بە فەرمی ناناسێ، مەگەر کاتێک کەسێک لەباری ئەخلاقییەوە شایان بێ.

**٣)سەربەخۆیی مەدەنی:** ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیی پێویستی بە ئیرادەی داسەپاوی هیچ کەس و بەرپرس نییە، بەڵکوو هاووڵاتیی پشتی بە سەربەخۆیی مەدەنی و ماف و توانایییەکانی خۆی وەک ئەندامێک لە کۆمەڵگەی هاوقازانج ئەستوورە. هاووڵاتیی چونکی خاوەن کەسایەتیی مەدەنییە، کەس وەک سەرپەرشتیار لە کاروبارە حقوقییەکان قبووڵ ناکا. (محمودی، ١٣٨٣: ٢٤ـ٢٨)

هێندێک لە نووسەران لە باس لەسەر بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دیموکراسی، بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز بە مەرجی بنەڕەتی مانەوەو سەقامگیری دیموکراسی دەزانن. بە بڕوای هەرەزۆریان، کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێک لە بنەڕەتیترین کۆڵەکەکانی دیموکراسییە. (بشیریە، ١٣٨٧ ـ الف: ٩٣) ئەو شتەی تەنانەت زیاتر لە یاساو ڕێسای هەڵبژاردن بۆ پێشڤەچوون و بەهێزکردنی سیستمی پتەوی دیموکراتیک گرینگە بوونی کۆمەڵگەیەکی بەهێزی مەدەنییە. بە بڕوای لیپست بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێز، تەنانەت لە یاساو ڕێسای هەڵبژاردن بۆ بەرەوپێش بردنی بەهێزی سیستمی خۆڕاگری دیموکراتیک بە بایەخترە. (لیپست، ١٣٨٣: ١٦ـ١٧)

کۆمەڵگەی مەدەنی خۆ ڕادەگرێ کە نەک هەر لە دەسەڵاتی سیاسی سەربەخۆ بێ و خۆی بەڕێوەبەر بێ، بەڵکوو کاریگەری لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتیش هەبێ. بەگشتی دەبێ پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لە نێوان خەڵک و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەک و کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت لە لایەکی دیکەوە هەبێ تاکوو بەستێن بۆ دیموکراسی تەیار بێ. (بشیریە، ١٣٨٧ ـ الف: ٩٣) بیرۆکەی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک بەشێکی جیانەبۆوە لە دیموکراسی، زیاتر بەرهەمی ئەزموونی خەڵک لە سیستمە دیکتاتۆرە فاشیست و کۆمۆنیستییەکانی سەدەی بیستەمە. هەردووک لەم ڕێژیمانە دەیانویست چاودێری و کۆنترۆڵی هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بکەن و بیانخاتە ژێر دەسەڵات و کاریگەری دەوڵەتەوە. (بیتهام، ١٣٨٤: ١٣٧) چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر پەرەنسیپی بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە بیاڤی گشتی دا دامەزراوە. لەم ڕووەوە جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت، ڕێگرێکی سەرەکییە لەبەردەم دروس بوونی توتالیتاریزم دا.

# ئەدەبیات، زانست و دێموکراسی

وریا رەحمانی



حدودی سالّی ٥٣٠ی پێش زایین لە ئاتێن بازاڕێکی ئازادی کتێب کرایەوە. لەم بازاڕە دا هەندێک کتێبی دەستنووسی گەورەی سەر «پاپیرۆس» بۆ فرۆش دانرابوون. سەرەکیترینی ئەو کتێبانە بریتی بوون لە دوو کتێبی گەورەی شێعرەکانی «هۆمەر» بە ناوی «بە پێی وتەکانی «سیسرو» دەبێ نووسینەوەی شێعرەکانی هۆمەر دوای ٥٠٠ سالّی دیکە، لە حاکمی دیکتاتۆری ئەو کاتی ئاتێن واتە «پی سیسرواتۆس» بزانین پی سیستراتۆس لەگەڵ ئەوەیکە لە بواری سیاسەوە سەر کوتکەرێکی زالّم بوو بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە بواری کۆمەڵایەتی و بە تایبەت فەرهەنگییەوە چاکسازێکی خاوەن ڕێز و پڕمایە بوو. یەکێک لە گرینگترینی ئەو کارانەی کە کردی، پێکهێنانی نمایشی درام لە ئاتێن بوو. یانی دامەزرێنەری سەرەکیی ئەو چەمکەی فەرهەنگ و هونەر بوو کە ئێستا پێی دەڵێن «شانۆ». ڕەنگە هەر بۆ خۆشی دەوری یەکەمین بڵاوکەرەوەی دەقەکانی هۆمەری بووبێ. وەکی مێژوو دەیگێڕێتەوە کەرەستەکانی نووسینی دەکڕی و کەسانی خوێندەواریشی بە کرێ دەگرت و نووسین و وێژراوەکانی هۆمەری پێ دەنووسینەوە. پی سیستراتۆس حاکمێکی دەوڵەمەند بوو کە لە ڕۆژانی جەژنە گشتییەکان دا نمایشی شانۆیی و کۆمەڵێک بەرنامەی دیکەی فەرهەنگی و هونەریی بۆ خەڵک ڕێک دەخست.

پاش ماوەیەک، کەسانێکی زۆر لە ئاتێن ڕوویان کردە ئەو بابەتە و کاری نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێبیان دەکرد.

هۆکاری سەرەکیی ئەم کارەش، تامەزرۆیی بێ کۆتاییی خەڵک بۆ بەرهەمەکانی هۆمەر بوو. هەر بۆیەش خوێندنەوەی دەقەکانی هۆمەر فێر دەبون و بە گشتی دەیان خوێندەوە. لە ماوەیەکی کەمخایەن دا بەرهەمەکانی هۆمەر بوون بە کتێبی پیرۆزی ئاتێنیەکان و سەرەکی ترین دەقی فێرکاریی خوێندن و نووسینی خەڵک. هەڵبەت جێی ئاماژە پێ کردنە کە لە ئەنجامی ئەو دۆخە گونجاوەی بڵاوکردنەوەیە دا زۆر زوو بەرهەم گەلێکی دیکەش هاتنە نێو ئەم گۆڕەپانەی بازاڕی ئازادی کتێبەوە. «پۆپەر» گوتەنی پێویستە هەمیشە لە بیرمان بێ کە تا بازاڕێکی بڵاوکردنەوەیی نەبێ، بڵاوکراوەیەکیش بەرهەم نایەت. بۆ ماوەی نزیک بە دوو سەدە ئاتێن تەنیا شوێنێک لە دنیا دابوو کە بازاڕی کتێبی هەبوو. ڕەنگە «کۆرینتوس»و» تێبس» یەکەمین شارانێک بووبن کە زووتر لاسایی و ڕەچاوی ئاتێنیان کردبێ. دیارە بەر لەوەش شاعیرو نووسەرانێکی زۆر هەبوون و شتیشیان نووسیوە، بەڵام ئەدەبیات( کە پێویستی بە بواری بڵاوبوونەوەیە) تەنیا توانیی لەو کاتەی ئاتێن دا بدرەوشێتەوە و خۆی بگرێ. لەوێدا بوو کە بە شێوەیەکی بەرچاوو جیددی نووسەران، مێژوونووسان، بیرمەندانی سیاسی و سیاسەتمەداران، فەیلەسوفان، بیرکاران و زانایانی بەستێنە جۆراوجۆرەکان گەشانەوەی ئەوتۆیان بە خۆیانەوە دیت.

چەمکی هاوبەشی هەموو ئەو کەسانەو بەرهەمەکانیان نووسین و بڵاوکردنەوە بوو کە لە دۆخی تایبەتی کاریگەریی بازاڕی ئازادی کتێب دا لە ئاتێن یەکیان دەگرتەوە کە خۆی ڕیشەی لە ئەدەبیات و هونەر دا هەبوو.

لە ڕاستیدا کۆمەڵێکی بەرچاو لەو کەسانە خودی خەڵکی ئاتێن نەبون کەچی هەلومەرجی تایبەتیی ئەم شارە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگرانە سەرنجی ڕاکێشا بوون، لەوێدا گیرسابوونەوە. لەنێو ئەو وێژەوان و نووسەرە بیانیانەی کە ڕوویان کردە ئاتێن و بەرهەمەکانیان لەوێدا بڵاوکردەوە، دەتوانین ئاماژە بە زانا و مێژوونووسی گەورە «ئاناکسا گۆراس» و هاوچەرخە کەم تەمەنترەکەی «هیرۆدۆت» بکەین کە هەردووکیان پەنابەرانی سیاسیی دەرکراو لە ئاسیای بچووکەوە بوون.

«فۆکۆ» دەڵێ لەوانەیە هیرۆدۆت کتێبە مێژووییە درێژەکەی خۆی بە تەمای بڵاوکردنەوە نەنووسیبێ بەڵام ئاناکساۆراس بە دڵنیاییەوە دەقە مێژووییە (کورت تر) و سرووشتییەکەی هەر بەو مەبەستە نووسیوە. گرینگیی مەسەلەکە لەوەدایە کە لە ڕاستیدا ئەو کات هیچیان نەیاندەزانی بڵاوکردنەوە دەتوانێ چ کاریگەریەکی بەنرخ و بێ وێنەی هەبێ. پڕ دیارە کە چالاکیی بڵاوکردنەوە لەو سەردەمە دا ساوا بوو و کەس نەیدەتوانی لە زەینیشی دا بیگونجێنێ کاریگەریی ئەو ڕەوتە چەندە بەرفراوان و مێژوویی و شوێن دانەر دەبێ.

«پۆپەر» دەڵێ سەرنج ڕاکێشی زێدەی فەرهەنگی ئاتێن پتر لە بەر پێکهاتنی بازاڕی کتێب بوو، و هەر ئەوەش بوو بە هۆی وەدیهاتنی دێموکراسی لەوێ.

ڕەنگە زۆر سەلمێنەر نەبێ بڵێین کە لابردن و دەرکردنی «دێموکراسی خەڵک سالارانەی ئاتێن لەودەم دا ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە داهێنانی بازاڕی کتێبەوە هەبێ، کەچی زۆرشتیش ئەم گریمانەیە بەهێزتر دەکەن. کارکردی هونەری خوێندنەوەو نووسین ( کە زۆر زوو لە شار دا پەرەی ئەستاند) و خۆشەویستی گشتی بۆ هۆمەر و نوسەران و شاعیران و شانۆکاران و شێوەکاران و پەیکەر تاشانی گەورەی ئاتێنی و بەر جەستە بوونەوەی ئەندێشەی تازە و ڕووناکبیریی سەردەم بە گشتی، گەشەی حەقیقەتە بنەماییەکانی مێژوویەکن کە بە دڵنیاییەوە لە ژێر سێبەری کاریگەریی بازاڕی کتێب دا دروست بوون. بە هەر حاڵ شایانی باسە کە دروستبوونی کەرەستەی چاپی گۆتێنبێرگ لە سەدەی پازدەی زایینی و گەشەی بەرین و بەرفراوانی بازاڕی کتێب لە ئەوروپا دا، شۆڕشی فەرهەنگیی بە شێوەیەکی بێ وێنە بڵاوەتر کردەوە. شۆڕشێک کە بە ناوی «هیۆمانیزم» سەری هەڵدا و وێرای بەخشینی گیانێکی نوێ بە ئەدەبیاتی کۆن، گشت زانست و هونەرەکان بەرفراوانتر بوونەوەو دەرەنجام زانستی سرووشتیی نوێ لە دایک بوو.

بۆ وێنەو وەک بەڵگەش لە درێژەی ئەم ڕەوتە و لە ئەنجامی ئەو کرانەوە فەرهەنگییە دا لە بریتانیا بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی دوو شۆڕشی کاریگەری لێ کەوتەوە، شۆڕشی خوێنینی ١٦٤٨-٤٩ و شۆڕشی ئاشتی خوازانەی ١٦٨٨ کە بە دوای دا پارلمانی ئەو وڵاتە پرۆسەی بەرەو پێشی خۆی بەرەو دێموکراسی دەست پێکرد. لێرەدا، ئیتر، پەیوەندیی گەشەی کتێب لەگەڵ دێموکراسی و ئازادی و خەڵک سالاری زیاتر دەرکەوت و ڕوونتر بۆوە.

**سەرچاوەکان:**

هنر و فلسفه در عصر تراژیک یونان باستان/ فردریش نیچه

جامعەی باز ودشمنان آن/ کارل پوپر

این یک چیق نیست!/ میشل فوکو

## چەمەڕای هەڵچوونێکە

## خاک

لە بزەتدا لەنجە دەنوێنی گوڵی گەنم
نەرەوتی ملۆدی با دەزانی
نەگارەگاری وەرزی بەسەرچوون دەناسی
نازانم چۆنت بدوێنم
لە خەوی کرێشەیی کراسەکەت دا
خاک
چەمەڕای هەڵچوونێکە _ وەک پتی خوێن
نە زمانی برسێتی ئەزانی و
نە ڕێنووسی شەتاو
نازانم چۆنت ڕاژێنم
نازانم نا!
... ئاسمانی چی؟!
تۆ ڕێکەوت هەڵیگرتووی
تا لە ڕکەی چاوە ڕەشەکانی خۆتا
هەر هەڵفڕین و کچێنی خۆت لە تەنیاییت بهاڵێنی
یەقینی چی؟!
گومان کۆماری دیکتاتۆری لەدایکبوونی تۆیە
هیچ...
هیچ کڵاو کووڕەیەک
لە جوغرافیای شێت و شووری قژت دا
هێلانەیەک شک نابا
هەرگیزاو هەرگیز.
ئاااای
ئەمە سەرەتای یان کۆتایی
ئەوە ئاوزینگدانی ساڵی گەنمە یان
عەشقێنی دووکەڵی سەردەم
تۆ
چەندە
شێوەی نهێنی ئەدەی!!

ڕەسوڵ سۆفی سولتانی _ رامان

# هەڵپەڕکێ نەریتێکی کوردەواری

بەشی دووهەم

عەبدوڵڵا سادقی



تاوەکوو ئێستا روون نەبۆتەوە کە کام یەک لە سێ هونەری شێعر، موسیقی و هەڵپەڕکێ لە سەرەتاوە سەریان هەڵداوە. بەڵام ئاشکرایە کە ئەم سێ هونەرە بەردەوام تەواوکەرو تێکەڵی یەکتر بوون و لە هەر کات و ساتێکدا یەکیان بوونی هەبووبێ بە دڵنیاییەوە ئەوانی دیکەش هاوکات لە تەنیشتی دابوون.

شایی و هەڵپەڕکێ جۆرە دەربڕینێکی خۆشییە، هونراوەی ئەم گۆرانیانەش هەموویان فۆلکلۆرین و بە پێی ناوچە و شوێن و جۆری شاییەکە دەگۆڕێ و ئەگەر لێکۆڵەران و ئەدیبانی کورد زوو فریایان نەکەون دەفەوتێن و لە کیسمان دەچن، نەتەوەی کورد لە فۆلکلۆر دا ئێجگار دەوڵەمەندترە بە تایبەتی هۆنراوەی هەڵپەڕکێش کە یەکێکە لە کۆنترین و ڕەسەنترین هونەر و فۆلکلۆرەکانی کوردە کە دەبێ بۆ پاراستنی هەوڵ بدەین.

پێشینانی ئێمە ئەم سامانە گشتییەیان لە چەند هەزار ساڵ پێشەوە تا ئێستا بۆ ئێمە ڕاگرتووە، نەیان هێشتووە کە بفەوتێ بەڵام ئەگەر پشت گوێی بخەین زۆر ناخایەنێ کە تۆویان دەبڕێتەوە ئەگەرچی ئێستاش زۆریانمان لێ ون بووە.

لە بەر ئەوەی نەنووسراونەتەوە و زۆریان تا ئێستا لە سنگی پیرە شایەرو پیرە مێردەکانماندا ماونەتەوە دەبێ هەرچی زووتر فریایان بکەوین باشترە تاوەکوو لە کۆکردنەوەیان دوا بکەوین. ماندوو بوونێکی زۆری دەوێ تاکوو نەهێڵین پیرەکانمان لەگەڵ خۆیان بیبەنە ژێر خاک.

هەڵپەڕکێ بە هۆی فاکتۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی، دووری و نزیکی تەنانەت تێکەڵاو بوون لەگەڵ زۆر هۆکاری دیکە لە هەرێم و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ئاڵوگۆڕی بە سەر داهاتووە. لە بەشێک ناوچە هێندێ هەڵپەڕکێی تایبەتی هەیە کە لە بەشەکانی دیکە بەرچاو ناکەون و نین.

نەتەوەی کورد وەک زۆر نەتەوەی دیکەی جیهان هەر لە سەرەتاوە شێعرو گۆرانی و هەڵپەڕکێ بەشێک لە ژیانی بووە بە جۆرێ کە سەرەڕای شەڕو ماڵوێرانیی بێ پسانەوە کە بە درێژایی مێژوو بەرۆکی گرتووە، نەک هیچ کات ئامادە نەبووە مل بۆ فەرهەنگی ماتەم و شیوەن ڕابکێشێ بەڵکوو هەر دەرفەتێکی بۆ ڕەخساوە دەستی داوەتە گۆڤەندو زەماندو شایی و هەڵپەڕکێ بێجگە لە زەماوەند کە بە بۆنەی دەست پێ کردنی ژیانی هاوبەشی کچ و کوڕ یا ژن و پیاوێکەوە بەڕێوە دەچێ.

کۆمەڵگەی کوردی ئێمە لە بناخەڕا خاوەنی یەکیەتییەکی فەرەنگی نەتەوەیی و بنچینەدارەو بێ شک لەنێو ئەو فەرهەنگە جۆراوجۆرانەی کە لەم دنیا بێ سنوورە دا هەیە، فەرهەنگی ناوچە کورد نشینەکان خاوەنی مێژووییەکی دێرین و پێگەیەکی زۆر بەرچاون. بە واتایەکی دیکە

لەو فەرهەنگانەیە کە ڕیشەیان لە قووڵایی مێژوودایە.

فەرهەنگی ئەو ناوچانە خاوەن جێگەیەکی تایبەتین و هەر بەم بۆنەوە دەبێ سەرنجێکی زۆرتریان پێ بدرێ. چونکە لە هەر کۆمەڵگەیەک دا ئەگەر ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە نەزانن کێ بوون و لە پێشینەی مێژوویی خۆیان ئاگادار نەبن، خاترجەم ناشارەزایان لە میللەتی خۆیان.

ئەم گەڕانەوە سەرخۆیە و ئەم گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتییەکان هۆی دەستەبەربوون و مانەوەو بەردەوام بوونی ئەو میراتەی کۆمەڵگەیە.

پێداچوونەوە بە هونەرە فۆلکلۆرو سوونەتیەکانی ناوچەیەک لە جێگرتنی ئەو ناوچەیە دا زۆر گرینگە.

هونەرە فۆلکلۆرو خۆماڵییەکان بە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی و باوەڕ و پێوەندی نەتەوەیی و ئایینی، مێژووی زەینی و مادی دێنێتە ئاراوە و وا دەرکەوتووە یەکەم شوێنەواری مرۆڤی سەرەتایی کە بە وتەی ئیمڕۆیی مرۆڤی کەرەستەچێکەر و مرۆڤێک کە شیاوی نرخگەلی بەرهەم هینان و ئافراندن بووە. هەر نەبێ لە چەندهەزار ساڵ پێش لە ناوچەی زاگرۆس و کوردستاندا بە درووستی هەستی پێکراوەو ئەم شوێنەوارە ئێستا ڕازێنەرەوەی مووزەکانی ئێران و جیهانن. هونەری فۆلکلۆری کوردەکان شتێک نیە جگە لە کەرەستە چێکراوەکان و هۆنینەوەکان و پەروەردەی جۆراوجۆرو هەمەچەشنە، کە لە ڕەوتی زەماوەنددا وەک کەرەستە هۆگەلێک بۆ تێپەڕکردن و بژێوی ژیان هاتونەتە ئاراوە و هەر لەو کاتەدا تەواوکەری کارو ژیانی مرۆڤ بوونەو بێ ئەوەی بۆخۆیان بزانن ڕەسەنترین و پاکژترین بیرو باوەڕی خەڵکیشیان لەخۆیاندا جێ کردۆتەوە.

سروود و گۆرانیی ئەو کاتە و پەند و مەسەلەکان لە لایەک و لەلایەکی دیکەوە هونەرە تاکەکەسی و گشتییەکان و سەنعەتی دەستی و نەخشییەکانی هەمەچەشنەو بێ ئەژمار و نەخشێندراو لەسەر شتە هەلکەنراوەکان و پەیکەرە تاشراوەکانی ناوچە کوردنشینەکان بە نیشانەی دەرخستنی جەوهەری ڕۆحی فەرهەنگ و ڕەنگدانەوەی بیر و باوەڕو پەند و ئاواتەکەمان و هەروەها داب و نەریت و ڕوانگەکانی ئەوانە.

خەڵکێک کە لە گێرەو کێشەی مێژوو و هەوراز و نشێوی زمانی و دەنگ و ڕەنگی خۆیانەوە مێژووی فەرهەنگی زەینی خۆیان تۆمار کردووە.

(کوردەکان نەتەوەیەکی کۆن و ئارییین).

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 541 22 August 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆری جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268
تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لە ماڵاوایی

# بە یادی شەهیدانی تازەی مانگی گەلاوێژ

قادر وریا

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی و گەلی کورد بە گشتی، مێژوویەکی پڕ لە قوربانیدانیان هەیە. رۆژێک لەساڵ دا نیە کە چەندین تێکۆشەری دێموکرات و خەباتگێری کورد، گیانیان تێدا بەخت نەکردبێ.بۆهەر ڕۆژێک قامکی لەسەر دابنێی، دەبینین ساڵڤەگەر و بیرەوەری چەندین ڕۆڵەی فیداکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کوردە. هەموو شەهیدەکان و هەموو ڕۆژەکان بەم بۆنەیەوە کە بەڵگە و سەلمێنەری گیانبازی ڕۆڵە بەبەبڕوا و بەوەفاکانی گەلی کورد لە پێناو خاک و نیشتمانیان دان! جێگای ڕێزن. سەرەڕای ئەم ڕاستییەش هەندێک قۆناغ گرینگی زیاتریان هەیە و فیداکاری و خۆبەختکردن لەم جۆرە قۆناغانەدا پتر جێگای بایەخن.

شەهیدانی قۆناغی نوێی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو دەستە شەهیدانەن کە مەرگیان لەگەڵ هەموو داخ و کەسەرێدا کە خستییە هەناوی کۆمەڵی کوردەواری، دڕدان بەتاریکی و جاڕدانی سەرهەڵدانەوەی ئیرادەی بەرگریخوازی و وەستانەوە لەڕوی دوژمنانی ئازادی و سەبەرزیی گەلی کورد لە قوڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو. دوای ماوەیەکی دوور و درێژ دیار نەبوونی کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە نێو شیو و دۆڵ و بەرزایی ناوچەکانی کوردستاندا پاش چەندین ساڵ دەرنەکەوتنی دیمانەی تێکۆشەری چەک لە شان و پێشمەرگەی گیان لەسەردەستی دێموکرات لە نێو چەقی گوندەکان و لە ڕێگا و ڕێبازەکانی نیشتماندا، گەشت و گەڕانی یەک بەدوای یەکی تیمە بەهەیبەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدوای کۆنگرەی چوادەیەمی حیزبدا، هیوایەکی نوێی خستە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە.

لە ساڵەکانی ١٣٨٧ و ١٣٨٨دا، چەندین دەستەی پێشمەرگەی دێموکرات، لە ناوەند و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەواڵی بووژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مزگێنی دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە تێکۆشانی ئەم حیزبەیان بە گوێی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاند. پێشەنگی ئەوتیمانە، تیمێک لە تێکۆشەرانی بەوەجی حیزب بوو کە فەرماندەی قارەمان، هەمزە سارتکەیی فەرماندەیی دەکردن. ئەم دەستە پێشمەرگەیە بوون کە سەرەڕای هێز کۆکردنەوەی دام و دەزگای سەرکوتکەری ڕێژیم و بەسیجی بەکرێگیراوان و سیخوڕانیان، لە ناوچەکانی ڕەبەت و سەردەشت و ناوچەکانی دەوروبەردا، بە حوزووری خۆیان و حەوانەوەیان لە باوەشی پڕخۆشەویستی خەڵکی پێشمەرگەپەروەر و دێمۆکراتدۆستدا، هیوایان لەدڵی گەلەکەیان دا ڕواند و هێمنی و ئاسوودەییان لە سەرکوتکەرانی تینوو بە خوێنی کورد تاراند. لە کۆتایی گەشتی ئەم دەستەیە لە تێکۆشەرانی سیاسی و پارتیزانانی دێموکراتدا بوو کە پیلانی دوژمن بۆ لەداو خستنیان سەرکەوت و لە بۆسەیەکدا لە ڕۆژی ٢٣ گەلاوێژی ٨٧ لە دۆڵی گردێنەی ناوچەی سەردەشت بۆیان دانرابۆوە، فەرماندەی قارەمان هەمزە سارتکەیی و هاوڕێیان قادر نەزمی و قادر قادری شەهید بوون.

ساڵێک دواتر لە کۆتاییەکانی گەلاوێژدا لە درێژەی کار و تێکۆشانی ڕۆڵە بەبیر و باوەڕەکانی دێموکرات لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تیمێکی دوو کەسی لە کادرەکانی حیزب پێکهاتوو لە هاوڕێیان بێهروز ڕەزانەژاد و محەممەد نەدیمی، لە سێڕای «مازیبەن» لە ناوچەی مەریوان کەوتنە نێو کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید بوون.

مەرگی ئەو دوو دەستەیە لە تێکۆشەرانی دێموکرات، ئەگەرچی خەسارێکی تاڵ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، بەڵام شەپۆلێک لە ڕق و نەفرەت لە کۆماری ئیسلامی و هاوپێوەندییەکی بەرینی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو گەلەکەمانی پێک هێنا.

هەر لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ٨٨دابوو کە پۆلیک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکەمیان لە کامیاران و دووهەمیان لە ناوچەی سەقز، لە لایەن هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گەمارۆ دران دوای خۆڕاگرییەکی خوێناوی شەهید بوون.

لە بیرەوەری شەهید بوونی ئەم چەند پۆلە لە ڕۆڵەکانی نیشتماندا کە بە ڕێکەوت هەموویان لە مانگی گەلاوێژ دا گیانیان بەخت کرد، بە ڕێزەوە یادیان دەکەینەوە و دڵنیایان دەکەین کە هاوسەنگەران و هاوباوەڕانیان و ڕۆڵی پێشەنگانەی ئەوان لە شڵەقاندنی گۆمی ئاسودەیی دوژمنان و زیندووکردنەوەی دیمەنەکانی ئاوێتە بوونی خەڵک و پێشمەرگە لە بیر ناکەن و خەبات تا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان درێژە دەدەن.

# شەجەریان بوو بە بەشێک لە «فتنە»!



تەرەقی، ئەندامی شوورای ناوەندی حیزبی (موتلفە) لەسەر شەجەریان گۆرانی و مەقامبێژی ناوداری ئێران دەڵێ: «شەجەریان لە رەوتی فیتنەی ئەم دواییانەدا ڕێگەی خۆی لە خەڵکی ئێران جیا کردۆتەوەو، کەواتە نابێ دەنگی لە راگەیەنە نەتەوەییەکانی ئێراندا بڵاو بکرێتەوە چونکی بڵاو بوونەوەی دەنگ و رەنگی شەجەریان ویستی دوژمنانی شۆڕشە.

شەجەریان دوای هەڵبژاردن و ئاڵۆزییەکانی دوای هەڵبژاردن، راشکاوانە وتی ئەو تەنیا بۆ «پووش و پەلاش»گۆرانی دەڵێ: ئەو ناوەی ئەحمەدی نیژاد بۆ نارزاییانی دوای هەڵبژاردنی دانابوو.

هەروەها ناوبراو لە دوایین وتووێژی چاپەمەنی خۆی دا لەگەڵ تیڤی ئوستراليا وتی: زۆر خۆشحاڵم لەگەڵ خەڵکێک دەژیم کە هاوفکرین، خۆشم دەوێن و خۆشیان دەوێم. سەرکۆماری داسەپاو سووکایەتی بە خەڵک کردو وتی: ئەو نارازییانە پووش و پەڵاشن. دەی جا منیش بەشێکم لەو پووش و پەڵاشە و دەنگی من هەر بۆوان باشەو ئیزن نادەم رادیوو تیڤی دەوڵەت دەنگم بلاو بکەنەوە.

پێویستە بوترێ، شەجەریان بە بۆنەی ما نگی رەمەزان گۆرانیی «رەبەننای» کە پێشتر وتبوو، وتەوە و زۆر بە گەرمی لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکرا.

# کۆچی دوایی پەیکەرتاشی ناسراوی کورد «نیعمەتوڵلا مەحموودی»

«نیعمەتوڵلا مەحموودی» دارتاش و پەیکەرسازی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بە «پیاوی هونەر و ئەخلاق» ناسرابوو، هەروەها سیمای هەرمانی ئرووسی وڵاتی ئێران بوو لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی لە شاری سنە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.



نیعمەتوڵلا مەحموودی ساڵی ١٩٥٩ لە شاری سنە هاتۆتە دنیاو هەر لە تەمەنی منداڵییەوە هۆگری بە کار کردن لەسەر دار پەیدا کردو دەستی بەکاری دارتاشی کرد.

دوای ساڵانێکی زۆر هەوڵدان بۆ فێربوونی هونەری دارتاش و پەیکەرسازی بە هۆگرییەکی تایبەت و تامەزرۆییەکی زۆرەوە توانی هونەری دارتاشی و پەیکەرسازی لە ئاستێکی زۆر بەرزدا فێر ببێت و شارەزایی تەواوی لەو بوارەدا بەدەستهێنا.

لە ناوەندی زانستیی کاربوردی پیشە دەستییەکانی پارێزگای کوردستان خەریکی وانە گوتنەوە بوو، چەندین قوتابی لە بواری هونەری دارتاشی پەیکەرسازی پێ گەیاند.

لە ماوەی ساڵانی رابردوودا نیعمەتوڵلا مەحموودی لە چەندین شوێنی گرینگی شاری سنە لە بواری هونەری پەیکەرسازی کاری کرد، لەوانە چاککردنەوە و بووژاندنەوەی پەیکەرە دارینەکانی مۆزەخانەی شاری سنە کە پەیکەری مۆزەخانەی سنە یەکێکە لە نموونە هەرە بێ وێنە و جوانەکانی هونەری پەیکەرسازی و دەستکرد و بەرهەمی مامۆستایانی خەڵکی شاری سنەیە.

دارتاشیی و پەیکەرسازی لێهاتووی کورد «نیعمەتوڵلا مەحموودی»، لەو بڕوایە دابوو کە کاری مامۆستایە بووژاندنەوە و دابینکردنی پردێکە لە نێوان رابردووان و داهاتوواندا.

بەشێک لە گرینگترین کارو چالاکییەکانی «نیعمەتوڵلا مەحموودی» لە بواری هونەری دارتاشی و پەیکەرسازیدا، بریتین لە: بووژاندنەوەی پەیکەرە دارینەکانی مۆزەخانەی شاری سنە، دەروازەی مزگەوتی جامیعەی شاری سنە، بوژاندنەوە و سەرلە نوێ سازکردنەوەی دەرگا و پەنجەرەو میچی مۆزەخانەی خەڵکناسی ماڵی کورد لە شاری سنە، دروستکردنی دەرگای هاتنە ژوورەوەی یەکێک لە ناودارانی کورد لە هەرێمی کوردستان «قادر کەرەم» و شێخ حەسەن بەرزەنجی»، بووژاندنەوی ماڵی وەکیل لە شاری سنە، بووژاندنەوە و سەرلەنوێ سازکردنەوەی دەرگا و پەنجەرەی بینای خەسرەوئاوا لە شاری سنە.

# بەڕێوەچوونی کۆڕێکی شێعری بە بۆنەی ٢٥ گەلاوێژ

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێشوازیی ٢٥ی گەلاوێژ، شەست و پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئێوارە شێعرێکی لە یەکێک لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزب دا بەڕێوە برد.

لەو کۆڕە شێعرەدا کە ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە، ٢١ ی گەلاوێژ لە ژێر ناوی « ئەی تیشکی گەلاوێژی مەزن، گەرم و بەتینی» و، بە بەشداریی دەیان کەس لە هۆگران و لایەنگرانی شێعر بەڕێوە چوو، چەند شاعیرێکی بەهەست و خاوەن خامەی رۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستان بە خوێندنەوەی بەرهەمە شێعرییەکانیان میوانداریی ساتە بێدەنگییەکانی بەشدارانیان کرد.

لەو کۆرە شێعرییەدا مەهدی زریان، خاتوو ناڵە عەبدوڕەحمان، ئەحمەد قادری، جەماڵ نەجاری، وریا رەحمانی و رەسوڵ سوڵتانی هەریەکە و چەند شێعرێکی خۆیان پێشکێشی ئامادە بووان کرد.

# بەیانە فازڵی شاخەوانی کورد بە سەر زنجیرە چیای بەرزی هیمالایا سەرکەوت



بەیانە فازڵی ژنە شاخەوانی کوردی خەڵکی شاری مەهاباد، کە مانگی خەرمانان هاوڕێ لەگەڵ گرووپێکی شاخەوانی بەرەو زنجیرە چیای هیمالایا وەڕێ کەوتبوو، توانی ئەو زنجیرە چیایە ببڕێ و ناوی خۆی وەکوو ژنە شاخەوانی سەرکەوتووی کورد لە نێو ریزی لیستی سەرکەوتوانی ئەو زنجیرە چیا سەرکەشە بە ناوبانگەی جیهان تۆمار بکات.

بەیانەی فازڵی دوای گەڕانەوەی لەم سەفەرە سەرکەوتوە وەرزشیە بۆ شاری مەهاباد، لە لایەن دانیشتوانی ئەو شارە و ئەویندارانی و لایەنگرانی رشتەی وەرزشی شاخەوانی زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ کراو ئەو سەرکەوتنەی بووە مایەی خۆشحاڵی و شانازی هەموو لایەک.

شایانی باسە کە بەیانە فازڵی ئەندامی گرووپی شاخەوانی ئەورازە لە شاری مەهاباد و ماوەی هەشت ساڵە کە لەم رشتە وەرزشیەدا چالاکە.





# چاپکراوی نوێ





گۆڤاری k٢١، کە گۆڤارێکی کلتووری ـ زانستی ـ مێژوویی ـ بەڵگەنامەیی، نەتەوەیی ـ وەرزیی ئازادە، چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەم ژمارەیەی گۆڤاری k٢١ کە لە توێی ٤٠٠ لاپەرەدا بڵاو کراوەتەوە، چەندین بابەتی بەپێزو بەهێز لەخۆ دەگرێ کە لە سەر کەسایەتیی هێندێک گەورەپیاوی مێژووی کورد وەک د.عبدلڕحمان قاسملوو و چەند شاعیرو نووسەری دیکە کورد و هەروەها لەسەر زمان و بەرهەمەکانی لازارتیڤ و چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی دیکە لەخۆ دەگرێ.





کتێبی «ئاسایشی نەتەوەیی و سیستمی نێونەتەوەیی» کە بەرهەمی د. جەلیل رەوشەندلە، لە لایەن مێهدی مێهرپەروەرەوە کراوە بە کوردی.

ئەم کتێبە کە لە توێی ٢٥٠ لاپەرەدا لە لایەن دەزگای وەرگێرانەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە لە حەوت بەشی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەیی، بەرژەوەندیی نەتەوەیی، پێکهاتەی دەسەڵاتی نەتەوەیی، رۆڵ و کرداری دەسەڵاتی نەتەوەیی، سیستمی نێونەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی، هۆکارەکانی هەڕەشەکەری ئاسایشی نەتەوەیی و گۆڕانکارییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی پێک هاتوە.